# جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ

تویژینەوەیەکی مێژوویی و بەراوردکارییە

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

**چاپی یەکەم ٢٠١٨**




| ناسنامەی کتێب |
| --- |
| ناوی کتێب: جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: بەراوردکاری و مێژوویی و دیکۆمێنتاری |
| تایپ: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هەڵەچنین: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – چاپی یەکەم – تیراژ: ١٠٠٠ دانە |
| چاپخانەی: سەنگەر |
| لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان– هەرێمی کوردستان – ژمارە سپاردنی ( ٤١٧ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە. |
| شوێنی نووسین: هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| ڕێکەوتی نووسین و ئامادەکردنی: ( ٢٠١٤/٨/٣ تاکۆ ٢٠١٥/٢/١ ) |
| ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

## پێرست

لە جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆدا ________ ٧

# دەروازەی یەکەم
# بەراوردێك لە نێوان جینۆسایدی
# ( دێرسیم و فەیلیەکان و بارزانیەکان و ئەنفال و هەڵەبجە)
# لە گەڵ جینۆسایدی ئێزیدیەکان

**بەشی یەکەم**
جینۆسایدی دێرسیم و جینۆسایدی ئێزیدیەکان ________ ٩
**باسی یەکەم**
جینۆسایدی دێرسیم ________ ١٠
**باسی دووەم**
لە نێوان جینۆسایدی دێرسیم و جینۆسایدی ئێزیدیەکان ________ ١٠
**باسی سێیەم**
تراژیدیای دێرسیم، کیژە ون بووی دێرسیم ________ ١٤
**باسی چوارەم**
تراژیدیای ئێزیدیەکان، ئافرەتێکی رفێندراو و فرۆشراوی ئێزیدی ________ ١٩

**بەشی دووەم**
جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان ________ ٢٠
**باسی یەکەم**
جینۆسایدی فەیلیەکان ________ ٢١
**باسی دووەم**
لە نێوان جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان ________ ٢٢
**باسی سێیەم**
تراژیدیای فەیلی یەکان، لە وڵات دەرکران ________ ٢٥
**باسی چوارەم**
تراژیدیای ئێزیدیەکان، ئاوارەکانی چیای شنگال و نەهامەتییەکانیان ________ ٢٨

**بەشی سێیەم**

جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان ________ ٣٠
**باسی یەکەم**
جینۆسایدی بارزانیەکان ________ ٣١
**باسی دووەم**
لە نێوان جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان دا ________ ٣٣
**باسی سێیەم**
تراژیدیای جینۆسایدی بارزانیەکان، هەمیشە ڕاگواستن و ئاوارەبوون و جینۆسایدکردن ________ ٣٦
**باسی چوارەم**
چیرۆکەکانی شنگال تاوانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی دەردەخات ________ ٤٦

**بەشی چوارەم**
ئەنفالی کورد و کوردستان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان ________ ٥٠
**باسی یەکەم**
ئەنفالی کورد و کوردستان ________ ٥١
**باسی دووەم**
لە نێوان ئەنفال و جینۆسایدی ئێزیدیەکاندا ________ ٥٣
**باسی سێیەم**
تراژیدیای ئەنفال، کە گەیشتینە تۆپزاوا وامانزانی هەموو کورد لێرەیە _ ٥٥
**باسی چوارەم**
تراژیدیای ئێزیدیەکان، حەوت ڕۆژ لەسەر چیای شنگال ________ ٦٦

**بەشی پێنجەم**
کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئێزیدیەکان ________ ٧٣
**باسی یەکەم**
کیمیابارانی هەڵەبجە ________ ٧٤
**باسی دووەم**
لە نێوان کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئێزیدیەکان ________ ٧٤
**باسی سێیەم**
تراژیدیای کیمیابارانی هەڵەبجە، کچێکی هەڵەبجەیی ٣ ڕۆژ دوای شەهیدبوونی دایکی، هەر شیری دایکی دەخوات - بۆمباران و کیمیابارانی فڕۆکەکانی بەعس ________ ٧٦

**باسی چوارەم**

تراژیدیای ئێزیدیەکان، هێمای خۆشەویستی چیای شنگال، دوای ٤٥ ڕۆژ ـــ ١٠٧

# دەروازەی دووەم
# ئەنفالی ئێزیدیەکان
# ١٩٨٨

**بەشی شەشەم**
ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان لە دوای لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٨٨ ـــــــ ١٠٩
**باسی یەکەم**
ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان لە دوای لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٨٨ ـــــــ ١١٠
**باسی دووەم**
قەڵا سەربازییەکەی دهۆک زیندانی نزارکێ ـــــــــــــــــ ١١٣

**بەشی حەوتەم**
ئەنفالکردنی گوند و خانەوادەی ئێزیدیەکان ـــــــــــــــــ ١١٥
(١-١)
ئەنفالکردنی کۆمەڵگای خانکێ ـــــــــــــــــ ١١٦
(١-٢)
ئەنفالکردنی کۆمەڵگای شاریا ـــــــــــــــــ ١١٩
(١-٣)
ئەنفالکردنی گوندی ئیسیان ـــــــــــــــــ ١٢١
(١-٤)
ئەنفالکردنی گوندی خەتاری گەورە ـــــــــــــــــ ١٢٢
(١-٥)
ئەنفالکردنی گوندی دوغات ـــــــــــــــــ ١٢٤
(١-٦)
ئەنفالکردنی گوندی بحزانی ـــــــــــــــــ ١٢٨
(١-٧)
ئەنفالکردنی شارۆچکەی بەعشیقە ـــــــــــــــــ ١٣١
(١-٨)
ئەنفالکردنی گوندی بوزان ـــــــــــــــــ ١٣٣

(١-٩)
ئەنفالکردنی گوندی خورزان ________ ١٣٤
(١-١٠)
ئەنفالکردنی گوندی کرساف ________ ١٣٧
(١-١١)
ئەنفالکردنی گوندی داکا ________ ١٣٨
(١-١٢)
ئەنفالکردنی کۆمەڵگای جزیرە ________ ١٤٠
(١-١٣)
ئەنفالکردنی گوندی ملچەپەر ________ ١٤٢
پاشکۆ ________ ١٤٧
ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانێ و سزادانی تاوانی جینۆساید ١٩٤٨/١٢/٩ ___ ١٤٨
جینۆساید لە چاوی وێنەکانی دوێنێ و ئەمڕۆدا ________ ١٥٣
نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان ________ ١٧٠

# لە جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆدا

دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.
دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کلێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).
لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەینە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکوژی و جینۆسایدی کورد و کوردستانیان.
جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی.

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
دەڤەری بارزان / گوندی بازێ

# دەروازەی یەکەم

## بەراوردێك لە نێوان جینۆسایدی
## ( دێرسیم و فەیلیەکان و بارزانیەکان و ئەنفال و هەڵەبجە)
## لە گەڵ جینۆسایدی ئێزیدیەکان

# بەشی یەکەم
# جینۆسایدی دێرسیم
# و
# جینۆسایدی ئێزیدیەکان

## بەشی یەکەم
باسی یەکەم

## جینۆسایدی دێرسیم

بریتییە لە ڕەشە کوژیی و کوشتاری کوردە عەلەوییەکان لە ناوچەی دێرسیم لە باکووری کوردستان، بە دەستی دەوڵەتی تورکیاوە، ئەم کوشتارە لە دوای شۆڕشی سەید ڕەزا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧ هاتە ئاراوە. ئەم کۆمەڵکوژییە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٣٨، بووە هۆی کوژرانی دەیان هەزار کەس لە هاوڵاتیانی شاری دێرسیم.

باسی دووەم
### لە نێوان جینۆسایدی دێرسیم و جینۆسایدی ئێزیدیەکان

| جینۆسایدی دێرسیم | جینۆسایدی ئێزیدیەکان |
|---|---|
| لە نموونەیەکدا بە فەرمانی ئاڵپدۆگان، یەکێک لە ئەشکەوتەکانی کوتوزیکداغ لە دۆڵی ئیسکۆرلا کە ٢٥٠٠ ژن و مناڵ و پیر لە هاوڵاتییە کوردە عەلەوییەکانی شاری دێرسیم پەنایان بۆ بردبوو، سەربازەکان ڕێگاکانی چوونە دەرەوەیان بە دینامیت تەقاندەوە و کەرەستەکانی ئاگر کەرەوەیان بۆ ناو ئەشکەوتەکە هاویشت و لە ئاکامدا سەرجەم هاوڵاتیانی ناو ئەشکەوتەکە بە زیندوویی سووتان و ژێر خاک کران. | سەدان هەزار لە کوردە ئێزیدیەکان لە ترسی چەکدارانی تیرۆرستی داعش پەنایان بو چیای شنگال برد و لە خوارەوەی چیاکەش هەموو ڕێگاکان داخرا بوون و لە ژێر کۆنترۆڵی چەکداران بوو، هەر کەسێک لە شاخەکە بچووبایە خوارەوە دەکوژرا و لە چیاکەش هیچ خواردن و خۆراک و ئاو نەبوو، هەندێک لە خەڵکەکە لە برسان و لە تینوویەتیان گیانیان لە دەستدا، تا ئەو کاتەی لە لایەن فرۆکەکانەوە خواردن و پێداویستیان بو فرێدرایە خوارەوە و دواتر لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ڕێگایەک بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان بۆ باشووری کوردستان کرایەوە. |

سەربازەکە وتی: فەرماندەکانمان وتیان بیانکوژن. فیشەک گرانە، نەچن بە فیشەک بیانکوژن!
بە قسەمان کردن، ئێمەش لە منالّی شەش حەوت ساڵانەوە بگرە تا پیرە پیاوی شێست حەفتا ساڵانمان بە قۆنداخە تفەنگەکان دەکوشت.
فەرماندەکان ئەمجارە وتیان، حەیفە، تفەنگەکان خراپ دەبن! ئێمەش دەستمان دایە گۆپاڵی دار بەڕوو ئەمجارە بە گۆپاڵ ئەوەندەمان لە منالّەکان ئەدا تا دەمردن...!!!

ئەمیرەکانیان وتیان، بیان کوژن بە بێ جیاوازی، بەڵام نەک بە فیشەک، نەک لە بەر ئەوەی فیشەک گرانە، بەڵکو بە چەقۆ سەریان ببڕن و لاشەیان لێ بکەنەوە و دواتر سەریان لە شوێنە گشتیەکان هەڵبواسن و با خەڵک بیبینێت و پەندی لێ وەرگرن، بە بەر چاوی کامیراکان و لە تورە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوی بکەنەوە.

کوردبوون قەدەغەیە و هەرکەس لە تورکی زیاتر، زمانێکی تر بە کار ببات، سزا دەدرێ، هەرچی زووترە دەبێ دێرسیم لە کوردایەتی بشۆرێتەوە

ئێزیدی بوون و کورد بوون قەدەغەیە هەر کەسێ جودا لە بیر و باوەڕی ئەوان بێت و موسڵمان نەبێت، ئەبێ بمرێت و بکوژرێت یاخۆد ببێتە ئیسلام و ئیسلام بوونی خۆی ڕا بگەیەنێت و لە کورد بوون و ئێزیدیبوون بسڕێتەوە.

کچێکی رزگار بووی رەشە کوژیی دێرسیم کە ئەو کات تەمەنی ١٠ساڵان بوو، وتی: کاتێ دەمویست خۆم لە ژێر بەردێکدا حەشار دەم، سەربازێک منی بینی و تەقەی لێ کردم. بۆ لام هات و بە سەرم دا گوڕاندی. لە پێش خۆی دام و بە پاڵ پێوە نان بردمی بۆ ئەو شوێنەی کە منالّەکان و ژنەکانیان لێ کۆ کردبووەوە. هیوادار بووم کە لەوێ بتوانم بنەماڵەکەم بدۆزمەوە، بەڵام هیچ کامیان لەوێ نەبوون، بە سەدان منالّ و ئافرەتی لێ بوو پاشان بردیانین بۆ ئەلازیغ...

کچێکی تەمەن ١٤ ساڵانی رزگار بووی دەستی تیرۆرستانی داعش، ئەوە ناشارێتەوە کە دوای جیاکردنەوەی ژنە بە تەمەنەکان لە گەڵ ژن و کچە رفێنراوە بچووکەکان، لە لایەن چەکدارانی داعش ڕوو بە ڕووی دەستدرێژی بە کۆمەڵ بوونەتەوە، دەڵێت:
هەموومان بۆ زیندانی بادۆشی نزیك موسڵ گواسترابینەوە، هەر لەوشوێنە زیاتر لە هەزار ژن و منداڵی دیکەی کوردی ئێزیدی لێ بوو.
چارەنووسی ئەو رفێنراوانە فرۆشتنە

| | |
|---|---|
| | بەو کەسەی کە زۆرترین نرخیان پێ دەدات. |
| لە ساڵی ٢٠١٠ ئەردۆغان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو کات و سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا لە بارەی کوشتاری دێرسیم دەڵێ : تاوانی دێرسیم یەکێکە لە تاڵترین و تراژیدیاترین ڕووداوەکانی مێژووی نزیکمان | لە ئابی ٢٠١٤ دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی لە بارەی جینۆسایدی کوردە ئێزیدیەکان وتی: ئەوەی لە شنگال ڕوویدا تەنیا بە سەر خوشك و برا ئێزیدیەکاندا نەهاتووە بەڵکو زامێکە هەموومان ئازار دەدات. |
| لە ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ و ١٩٣٩ لە دێرسیم درامایەکی گەورە ڕووی دەدا، لە ئاسمان و زەوییە ناوچەکە و دانیشتوانی تۆپباران دەکران، تەنانەت بۆمبی گازی ژەهراویش لە دژی خەڵك بە کار هێنرا. لە دێرسیم هەر شتێ بجووڵایە لێی دەدرا، منداڵان و ژنان گولەباران دەکران | لە مانگی ئابی ٢٠١٤ لە شنگال تراژیدیایەکی گەورە ڕوویدا، هەموو شار و شارۆچکەکان چۆڵ کران و هەر کەسێ بدیترایە دەکوژرا یاخۆد دەستگیر دەکرا، سەدان کەس گوڵلە باران کران و هەزاران ئافرەت و منداڵ دەستگیر کران و سەدان کچ دەستدرێژی سێکسیان کرایە سەر و کڕین و فرۆشتنیان پێ کرا |
| هەزاران کەس کە نازانرێ ژمارەیان چەندە لەو مەرگەساتە کوژران (منداڵ، ژن و پیر) بە بێ جیاوازی، هەزاران ماڵ وێران کران، دەیان هەزار سەرە مەڕ و ماڵات تاڵان کران و هەزاران مرۆڤیش بە زۆر لە زێدی باب و باپیرانیان بۆ ڕۆژئاوای تورکیا ڕاگوێزران | هەزاران کەس کە نازانرێ ژمارەیان چەندە لەم مەرگەساتە بە ژن و منداڵەوە گوڵلە باران کران و دەیان ماڵ و شوێنی پیرۆزی ئێزیدیەکان تەقێنران و سوتێنران، بە هەزاران مەڕ و ماڵات لە برسان و لە تینوویەتیان مردار بوون و تاڵان کران و سەدان هەزار کەسیش بە ناچاری لە ترسی مردنێکی ڕاستەقینە زێدی باب و باپیریان بە جێهێشت و بۆ ناوچە ئارامەکانی باشووری کوردستان ئاوارە بوون |
| هەر ئەفسەر و سەرباز و کار بە دەستێکی ڕەگەز پەرستی تورك ئازادن | هەر ئەمیر و چەکدارێکی داعش ئازادن لە ڕفاندن و ڕاو کردنی |

| | |
|---|---|
| لە ڕاو کردنی دانیشتوانی دێرسیم و ئەتک کردنی ژنانی کورد و دوای ئەوەش کوشتنیان و کوشتنی منداڵەکانیان و بردنی کچانی کورد و بەخشینیان بە ئەفسەران و کار بە دەستانی تورکدا. | کچان و ژنانی ئێزیدی و کوشتنی منداڵەکانیان و تەنانەت کوشتنی ژنەکان دوای دەستدرێژی کردنە سەریان و کڕین و فرۆشتنی ئەم کچانە وەک کۆیلە لە بازاری تایبەتدا |
| خەڵکێکی زۆر بە تایبەت ئافرەتی بە تەمەن و منداڵ و بەساڵاچووان لە ئەنجامی ڕاگواستندا گیانیان لە دەستدا | بە سەدان ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە لە چیای شنگال و لە ئەنجامی کۆچرەویدا گیانیان لە دەستداوە |
| بە پێی ئامارە فەرمیەکانی حکومەتی ئەو کاتی تورکیا(١٣٨٠٦)کەس کۆمەڵ کوژ کران، بەڵام ئامارە نافەرمیەکان ئەم ژمارەیە بە ٤٠ ـ ٥٠ هەزار کەس مەزەندە دەکەن و هەروەها بە پێی بەڵگە نامەکانی دەوڵەت ژمارەی ڕاگوێزراوان تا ساڵی ١٩٣٨ گەیشتبووە ١١٦٨٣ کەس و هەزارانی تریش بەرنامە و پیلانی ڕاگواستنیان بۆ دانرا بوو. | بە پێی ئامارە نا فەرمیەکان زیاتر لە (٦٠٠)کەس لە گۆڕی بە کۆمەڵدا کومەڵکوژکراون و سەدانی تر لەو لاو لەم لا کوژراون و زیاتر لە (٤٥٠٠) ئافرەت و مندال رفێندراون، بە هەزاران کەسیش دەستگیر کراون و زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەسیش ئاوارەی چیای شنگال و دواتر ناوچە ئارامەکانی کوردستان بوونە |

## باسی سێیەم
## تراژیدیای دێرسیم

### کیژە ون بووی دێرسیم[١]

مەدینە چۆلاک، یەکێک لەو کیژانەیە کە لە کوشتارەکەی ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ی دێرسیم ڕزگاری بوو و بۆ بەخێوکردن درا بە بنەماڵەیەکیتر.
هێشتا ١٠ ساڵی تەمەن بوو، ئەو کاتەی کە لە گەڵ ڕوخساری بێ ڕەحمی دەوڵەت ئاشنا بوو، سەید عەلی گونگۆری باوکی، براکەی کاڵمان، بەسێی خوشکی و حەسەنی سێ ساڵانە لە پێش چاوی کوژران.
وەکوو سەدان منالی تریش کە لەو کوشتارە ڕزگاریان بوو، سەرەتا سەریان پاک تاشی، سواری شەمەندەفەری ڕەش کرا و مەنفای خاکێک کرا کە قەت نەیدیتبوو و نەیدەزانی کوێیە.
کاتێک کە هەموو کەس شادمان بوو لەوەی چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕزگار کردووە، ئەو لەو ڕێگایەدا تاک و تەنیا بوو.

### چیرۆکی ئەم کیژۆڵەیە لێرەوە دەستی پێکرد:

لە شاری سامسۆن لە لایەن بنەماڵەیەکی بە ڕەسەن چەرکەز وەرگیرا، کاتێ چووم بۆ دیتنی ئەو کیژۆڵەیە کە ئێستا ئیتر تەمەنی ٨٧ ساڵ بوو، یەکەم پرسیارێک کە لێی کردم ئەوە بوو:"کرمانجی دەزانی؟"
پاشان گوتی:" زۆر کەس، زۆر ڕۆژنامەوان هاتن بۆ ئێرە و بۆ هەموویانم گێڕاوەتەوە، بەڵام کوا چ گۆڕا." کاتێک "ئایلا"ی کچی بە پەلە پەردەکانی داداوە، بە دەنگی پەردەکان ڕاچڵەکا، ڕووی لە من کرد و گوتی:"جاران زۆر نەترس بووم، بەڵام ئێستا تەنانەت ئەو دەنگانەش دەمترسێنن."
ئێستا لێی دەگەڕێین "مەدینە" کیژۆڵەی ون بووی دێرسیم بدوێ.
ساڵی١٩٣٧بەر لەوەی کوشتارەکە دەست پێ بکا، لە ڕۆژێکی زستانێکی سەخڵەتی دا دایکم مرد، ئێمە چوار مناڵ لە گەڵ باوکم ماینەوە، سەردەمێکی ناخۆش بۆ من و کاڵمان و حەسەنی برام و بەسێی خوشکم دەستی پێ کردبوو.
بابم و براکەم خەریکی چێوداری بوون، سەرەڕای ئەوەی کە ١٠ ساڵم تەمەن بوو بەڵام کار و باری ماڵەوە هەموو لە سەر من بوو، خوشک و براکەم بەخێو دەکرد.

---

١- وتووێژی "زەینەب کورای" لە گەڵ کیژە ون بووی دێرسیم "مەدینە جۆلاک" لە تورکیەوە: ئەنوەر حەسەنپوور ، ماڵپەری NNS ROJ

هەموو شتێک لە مانگەکانی هاوینێ دەستی پێ کرد، ڕۆژێک بابم چوو حەیوانەکان بلەوەڕێنێ، زۆر درەنگ بوو بەڵام هەر نەهاتەوە، زۆر ترسابووم لە بەر دەرگای ماڵەوە دادەنیشتین، کاتێک براکەم گوتی دەڕۆم لە بابم بگەڕێم، گوێمان لە دەنگی تەقەی چەکان بوو، هەموو خەڵکی دێ بە ترس و دڵەڕاوکێ هاتنە دەر، سەربازەکان چەک بە دەست تەقەیان دەکردە سەر دێهاتەکەمان و بەرەو ڕوومان دەهاتن، هەموو کەس لە بیری ڕزگار کردنی خۆیدا بوو.
لە ناو ئەم ترس و دڵە ڕاوکێیەدا بەرەو دارستان هەڵاتم، وەها هەڵاتبووم کە کاتێ لە ناو ئەو ترسەدا بە خۆم هاتمەوە، دیتم زۆر دوور بوومەوە، شەوێ بە تەنیا لە دارستانەکەدا مامەوە.
گەڕاینەوە بۆ دێهات، ماڵەکان سووتابوون نیوەشەوێ بە دەنگی چەکەکان بە خەبەر هاتم.
دیسان هەڵاتم، بینیم سۆبەی ماڵێکی داییسێ و دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە.
چووم بۆ ئەوێ. ژنێک لە بەر دەرگا هەر کە منی بینی گوتی:"تۆ بۆ هاتی بۆ ئێرە؟ ئێمەش دەبەن، ئێستا ئیتر نۆبەی ئێمەیە، ژنە خەریک بوو قابڵەمەکانی لە ژێر گڵ دەنا و دەیشاردنەوە.
لە تێک نان و قاپێك ماستی دا بە من، پێی گوتم ڕۆڵە لێرە ڕامەوەستە، بڕۆ بۆ ناو دارستانەکە و خۆت بشارەوە. خۆم لە ناو دارەکان دا شاردەوە و نان و ماستەکەم خوارد.
کەمێک دواتر کاتێک بینیم لاوەکانی دێهات بە پێش من دا هەڵاتن، زۆر کەیف خۆش بووم، هەموویانم دەناسی، بە هەڵاتن بۆ لایان ڕۆیشتم، گوتم دەچن بۆ هەر شوێنێک منیش بەرن، یەکێک لەوان دەستی گرتم و منیشیان برد، کاتێ گەڕاینەوە بۆ دێهات، کەس نەمابوو، ماڵەکانمان سووتابوون.

**مەنۆ، مەنۆ ئەتۆ زیندووی؟!**

دوای دیتنی ئەو دیمەنانە چووم بۆ دێهاتەکەی دایکم لە دێهاتەکەی خۆمان زۆر نزیک بوو، بەڵام ئەوێش کەسی لێ نەمابوو، هەندێک بە ناو دێهاتەکەدا پیاسەم کرد، لە پڕ کۆمەڵێک خەڵکم بینی کە لە یەکتر کۆ ببوونەوە بۆ لایان چووم. بینیم کە پوورە ئارەزووم لە ناویان دایە.
زۆر دڵخۆش بووم، هەر کە منی بینی گوتی:"مەنۆ مەنۆ، ئەتۆ زیندووی؟" و لە باوەشی گرتم.
ئەو کات پێیان دەگوتم مەنۆ...

پێم گوتن کە سەربازەکان خوشک و براکانمیان بردووە، باسی ئەوەمان دەکرد کە بۆ کوێ هانا بەرین کە لە پڕ لەو دیوی تەپەیەکەوە سەربازەکان تەقەیان لێ کردین هەموومان بۆ ئەوەی خۆمان بشارینەوە بە دۆڵێکدا چووینە خوار. هەر لە وێ پووریشم کوژرا، نەمدەزانی چ بکەم.
کاتێ دەمویست خۆم لە ژێر بەردێکدا حەشار دەم، سەربازێک منی بینی و تەقەی لێ کردم بۆ لام هات و بە سەرم دا گوڕاندی وە پێش خۆی دام و بە پاڵ پێوە نان بردمی بۆ ئەو شوێنەی کە مناڵەکان و ژنەکانیان لێ کۆ کردبۆوە. هیوادار بووم کە لە وێ بتوانم بنەماڵەکەم بدۆزمەوە، بەڵام هیچ کامیان لە وێ نەبوون.
بە سەدان مناڵی وەک منی لێ بوو پاشان بردیانین بۆ ئەلازیغ، بە سەدان مناڵی وەک منی لێ بوو ژن و مناڵ، هەموومانیان کۆ کردەوە و سەریان پاک بۆ تاشین. حەمامیان پێ کردین و پاشان سواری شەمەندەفەریان کردین.
ڕێگایەکی دوور و درێژ بوو، نەماندەزانی دەچین بۆ کوێ، شەمەندەفەرەکە پڕ بوو لە مناڵ، وەک ڕۆژی قیامەتی لێ هاتبوو، پاش ماوەیەکی درێژ هاتینە خوار، ئێمەیان هێنابوو بۆ شوێنێک کە دواتر زانیم شارۆچکەی تەرمەی سەر بە سامسۆنە.
هەموومانیان لە شوێنێک کۆ کردەوە، کەسێک بە ناوی داوود ئۆنگەن بەرپرسی نێو نووسین بوو یەک یەک نێوی هەموومانی دەنووسی، کاتێ نۆبەی من هات، لە بەر ئەوەی کە تەنانەت یەک وشەشم تورکی نەدەزانی، وەڵامی هیچ کام لە پرسیارەکانم نەدایەوە زۆر بە خەمەوە سەیری کردم، لە سەر کورسیەک دابنشاندم نانی دا پێم بە هەر جۆرێک بوو تێیگەیاندم کە لە وێ بمێنم تا دەڕوا و دێتەوە.
هێلانە تازەکەم بنەماڵەی ئۆنگەن بوو پاشان بە ناجیەی هاوسەری گوت:"لە ناو ئەو کوردانەی هێناویانن، کچێکی بچووک هەیە.
کەسی نیە هێندە جوانە، هێندە فەقیرە، ناتوانین ئاوا لێی گەڕێین بێ کەس بمێنێتەوە." پاشان پرس بە قایمەقامیش کرد دەستی گرتم و لە گەڵ خۆی بردمی بۆ ماڵەکەی، چوار مناڵی هەبوو.
هاوسەرەکەی هەر کە منی بینی خۆشی ویستم بنەماڵەیەکی چەرکەز بوون خوا بەهەشتیان بە نسیب کا، زۆر باش بوون لە گەڵ من، باجە ناجیە زوو بردمی بۆ حەمام پێی دەگوتم فاتمە.
سەرەتاکان هیچی لێ تێنەدەگەیشتم.

کاتێ دەیگوت گەسکەکەم بۆ بێنە، بێڵەم بۆ دەبرد، پاشان هێدی هێدی فێری تورکی بووم، پاش ئەوەی کە ناسنامەکەیان لە دێرسیمەوە هێنام دیسان بە نێوی خۆم بانگیان کردم، هەر خووم بەو نێوی فاتمەش نەگرتبوو.
کاتێ باجە ناجیە لە ماڵ وەدەر دەکەوت، دەچووم بۆ ژوورەکەی خۆم لە تەنیاییدا بۆ باوک و خوشک و براکانم دەگریام. تەنانەت یەک ڕۆژیش بە بێ بیرەوەری ئەوان ژیانم نەکردووە.
من نەچووم بۆ قوتابخانە، بەڵام قەت هۆکاری ئەمەم نەبیست هەمیشە غەریب بووم من هەستم دەکرد کە خەڵکی ئەو شوێنە نیم، بەڵام دوای ئەوەی کە بۆ خۆم منالم بوو، تاسەی دیتنی خوشک و براکانم لە گەڵ ئەوان سوکنایی دەهات.
سەردەمی لاوەتیم زۆر بە دژواری تێپەڕ بوو ئەو بنەماڵەی باوەشی بۆ من کردبۆوە، بنەماڵەیەکی باش بوو بەڵام بنەماڵەی من نەبوو و قەت نەیانتوانی هەست بەو ئازار و ژانە بکەن کە لە دەروونی من دا بوو.

**خاکەکەم ماچ کرد!**

لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا لە گەڵ "گۆرجو ئوسلو" زەماوەندم کرد، هەموو شتێکم بۆ هاوسەرەکەم گێڕاوە هەمیشە یارمەتی دەدام، هەژار بووین کاتێ یەکەم منالم بە دونیا هات، زۆر کەیف خۆش بووم. وەک کاڵمانی برام دەچوو. منالەکانم هەم منالم بوون و هەم خوشک و برا.
لێرە تا ماوەیەکی زۆر نەمدەتوانی بڵێم خەڵکی دێرسیمم، هێشتاش لەو گەڕەکەی لێی دەژیم خەڵک پێی وایە خەڵکی ئەرزرووممم بەردەوام ترسی ئەوەم لە دڵ دابوو کە شتێک لە منالەکانم دەکەن لە بەر ئەوەی کە خەڵکی ئەوێ هەموو تورک بوون.
دوای چەند ساڵ بە منالەکانم گوت کە خەڵکی دێرسیمن ئەوانیش نەیاندەزانی، بەڵام من شانازیم دەکرد بەوەی کە خەڵکی دێرسیمم.
کاتێ دوای ماوەیەکی زۆر چووم بۆ دێرسیم خاکەکەم ماچ کرد هەموو شتێکم بە بیر هاتەوە، هەستێک ئاوێتەی خەم و نەفرەت و ترس و خۆشحاڵی. خزمەکانم بە حەسرەتێکی گەورە پێشوازیان لێ کردم.

**بۆ چیمە ئەو داوای لێبوردنە؟**

ئیستا منالەکانیشمان هەر لە ژێر ئەو گوشارە دان کە ئێمە تێی دابووین، هەموو شتێک وەک خۆی ماوە.

من هێشتا نازانم گۆڕی باب و خوشک و براکانم لە کوێیە؟
٨٧ ساڵە لە گەڵ ئەو ئازارە دەژیم بۆ چیمە ئەو داوای لێبوردنە؟
چوار جاری تریش چووم بۆ دێرسیم ئێستا ئیتر ناتوانم بە ڕێگەدا بڕۆم، دوا بە دوای ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کچەکەم کرد زانیم کە بابم و خوشک و براکانم لە قڕ کردنەکەدا لە "مازگرت" کوژراون، بەڵام لە چرکە بە چرکەی تەمەنمدا ئەوانم لە دڵ دابووە و تا ئەو ڕۆژەی دەمرم هەر ئاوا لە گەڵم دەمێننەوە.

## باسی چوارەم
## تراژیدیای ئێزیدیەکان
## ئافرەتێکی رفێندراو و فرۆشراوی ئێزیدی

ئافرەتێکی ئێزیدی گوندی کۆچۆ کە نەیویستوە بە پێتیش ناوی بهێنرێ، بەم شێوەیە بەشێك لە چیرۆکەکەی باس دەکات و دەڵێ[1]": لە نزیك شنگال هەندێك منالْ گەیشتنە لامان، وتیان هەموو پیاوەکانیان کوشت، ئیتر ئێمەیان گرت و بەرەو تەلەعفەر بردمانیان، لەوێشەوە "٥٧" ئافرەت بووین بەرەو سوریا ڕەوانەیان کردین، بە زۆر و توندوتیژی زەواجیان لە گەڵ ئافرەتەکان دەکرد، لە کاتژمێری "٩ ی بەیانیەوە تا خۆرئاوابوون" مامەڵە و سەوداکردن بە ئافرەتەکانەوە بەردەوام بوو، داعشەکان دەهاتن و بەناومانا جەولەیان دەکرد و دەسوڕانەوە، بە هەوەسی خۆیان هەڵبژاردنیان دەکرد، دەیانوت ئەمەیان جوانە بەڵام ئەوەیان جوانترە، کڕین و فرۆشتنی ئاشکرایان بە زۆری بەوانەوە دەکرد کە زۆر جوان بوون، هەرکەسێك ڕێژەیەك پارەی زیاتری بدایە ئیتر ئافرەتەکە بۆ ئەو دەبوو، زۆربەی ئافرەتەکان تووشی هیستریا بوون، جل و بەرگەکانی خۆیان دەدڕی و هەوڵی خۆکوشتنیان دەدا.

زۆربەی داعشەکان بۆ چەند ڕۆژێك کچەکانیان دەبردە لای خۆیان بە ناوی "زەواج" و دوای ماوەیەکی کەم دەیانفرۆشتە کەسێکی تر، یان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئافرەتەکان دەبردرانە لای چەند کەسێك.

قسەکانی بەم شێوەیە تەواو کرد و وتی": پێشتر چەند جارێك ڕامکرد، ئەمجارەیان ڕامکرد، بەڵام نزیك بووم لە پاسەوانە داعشەکە و تەقەی لێم کرد، من نەوەستام و بەردەوام بووم لە ڕاکردن، داعشەکان بەدوامەوە بوون، کەوتم بە سەر(سیاج ) پەرژینێکدا و دەم و چاوم بوو بە خوێن، پێنج کاتژمێر ڕێمکرد تا گەیشتمە سنووری سوریا، بەڵام لەوێ دەستگیریان کردمەوە، گەڕاندمیانەوە بۆ زیندان، کەوتمەوە بەردەم لێدان و ئەشکەنجەدانیان، پێیان وتم دەتخەینە زیندانی تاکەکەسی بۆ ماوەی یەك مانگ.

بەرپرسەکەیان وتی": یەکێك لە جەماعەتەکەمان، برینداربووە بە قەسفی فڕۆکەکان، بڕۆ بۆ ئیدارە بۆ کارکردن لە چێشتخانەکەیان، وتم باشە دەڕۆم، ژنی ماڵەکە "نەشمیە" بوو، مامەڵەکردنی لە گەڵم خراپ نەبوو، لە خوا بەزیاد بێت من و خوشکەکەم لە دەستی پیس و ڕەشیان رزگارمان بوو، بە بێ ئەوەی بچینە لایان یان ببینە ژنی کەسیان، هیچ کاتێك نوێژی ئەوانیشمان نەکرد.

---

١- جینۆسایدی ئێزیدییەکان"گوندی کۆچۆ"، وەرگێران و ئامادەکردن بۆ کوردی، تەها سلێمان، ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری.

# بەشی دووەم
# جینۆسایدی فەیلیەکان
# و
# جینۆسایدی ئێزیدیەکان

## بەشی دووەم
باسی یەکەم

## جینۆسایدی فەیلیەکان

لە سەرەتای مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٠ دەیان هەزار کوردی (بەغدا و شارەبان و بەدەر و مەسان و مەندەلی)یان بە بیانووی ئێرانی بوون گرت و شوێنبزر کرد، ژمارەیان نزیکەی (١٥) هەزار کەس دەبوو، ڕاپێچی زیندانەکانی خوارووی عێراقی کران و دواتر کۆمەڵکوژکران، ئەوانی دیکەش کە ژمارەیان لە نێوان (٣٠٠ بۆ ٥٠٠) هەزار کەسە ڕاپێچی سەر سنوور کران و بە بیانوی ئەوەی کە ئەمانە لە ڕیشەدا بیگانەن و عێراقی نین و ئێرانین، دەستگیرا بە سەر موڵك و ماڵ و سامانیاندا.
لە ٢٦-٢-١٩٨١ لە ڕۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکومەتی عێراق (سەدام حوسێن) لە بارەی کوردە فەیلیەکانەوە دەڵێ: (ئەم تووێژە لە عێراق ریشەکێشبکەن، تاوەکو خاکی عێراق و هەوای عێراق پیس نەکەن و خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، کاتێك بە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عێراقییەکان دەبێت).
د. مونزر ئەلفەزەل دەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەعسی بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن و بەرزان تکریتی سەرۆکی موخابەرات، دەستیان کرد بە دڕندەترین شێوەکانی چەوسانەوە و تاوانی نێودەوڵەتی دژ بە گەلێکی ئاشتی خواز کە خوازیاری ژیانێکی ئازاد بوون، ئەم ڕژێمە زیاتر لە (١) یەك ملیۆن مرۆڤی عێراقی بێ سەر و شوێن کرد و ڕاگواست، بە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبێت، تەنیا ئەوە نەبێ سوجدەیان بۆ ئەو... نەبرد، لە بەرئەوەی کورد بوون و زۆربەیان سەر بە مەزهەبی شیعە بوون. گرتن و دەربەدەر کردن و کوشتن و شوێن بزر کردنی هەزاران کوردی فەیلی لە جوان و پیر، ژن و پیاو، کوڕ و کچ، گەورە و بچوك، دەوڵەمەند و هەژار دابەشکردنی سامان و سەرمایە و موڵکیان وەك دەستکەوت بەسەر ڕموزەکانی بەعسدا. ئەو کردە ڕەگەز پەرستە نامرۆڤانەیە شێوازێکی تری سیاسەتی قڕکردنە.

باسی دووەم

## لە نێوان جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان

| جینۆسایدی فەیلیەکان | جینۆسایدی ئێزیدیەکان |
| --- | --- |
| دەست بەسەرداگرتنی هەموو موڵك و ماڵ و دیکۆمێنتە کەسییەکانیان، ڕەگەزنامەی عێراقی، ناسنامەی باری شارستانی، دەفتەری خزمەتی سەربازی، مۆڵەتی شۆفێری، ناسنامەی ژووری بازرگانی بۆ ئەوانەی بازرگان بوون، ناسنامەی یەکێتی پیشەسازی عێراقی بۆ ئەوانەی خاوەنی پیشەسازی بوون، دیکۆمێنتی خاوەنداریێتی، بڕوانامەی قوتابخانە... هتد | دەست بەسەرداگرتن و رفاندن و دەستگیر کردنی کچ و ژنی ئێزیدی و دەستدرێژی کردنە سەریان و مامەڵە پێکردن و کڕین و فرۆشتنیان. ئەمە جگە لە دەست بەسەراگرتنی شار و شوێن و گوند و ماڵ و موڵکیان. |
| لە بەر ئەوەی کورد بوون و زۆربەیان سەر بە مەزهەبی شیعە بوون و ئایدیولۆژیایان جیاواز بوو. | لە بەر ئەوەی کورد بوون و ئاینێکی جودا لە ئاینی ئیسلامیان هەبوو و خاوەن بیر و باوەڕ و ئایدیولۆژیایان جیاواز لە ئایدیولۆژیای ئەوان بوون. |
| مەبەست لێی لێسەندنەوەی ناسنامە و شۆناسی عێراقی بوونیان بوو. | مەبەست لێی سەپاندنی ئاینی ئیسلام بوو بە زەبری چەك و کوشتن و لە ناو بردن و سڕینەوەی ئاین و بیر و باوەڕی ئێزیدی و ئێزیدیایەتی یە. |
| ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەوڵەتی عێراق بوو، دەوڵەتێکی دیکتاتۆری پڕ چەك بوو. | ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوو، رێکخراوێکی تیرۆرستی پڕ چەك بوو. |
| دابەشکردنی سامان و سەرمایە و موڵکی کوردە فەیلیەکان وەك دەستکەوت بە سەر ڕموزەکانی بەعسدا. | دابەشکردن و پێشکەش کردنی کچ و ئافرەتی ئێزیدی وەك دەستکەوتی جەنگ بە سەر چەکدارانی تیرۆرستی داعشدا. |

| | |
|---|---|
| خێزانە فەیلییە دەرکراوەکان بە دووری چەندان کیلۆمەتر بە کۆچڕەو بە نێو بیابان و گەرما بە بێ نان و ئاو ڕێیان بڕیوە و بە منداڵ و ژن و پیرەوە ملیان دابووە بەر. | خێزانە هەڵاتووەکانی ئێزیدی سەدان کیلۆمەتر ڕێگایان بڕی بۆ گەیشتن بە چیای شنگال و دواتریش بۆ ناوچە ئارامەکانی کوردستان لە ڕێگای ڕۆژئاواوە – سوریا بۆ باشووری کوردستان. بە بێ ئاو و نان و خواردن و خۆراك و شتوومەك، ئەمە سەرەڕای بەرزی پلەی گەرما. |
| لەم کۆچڕەوەدا سەدان کەس بە هۆی برسێتی و تینوویەتی (بە تایبەتی ژن و منداڵ) گیانیان لە دەستدا و هەندێك لاشەکان خرایە ژێر تاشە بەردەوە و هەندێکیشیان ژێر گڵ کران هەر لە ڕێگای کۆچڕەویاندا. | بە سەدان کەس بە تایبەت منداڵ و ئافرەت لە چیای شنگال و ڕێگای رزگار بوونیان بۆ ناوچە ئارامەکان گیانیان لە دەستداوە، هەر لەوێ زۆربەیان لاشەکانیان بە جێ هێڵراون هەندێکیشیان خراونەتە ژێر تاشە بەردەکان و هەندێکیشیان لە ئەشکەوتەکان و ژمارەیەکی زۆر کەمیش ژێر خاك نراون چونکە هیچ شتێکیان نەبوو روفاتەکانیان بشارنەوە. |
| ئەبوایە بەرەو وڵاتی ئێران بچن بە ناچاری و گەڕانەوەش بۆ سنووری عێراق بە پێی بروسکەی نهێنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارە (٢٨٨٤) لە ١٩٨٠/٤/١٠ دا کوشتنی لە سەر بووە وەك لە کۆتاییەکەیدا دەڵێن: (...جەخت لە سەر فەرمانەکەمان دەکەینەوە بە تەقە کردن لەوەی کە هەوڵی گەڕانەوە بۆ نێو خاکی عێراق دەدات، لەوانەی ڕاگوێزراون...) | تەقە کردن و کوشتنی هەر کەسێك کە کەوتبوایە دەست چەکدارانی داعش لەم کۆچڕەوەدا بە تایبەت پیاوەکانیان، دەستگیر کردنی هەر کەسێك چارەنووسیان یان کوشتن یان رفاندن بوو، کوردە ئێزیدیەکان بۆیان نەبوو بگەڕێنەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان، مانەوەش لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان کۆمەڵ کوشتن بوو، بۆ نموونە وەك هاوڵاتیانی گوندی کۆچۆ. |
| گرتن و زیندانی کردنی خێزانە کوردە فەیلیەکان بە ئافرەت و | گرتن و زیندانی کردنی هەزاران منداڵ و ئافرەت و کچی ئێزیدی و بێ |

| | |
|---|---|
| منداڵەوە. | ڕێزی کردن بەرامبەریان بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت. |
| گرتن و دەست بەسەرگرتنی پیاو و گەنجە کوردە فەیلیەکان، بە کۆمەڵ کوشتنیان لە لایەن دەوڵەتی عێراقی. | گرتن و دەست بە سەراگرتنی پیاو و گەنجە کوردە ئێزیدیەکان، بە کۆمەڵ کوشتنیان لە لایەن دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام (داعش). |
| هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزانی کوردە فەیلیەکان | تێکدان و شێواندن و هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزانە ئێزیدیەکان |

باسی سێیەم
## تراژیدیای فەیلی یەکان
## لە وڵات دەرکران

سەعدون لە ناوچە جەنجاڵەکەی (تۆپخانە) لە تارانی پایتەختی ئێران، چێشتدانەرە لەچێشتخانەیەکی عێراقیدا، دوکانەکەیان زیاد لە سێ مەتر لە ژێر زەویداو کەوتووەتە "کوچەی عەرەب" کە ناوچەیەکی هەمیشە قەرەباڵخە و جمەی دێت لەو عێراقییانەی دەچنە ئەوێ، بەر لەوەی بکەوێتە ئەو شوێن و کارە سەعدون زێڕینگەر بووە لە شاری بەغدا، چونکە کوردی فەیلی بوو لەو وڵاتە دەرپەڕێنرا.
سەعدون سادق ٥٣ ساڵ دەموچاوە گۆشتنەکەی لە نێو ریشە سپییەکەی داپۆشرابوو، لە شەوێکی باراناوی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٠ بێ ئەوەی بزانێ چی روویداوە لە لایەن هێزێکی سوپای عێراقەوە فڕێدرایە پشتی (ئیڤایەك)و لە سەر سنووری پارێزگای (کرماشان) لە باکووری خۆرائاوای ئێران، لەگەڵ سەدان خێزانی دیکەی فەیلی هەڵڕژێنرانو لە وڵاتەکەی خۆیان دەرکران.

### بە تاوانی "ئێرانیبوون"
دەرپەڕاندنی کوردە فەیلەییەکان لە عێراق بە تایبەت لە شاری بەغدا، چیرۆکێکی لەبیرنەکراوە. ئەوان لەبەر ئەوەی هەم شیعە بوون و هەم کورد لە دنیابینی رژێمی سەدام حوسێن جگە لە کوشتن و دەرپەڕاندنیان رێچارەی دیکەیان نەبوو، حکومەتی ئەوکاتی عێراق هەروایکرد لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٠ کۆچرەوێکی زۆری پێکردن و بە تاوانی "ئێرانیبوون" لە عێراق کردنیە دەرەوە.
بیرۆکەی دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لە ساڵی ١٩٧٠ لە لایەن سەرۆکی ئەوکاتی عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) هاتە ئاراوە، تا ساڵی ١٩٧٥ ئەو بیرۆکەیە کاری بۆکراو فەیلییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی داماڵین و لێسەندنەوەی رەگەزنامەی عێراقی، بەڵام لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن (سەدام حوسێن) سەرۆکی عێراق گەیشتە لوتکە و ئەوەی پێیانکرا کردیان.

### ئەوان ئێرانین یان عێراقی
"ئێرانییەکان" لە عێراق و لە دوای ئاوارەبوونیان لە ئۆردووگاکانی ئێران بە"عێراقییەکان" ناونران، زیاد لە سێ نەوە گەورەبوون بە بێ ئەوەی بزان بە ڕاستی ئەوان ئێرانین یان عێراقی. موحسین تەیب ریشی ماشو برنجی بووە و

ئەو کاتەی لەسەر سنووری ئێران هەڵڕێژران مێرد منداڵ بوو، بەڵام ئێستا ئیتر لە پیربوونەوە نزیکە دەڵێ "زۆر ئازارمان چەشت هەر نەمانزانی ئێمە کوێیین باوکم وتی لە عێراق وتیان ئێوە ئێرانین و لێرە مەمێنن، کەچی لە ئێرانیش هەر پێیان دەوتین عێراقییەکان سەرمان لێشێوا".

**بە گەنجی و دەوڵەمەندی دەرکرا و ئێستا بە پیریی کرێکاری دەکات**

لە دوای ساڵی ١٩٤٨ وەختێ جولەکەکان لە عێراق دەرپەڕێنران بازاڕی ئەو وڵاتە لە دەستی جولەکەکان بوو، بازاڕی چۆڵبووی بازرگانی و ئابووریی کەوتە دەست کوردە فەیلییەکان چونکە زۆربەیان بەردەست و شاگردی جولەکەکان بوون، دەرسی باش فێربوو بوون لە بارەی بازاڕکردن و هاوردەکردنی کەلوپەل، تا ئەو کاتەی لە عێراق گێچەڵیان پێکرا بەشی زۆری بازرگانییەکانی (شەکر، گونیە، ئاسن و خۆراکی دیکە) لە لایەن سەرمایەدارە فەیلییەکانەوە هاوردەی عێراق دەکرا.

ماجید سامی سەرمایەدارێکی کوردە فەیلییەکان لە بەغدا وتی "وەختێ شۆڕشی چەکداریی لە کوردستان بەرپابوو (ئەیلولی ١٩٦١) سەرمایەدارە فەیلییەکان سۆزێکی زۆریان بۆ ئەو شۆڕشە هەبوو، هەرواش بوو درێغیان نەکرد لە کۆمەککردنی. رقی عێراقییە دەسەڵاتدارەکان ئەستوور بوو رقەکەیان پەنگی خواردەوە تا ئەو کاتەی شۆڕشەکە هەرەسی هێنا (بەهاری ١٩٧٥) ئیتر یەکەمین هەڵمەتی دەرکردنی فەیلییەکان دەستپێکرد".

بۆ نیزامێکی ناسیۆنالیزمی تێکەڵ بە مەزهەبی سوونني، وەختێ دڵی فەیلییەکان لە(شاری نەجەف پایتەختی رۆحی شیعەکانی دنیا)و بەشێکی گیرفانیان بۆ پێشمەرگەی کوردبێ لە چیاکان، شتێکی ئاسان نییە قبوڵ بکرێت.

سەعدون کوردە فەیلییەکەی پەراگەندەی تارانی پایتەختی ئێران، تازە دڵی بەرایی نادات بێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی بەدەوڵەمەندی تێیدا دەرکرا و ئێستا بە پیریی کرێکاری دەکات لە غەریبیدا، ئەو وتی " گەڕانەوە چ سوودێکی هەیە ئێمە ئەوەی بوومان لەدەستماندان تازە بە ئاسانی ناتوانین بەدەستیان بێنینەوە. باوەڕ ناکەم عێراق بە کەڵکی کوردە فەیلییەکان بێ ئێمە لە بن و بێخەوە هەڵکێشراین میللەتی لە ڕەگەوە هەڵکێشراو ئاسان نییە بکەوێتەوە سەرپێ". لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی عێراق ئەوەی پەسەند کرد کە کوردە فەیلییەکان روبەڕووی "جینۆساید" بوونەتەوە لە عێراق، حکومەتی عێراق بەر لە پەرلەمان ئەوەی پەسەند کرد و جینۆسایدی فەیلییەکانی بە ڕەسمی ناسی. رەنگە بێ ئومێدبوونی سادق لە عێراق لە جێی خۆیدا نەبێ، چونکە

ئێستا ئیتر عێراق جڵەوی حوکمەکەی لە دەستی زۆرینەی شیعەیە و بە دڵی ئەوان هەڵسوکەوت بکات[١].

**بۆ گرتووخانەی ئەبو غرێب**

یەکێ لە دەرکراوەکان دەڵێت[٢]:"لە ڕۆژی یەکەم براکانم و خاڵم کە لاو بوون هەموویان بردن بۆ گرتووخانەی (ئەبوغرێب) لەوانە زیاتر لە (٧٠٠٠)حەوت هەزار کوڕی گەنج بوون تاکو ئێستا چارەنوسیان دیار نییە... ئەم ژمارەیە لە قۆناغی یەکەمدابوو... بەڵام لە ساڵی١٩٨٠ هەموو گەنجە نێرەکانی تر گیراون و ڕەوانەی گرتووخانەکانی دیکە کران...".

**لایلایەکانی زەهرا**

فارسی تەمەن ٤٥ ساڵ[٣]باس لەوە دەکات کە بۆ چی خۆی و خێزانەکەی بە ناوی لەیلا و زەهرای کچی خۆیان دایە دەست قەدەرێکی نادیار و بڕیاریاندا بە بەلەمێك لە ئەندەنوسیاوە لە پاش ڕێکەوتنیان لەگەڵ قاچاخچیەك کۆچ بکەن بۆ ئوسترالیا.

فارس دەڵێت:" لە عێراق پێیان دەگوتین ئێوە ئێرانین و لە ئێرانش دەیانگوت ئێوە عێراقین".

ئازارەکانی فارس لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا بەعسیەکان خۆیان دەکەن بە قوتابخانەکەیدا لە پارێزگای واستی باشووری عێراق و دەستگیری دەکەن.

فارس دەڵێت:"لە بنکەی پۆلیسەکە بینیم تەواوی خانەوادەکەم بە دایکم و باوکم و خوشکو براکانمەوە گیراون و هەر ئەو ڕۆژە سوار سەیارەیەکیان کردین و لە نزیك سنوری ئێران فڕێیان داین".

وەك فارس دەڵێت ئیتر لەو ڕۆژەوە دەربەدر بوون و بێشوناس مانەوە.

لە پاش کۆچکردنی و بینینی مەرگەساترین کارەسات، فارس بوو بە پاڵەوانی وتارێکی ڕۆژنامەنووسێکی ئوسترالیالی کە بۆ یادی دە ساڵەی ئەو کارەساتە نوسراوە لە ژێر ناونیشانی " لایلایەکانی زەهرا " و فارس لەو ووتارەدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن سات لە دوای سات لە پاش نقومبوونی بەلەمەکەیان کچەکەی لێ دووردەکەوتەوە و دەریا بۆ هەتاهەتایە لێی سەندەوە.

---

١- کاوە شێخ عەبدوڵا، ماڵپەری نیقاش
٢- ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١١
٣- هەژار تەها، ماڵپەری پەیام

باسی چوارەم
## تراژیدیای ئێزیدیەکان
## ئاوارەکانی چیای شنگال و نەهامەتییەکانیان

پاش ئەوەی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ گیریان خواردبوو[1]، (٥١) کەس لە ئاوارەکانی چیای شنگال لە ڕێی کۆپتەری سەربازیەوە گەیەندرانە شارۆچکەی باتێلی پارێزگای دهۆک.
ئاوارەکان باس لە دۆخی خراپی ژیانیان لەسەر چیاکە دەکەن و داوا دەکەن، هەرچی زووە بە دەم خەڵکی کوردی ئێزیدی شنگالەوە بێن "چونکە لە لایەن عەرەبەکانی ناوچەکە و چەکدارانی داعشەوە رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بونەتەوە و دەستدرێژی دەکرێتە سەر ناموسیان".

### لە برسان چەندین کەس گیانیان لەدەست دا
سالم سەعیدی، تەمەن ٢٣ساڵ یەکێکە لەو کەسانەی لە چیای شنگال گیری خواردبوو، دەڵێت:" رەوشی ئاوارەکانی شنگال زۆر خراپە کەس بە دەنگمانەوە نەهاتووە بێ نان و بێ ئاو بە شەو و ڕۆژ ڕێمان کرد و توشی نەخۆشی بووین لە برسان چەندین کەس گیانیان لەدەست دا، بە دەیان هەزار کەس لە چیاکان ماونەتەوە و چاوەڕوانی رزگار بوون دەکەن.
بیزار خزر شێخۆی تەمەن ٢٢ ساڵ، وتی "نەمانزانی توشی چی بووین لە ناکاو لە ماڵ هاتینە دەرەوە و بەرەو چیای شنگال رۆیشتین و چەندین سەعات بە پێ ڕێمان کرد تا گەیشتینە چیاکە. نە ئاو نە نانمان پێ بوو فریای هیچ شتێک نەکەوتین لەگەڵ خۆمان بیبەین، لە رەوشێکی زۆر خراپدا پێنچ ڕۆژ لە چیای شنگال ماینەوە."

### رفاندنی کچان
بیزار، ئاماژەی بە رفاندنی کچان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە کرد کە یەکێک لە و کچانە خوشکی و برازایەکی ئەو بوو و وتی: "لە ڕێگادا بووین دواتر ئۆتۆمبێلێکی ڕەش وەستا کە جامەکەی ڕەش بوو هاتنە خوارەوە و خوشکەکەمیان و برازاکەمیان برد کە خوشکەکەم تەمەنی ١٨ ساڵە، دوای چەندین سەعات تەلەفونی بۆ باوکم کردوە پێی گوتووە لە موسڵن بردویانن بۆ ئەوەێ و ژمارەیان زیاد لە ٥٠٠ کچ و ژن دەبێ و باوک و دایکیشم ئێستا لە شنگالن".

---

١- ماڵپەری سبەی

باسی لەوەشکرد، "پیاوان و گەنجەکان دەکوژن و پیرەکان واز لێدەهێنن و تا ئێستا ئەوەندە کەسیان کوشتووە کە لە ژماردن نایەت، داوا لە هەموو جیهان دەکەین بە هانامانەوە بێن و شنگال و ئێزیدییەکان رزگار بکەن خوشک و براکەم لەوێ ماوەتەوە داوا دەکەم رزگاریان بکەن".

**بێ نان و ئاو**

یەکێکیدی لە ئاوارەکان بە ناوی جندی حەری کچۆ، کە تەمەنی ٦٣ ساڵە و قاچێکی نیە، ئاماژەی بە نەبوونی ئاو و نان لە کاتی مانەوەیان لە چیای شنگال کرد و داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد بەدەمیانەوە بچن و خەڵکی شنگال رزگار بکەن.

وەک ئەو باسیدەکات، ئاوارەکانی شنگال بە منداڵەوە بەرەو شاخەکان بۆ رزگارکردنی گیانیان مەودایەکی درێژیان بڕیوە و پێویستی زۆریان بە ئاو بووە، بە هۆی نەبوونیەوە، ئاوی کۆکراوەی چاڵەکانیان لەو ناوچەیە کۆکردوەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک بۆ خواردن شیاو نیە و کرم و مێرووی تێدا بووە بە منداڵەکانیان داوە.

**ئاوی پیسمان دەدا بە منداڵەکانمان**

هەدبە خالید، کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵە و بە دەم گریانەوە باسی لە نەهامەتیەکان کرد کە ئاوی پیسیان بە منداڵەکانیان داوە و دەڵێت: "دوای هاتنی چەکدارانی داعش، فریای ئەوە نەکەوتین هیچ شتێک لەگەڵ خۆمان ببەین، بۆیە بە پەلە هەڵاتین بەرەو شاخەکانی شنگال، ئاو و نانمان پێ نەبوو لە رەوشێکی زۆر سەختدا بووین بۆ شکاندنی تینوویەتی ئاوی کۆکراوەی باران کە لە چاڵەکان کۆبوبویەوە دەمانخواردەوە پڕ بوو لە مێرو دەماندا بە منداڵەکانمان".

ئەوەشی وت: چەکدارانی داعش خەڵکی ئێزیدی شنگال دەکوژن و کچان دەرفێنن، لە کاتی هاتنی کۆپتەرەکان بەردەوام بە هاوەن و دۆشکە هێرشیان دەکردینە سەر".

**چەندین کەسیان لە سەر شەقامەکانی شنگال کوشت**

حمشە خزری، تەمەن ٦٧ ساڵ، باسی لە چۆنیەتی هەڵاتنیان لە کاتی هاتنی چەکدارانی داعش بۆ شنگال کرد و وتی: "بە چاوی خۆم بینیم کە چەندین کەسیان لە سەر شەقامەکانی شنگال کوشت و دەستدرێژیان دەکردە سەر کچەکان و بەرەو موسڵ دەیان رفاندن".

# بەشی سێیەم
# جینۆسایدی بارزانیەکان
# و
# جینۆسایدی ئێزیدیەکان

## بەشی سێیەم
باسی یەکەم

## جینۆسایدی بارزانیەکان

لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە دەیان هەزار بارزانی بۆ وڵاتانی تورکیا و ئێران ئاوارە بوون، دەیان هەزاری تریش لە هەوڵێکی جینۆسایدی بەرنامە بۆ داڕێژراو و زۆرەملێدا لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ ڕاگوێزران بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق لە چەند ئۆردووگایەکی تایبەت بە بارزانیەکان نیشتەجێکران، دوای (٥) ساڵ و لە ساڵی ١٩٨٠ دووبارە ڕاگوێزرانەوە بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە لە ئۆردووگای (قودس) و (قادسیە)، ئەو بارزانیە لادێ نشینانەی کە مابوون لە ساڵی ١٩٧٨ ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی (دیانا، حەریر، بەحرکە، گۆرەتوو، عسریە...) ئەمە بە بێ هیچ بیانوویەك دێهاتەکان وێران کران و دار و زەوییە بە پیت و چێنراوەکان لە ناو بران و سوتێنران، ڕاگواستنی ئەو گوندانە وەك هی تەوەری ستراتیژی و نزیکی چاڵە نەوتەکان نەبوو لە دوای ڕاگواستنی خەڵکەکە، گوندەکانیان بە شۆفەڵ و (TNT) دەتەقاندەوە، بیر و کانی و سەرچاوە ئاوییەکانیان لە ناو دەبردوو پڕیان دەکردەوە، تەنانەت دار و درەخت و زەوی و باخەکانیشیان سوتاند، لە هەندێ شوێن ماددەی نەوتیان دەکردە بن ڕەگی دارە گەورەکان بۆ ئەوەی بە یەکجاری وشك ببن، بەمەش حکومەتی عێراق دەیویست شوێنەواری ژیان لەو گوندانەدا نەهێڵن و کارێك بکات کە کەس بە تەمای گەڕانەوە نەبێت بۆ گوندەکانیان. هەندێك لەو گوندنشینانە لە خوارووی عێراق لە ناوچەیەکی بیابانی وشك و ڕووت و بێ کەڵك کە مەودای هیچ کارێك و ژیانی تێدا نەبوو نیشتەجێ کران.

مردنی لە ڕادەبەدەری خەڵك و نووسینی شوێنی لە ناوچوون لە سەر دیوارەکان بە مەبەستی ترس و تۆقاندنیان و بزر بوونی خەڵکەکە و نیشتەجێ کردنیان لە پێکهاتەیەکی تەواو پێچەوانەی شوێنی ڕەسەنی خۆیان و ڕاگواستنی بە زۆری، ئەمانە هەمووی نموونەی زەقی جینۆسایدن.

لە ١٩٨٣/٧/٣٠ ژمارەیەك لە شێخانی بارزان کە کەسە نزیکەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بوون دەستگیر کران و ڕۆژی دواتر واتە ١٩٨٣/٧/٣١ ئەفسەرانی گاردی کۆماری و ئاسایش و سەربازانی حکومەتی عێراق هەردوو ئۆردووگا زۆرەملێ بارزانیەکان لە قوشتەپە

گەمارۆ دران و لە بەرەبەیانی زوودا هەرچی نێرینەی سەرووی (٩) ساڵان هەبوو بە شێت و کەم ئەقل و کەم ئەندام و نەخۆش و پەککەوتەوە لە نێو ماڵ و منداڵیان رفێندران و دەستگیر کران بە زۆری راپێچی ئۆتۆمبێلی تایبەت کران و بەرەو شوێنێکی نادیار بردران، لە ١٩٨٣/٨/١٠ پیاوە بارزانیەکانی ئۆردووگاکانی (حریر و بەحرکە و دیانا و گۆرەتوو...) بە هەمان شێوە دەستگیر کران، ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو جارێکی تر لە ١٩٨٣/١٠/١ ئەمجارەیان زۆر چڕ تر لە جارەکانی تر ماڵ بە ماڵ گەڕان و هەرچی نێرینەی مابوو ئەوانیش دەستگیر کران و ژمارەیان گەیشتە (٨) هەزار نێرینەی بارزانی.

منداڵ و ئافرەتەکانیش لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە ژێر کۆنترۆڵی توندی سەربازیدا بوون، ئاو و کارەبا و دەرگای قوتابخانە و نەخۆشخانەکان بە سەر ئافرەت و منداڵە بە جێماوەکان داخران.

منیش( نووسەری کتێبی بەردەست) یەکێك بووم لە قوربانیانی جینۆسایدی بارزانیەکان و باوکیشم لە گەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینۆساید کراوە کە ئەو کات تەمەنم کەمتر لە (١) یەك ساڵان بوو، دوای دەستگیرکردنی باوك و کەسوکارمان دووچاری دەیان دەردەسەری و نەهامەتی بووین، دایکم بە ئەرکی باوکیشم هەڵدەستا و کاری دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانێ ئێمە گەورە بکات و پێ بگەیەنێت، بە هەر حاڵ با لە باسەکەمان دەرنەچین...

ئەو پیاوە بارزانیانەی لە ساڵی ١٩٨٣ دەستگیر کران و کۆمەڵ کوژ کران خەڵکی مەدەنی و کرێکار بوونە و لە نێو ماڵ و منداڵیان ڕاپێچ کراون، ئەم بارزانیانە بە سادەترین مانا ئەو پیاوانەن کە بە وەرزێری و ماندووبونی شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد بۆ پێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەر، پیاوێك هیچی لە دەوڵەت نەدەویست، بە لایەوە کێشە نەبوو کارەبا و ئاو دەگاتە گوندەکەیان و ئۆردووگا زۆرە ملێیەکەیان یاخۆد نا، هەموو تەمەنیان بۆ بەختەوەری منداڵەکانیان تەرخان کردبوو.

هەر زوو سەدام حوسێن لە وتارێکدا لە(١٢)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٣ هیچ گومانێکی نەهێشتەوە کە ئەم تاوانە قیزەوەنەی بە سەر بارزانییەکان هێنا و گوتی: (ئەوانە خیانەتیان لە وڵات و خیانەتیان لە پەیمان کرد، بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن).

قڕکردنی (٨) هەزار لە نێرینە بارزانیەکان و زیندە بە چاڵکردنیان لە بیابانەکانی خواروی عێراق و هیشتنەوەی ئافرەت و منداڵ لە ئۆردووگا زۆرە

ملێیەکاندا بە بێ هیچ خزمەتگوزارییەك، ئەمانە ڕاستەوخۆ دووبارە بوونەوەی مەودایەکی زۆر لەوە گەورەتر بوو، دەسپێکی ئەو تەکنیکە بوو کە دواتر لە ساڵی (١٩٨٧) و (١٩٨٨) بە ئەندازەیەکی یەکجار بەرفراوانتر دژی گەلی کورد بە کار هات و بە ئاشکرا ناوی (ئەنفال)ی لێ نرا لە لایەن ڕژێمی دارۆخاوی بەعسی عێراقەوە.

باسی دووەم

## لە نێوان جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان دا

| جینۆسایدی بارزانیەکان | جینۆسایدی ئێزیدیەکان |
|---|---|
| پرۆسەیەکی سیستماکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو، لە ١٩٧٥ بە دواوە دەست کرا بە ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق و ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دەور و بەری هەولێر و دواتر لە کۆتایی تەمموز و سەرەتای ئابدا دەست کرا بە جینۆسایدی بارزانیەکان. | پرۆسەیەکی لە ناکاو بوو، لە سەرەتای مانگی ئابەوە بە شێوەیەکی زۆر خێرا جینۆسایدی کوردە ئێزیدیەکان دەستی پێ کرد. |
| بکەری تاوانەکە دەوڵەتی عێراق و حزبی بەعس و خۆدی سەدام حوسین و دار و دەستەکەی بوون. | بکەری تاوانەکە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و ئەبو بەکر بەغدادی و گرووپە توندڕەوەکانی بوون |
| دەوڵەتێکی دیکتاتۆری بوو | خەلافەتێکی تیرۆرستی یە |
| مەبەست لێی لە ناو بردن و سڕینەوەی ڕەچەڵەکی بارزانیەکان بوو. | مەبەست لێی لە ناو بردن و سڕینەوەی ئاین و بیر و باوەڕی ئێزیدیەکان بوو. |
| پیاو و ئافرەت و منداڵەکان لێك جودا کران و دواتر پیاوەکان دەستگیر کران و بەرەو شوێنێکی نادیار رفێندران. | پیاو و ئافرەتەکان لێك جودا کران، بەڵام هەموویان دەستگیر کران و بەرەو شوێنێکی نادیار رفێندران. |
| پیاوە بارزانیەکان لە گۆڕی بە | بە هەمان شێوە پیاوەکان لە گۆڕی بە |

| | |
|---|---|
| کۆمەڵــدا لە بیابانەکــانی باشــووری عێراق گـوللە بـاران و زینـدە بە چاڵ کــران. دوور لە زێــدی ڕەســەنی خۆیــان، هەشــت هەزار نێــرینەی بارزانی بوون. | کۆمەڵدا گوللە باران کران، لە هەمان شوێنی ڕەسەنی خۆیان، بە پێی ئامارە نارەســمیەکان ژمارەیــان نــزیکەی هەزار کەسە. |
| ئافرەت و منداڵە بە جێماوەکان لە ژێر کۆنترۆڵی توندی سەربازیدا بوون لە ئۆردووگــا زۆرەملێیەکانــدا و ئــاو و کارەبا و ئـازوقە و دەرگـای قوتابخـانە و نەخۆشخانەکان لە سەریان داخران. | هەزاران ئـافرەت و منـداڵ و پیـاو لە چیـای شـنگال بـۆ مـاوەیەك گیریـان خوارد، بە بێ ئاو و نان و خۆراك. |
| ئەگەر منداڵێك یاخۆد کەسێك بمردایە کەس نەبـوو گـۆڕ لـێ بـدات و بیـان نێژێــت و بە مەراســیمی مــاتەمینی هەڵبستێت. | ئەگەر لە چیای شنگال کەسێك یـاخۆد منداڵێك بمردایە، هێز و توانـای گـۆڕ لێدان و ناشـتن و ئـامێری پێویسـتیان نەبوو. |
| سەدان دایکی بارزانی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان بە بێ هیچ پێداویستیەك منداڵیان بووە. | سەدان دایکی ئێزیدی لە چیای شـنگال و کەمپەکـان بە بـێ هـیچ پێداویسـتیەك منداڵیان بووە. |
| ئـافرەت قوربـانی زۆری دا سـەرەڕای لە دەستدانی خۆشەویستانیان هاوسەر و بـــاوك و بـــرا و کەس و کاریـــان، ئەرکــی بە خێــو کــردن و پەروەردە کردنی منداڵەکان کەوتە ئەستۆیان. | ئـافرەت قوربـانی سـەرەکی بـوون لەم پرۆسەیەدا، سەدان ئـافرەت رفێنـدران و کـڕین و فرۆشـتنیان پـێ کـراوە، سـەدانی تـریش دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر. |
| بە پێــی ســەرژمێرییەکان زیــاتر لە ٤٥٠ منـداڵ و ئـافرەت لە ئەنجـامی ڕاگواستنی زۆرەملێی بارزانیەکـان لە باشـووری عێـراق بە هـۆی خراپـی کەش و هەواو و ئــاو و خــۆراك لە بیابانەکـانی باشـووری عێـراق گیانیـان لە دەستدا. | زیـاتر لە سـەدان ئـافرەت و منـداڵ لە ئەنجـامی ئـاوارە بوونیـان بـۆ چیـای شــنگال بە هــۆی گەرمــی کەش و هەواو و نەبوونی خـواردن و خـۆراك گیانیان لە دەستداوە. |
| بووە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان. | بــووە هــۆی تێکــدان و شــێواندنی شــــیرازەی خێــــزان و پەرتەوازە بوونیان. |

| | |
|---|---|
| یەکێك لە ئامانجەکانی رژێمی بەعس لە هێشتنەوەی ئافرەت و منداڵەکان ترس و تۆقین و مردنێکی لە سەر خۆ بوو. | بڵاو کردنەوەی ترس و تۆقاندن یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی گرووپی تیرۆرستی داعشە. |
| جینۆسایدی بارزانیەکان بە شاراوەیی و زۆر بە نهێنی ئەنجام درا و جیهان لە ئاستیدا بێ دەنگ بوو. | جینۆسایدی ئێزیدیەکان زۆر بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەموو جیهان ئەنجام درا و هەرە زۆری وڵاتان هاتنە دەنگ. |
| لە دەستدانی سەروەت و سامان و رەز و باغ و بێستان و مەڕ و ماڵات و هەرچی هەیان بوو لە ئەنجامی ڕاگواستنی زۆرەملێ. | لە دەستدانی رەز و باغ و بێستان و مەڕ و ماڵات و هەرچی هەیان بوو، لە ئەنجامی کۆچڕەویدا. |
| مینرێژکردنی تەواوی دەڤەری بارزان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە و تەقاندنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان و وێران کردن و سوتاندن و خاپور کردنی گوند و خانوو مزگەوت وقوتابخانەو پردی ئەم دەڤەرە. | تەقاندنەوەی شوێنە پیرۆزەکانی ئێزیدیەکان و مینرێژ کردنی ئەو ناوچانەی چەکدارنی داعش بە جێی دێڵن و تەقاندنەوەی پردەکان. |

باسی سێیەم

## تراژیدیای جینۆسایدی بارزانیەکان

## هەمیشە ڕاگواستن و ئاوارەبوون و جینۆسایدکردن

خدیجە مستەفا ئەحمەد دەڵێت:" هاوسەرم ( عیسی خالد خدر) لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بەرەو یەکێتی سوڤیەت چووبوو و دەیان دەردەسەریان بینی و سنوری چەندین دەوڵەتیان بری ١٢ ساڵ لە یەکێتی سوڤیەت مانەوە، ئێمە هەرگیز نەمتوانیوە بۆماوەی ١٠ ساڵ لەگوندەکەمان بین هەمیشە لە ڕاگواستن و ئاوارەیی و دەربەریدا بووین".

ئەم کەسە نزیکانەم جینۆسایدکراون جگە لە ١٥٠ کەسی تری گوندەکەم، گوندی بازێ.

١- عیسی خالد حسین - هاوسەرم

٢- خدر عیسی خالد – کورم

٣- تەتو مستەفا ئەحمەد – برام

٤- جمیل مستەفا ئەحمەد – برام

٥- شێرو مستەفا ئەحمەد- برام

٦- صالح مستەفا ئەحمەد- برام

## لە سەر هەر شاخ و گردێك چەندین پیاوانی سەربازی دەبینران

لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ ئێمە لە گوند بووین و ژیانێکی سادە و ساکارمان هەبوو زۆر بەختەوەر بووین لەگەڵ هاوسەر و کوڕ و کچەکانم، لە ناکاو سەربازانی حکومەتی عێراق هاتن و دەوروبەری گوندەکەمانیان گرت و لە سەر هەر شاخ و گردێك چەندین پیاوی سەربازی دەبینران ئەمە جگە لە سەر شەقامە گشتیەکان بەدەیان ئۆتۆمبێلی جۆراو جۆری سەربازی و بارهەڵگری

تر هەبوون. کە دەمان پرسی ئەمە چیە و چی بووە؟ پێیان دەوتین هیچ نیە و بۆ شوێنێکی گونجاوتر دەتان بەین و ئامێری کشتوکاڵی پێداویستی باشترتان بۆ ئامادە دەکەین، زۆر بە توندی گەمارۆی گوندی بازێ درابوو بە سەرباز و جورەها ئۆتۆمبێلی سەربازی و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر، نەیان هێشت هیچ هاوڵاتیەك لە گوند دەربچێت ئەم گەمارۆدانە توند و سەختە دوو ڕوژ بەردەوام بوو، ڕۆژی سێیەم ئێمەیان هێنایە سەر شەقامی سەرەکی گوند و ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازی و چەند ئۆتۆمبێلێکی تر یەك بە دوای یەك وەستێنرابوون، دواتر ئێمەیان بە شێوەیەکی عەشوایی خستە ناو ئوتومبێلەکانەوە تەنها توانیمان هەندێك کەل و پەلی بچوك لەگەڵ خۆمان ببەین.

## کەس نەما خواردن و خوارك بەئاژەڵەکانیش بدات

هەرچی هەمان بوو لە مەڕو ماڵات و رەز و باغ و بێستان بە جێمان هێشت، من زۆر خەمی ئاژەڵەکانم بوو چونکە بەبێ خاوەن مان کەس نەما خواردن و خۆراکیان پێ بدات هەر خودا دەزانێت دوای ڕاگواستنی ئێمە ئەم ئاژەڵانە چیان بەسەر هاتووە.

## لە ژێر ئۆتۆمبێلەکان خەوتین

ئۆتۆمبێلەکان بە رێکەوتن بەڵام نەمان زانی بۆ کوێمان دەبەن دوای چەندین کاتژمێر گەیشتینە شاری هەولێر، لە ڕێگادا لەناو ئۆتۆمبێلە سەربازیەکاندا ناخۆشی و برسیەتی زۆرمان چەشت، لە هەولێر لە دەشتێکی چۆڵ کە لە سەربازگە دەچوو ئێمەیان دابەزاند، پایزێکی سارد بوو کەش و هەوا زۆر ساردی کردبوو ئەو شەوە لە ناو ئۆتۆمبێل و لە ژێر ئۆتۆمبێلەکان خەوتین ڕۆژی دواتر دیسان رۆیشتین بەڵام نەمان دەزانی ئەم جارەشیان بۆ کوێمان دەبەن، گەیشتینە شوێنێك بیابانێکی بێ ئاواییی چەند ئۆتۆمبێلێکمان لە قافڵەی ئۆتۆمبێلەکانی تر جیابوونەوە من زۆر ترسام کەوتمە گومانی بەردەوام وام هەست دەکرد بەرەو دەریایەك یاخود چاڵێکی نەوت دەمانبەن و دەمان خنکێنن و دەمانسوتێنن، لەم گومانانەدا بووم یەکسەر ئۆتۆمبێلەکە وەستا لێدانی دڵم زۆر زیادی کرد سەرم بەرزکردەوە لە کونێکی ئەو خێمەیەی بەسەر ئۆتۆمبێلە زیلە سەربازیەکەدا دانرابوو سەیری ئەم لاو ئەو لام کرد بینیم شوێنێکی چۆڵ تەنیا دەنگی دوو شۆفێر دەهات بە زمانی عەرەبی بە

یەکتربیان دەگوت: (ڕێگامان هەڵەکردووە لە ئۆتۆمبێلەکانی تر جیابوینەتەوە)، من ئەوکات زۆر دڵ خۆش بووم چونکە گومانەکانم کەمی کرد لە دڵی خۆمەوە وتم ئەگەر بشمانکوژن قەینا چونکە لەگەڵ هەموو کەس و کارمان پێکەوە دەمرین، ئۆتۆمبێلەکان بەهەمان ڕێگادا گەڕانەوە و بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن تا درەنگانی شەو گەیشتینە سەربازگەیەکی سەربازی عێراق لەوێ قافڵەی ئۆتۆمبێل و چەند خانەوادەیەکی تری بارزانیمان بینی ئەو شەوەش لەوێ ماینەوە بۆ بەیانیەکەی دووبارە ڕۆیشتین ئەم بیابانە تەواو نەدەبوو.

## وەك شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵ وابوو

گەیشتینە شوێنێك کە پێیان دەوت ئۆردووگای ژمارە دوو، لەوێ بە قوڕ و لیتە دوو هۆبەی بچوك کە سەریان بە دار و حەسیلە داپۆشرابوو لەسەر شێوازی خێمە دروست کرابوون یەك لە دوای یەك چەند خانوویەك دروستکرابوون. هەر وەك شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵ وابوو ئێمە لە گوندەکەی خۆمان بۆ ئاژەڵان شوێنی وامان دروست دەکرد. بە ناچاری کەمێك ڕێکمانخستن و ویستمان باش و گونجاویان بکەین تاکو بتوانین تێیدا بژین، ئەم بیابانە روت و وشکە هیچی لێ نەبوو، جگە لە ئێمە چەندین ماڵی تری بارزانی لەم ئۆردووگایەدا هەبوون. ئەم شوێنەش بیابانەکانی باشووری عێراق بوون و لە دیوانیە و قەزا عەفەك و قادسیە و قەزا هەمزە و خەیری و مەرەجوج و ئۆردووگاکانی ژمارە یەك و ژمارە دوو چەند شوێنێکی تر بوون، بۆ پێنج ساڵ ژیانمان لەوێ بەکۆلەمەرگی بەسەربرد.

## تامی سوێری هەمیشە لەسەر زارمان

زۆر باش بەبیرم دێت کەیەکەم بەیانی لەم ئۆردووگایە بیابانیەدا لە خەو هەڵسام هەموو دەم و چاو و دەست و قاچەکانم خوناوێکی سوێری لەسەر نیشتبوو، تامی سوێری هەمیشە لەسەر زارمان بوو ئەمە جگە لە کەش و هەوای سوێر و ناخۆش و پیس و خۆڵاوی، بیابانێك زۆر جیاوازتر لە ئاو و کانی و کەش و هەوای ناوچە کوێستانیەکانی بارزان.

## لاشەی سەگی تۆپی و کەر و پشیلە

لەم ئۆردووگایە بیابانیەدا جۆگەڵەیەکی بچوکی ئاو لەلایەکی ئۆردووگایەکەدا تێدەپەڕی، لاشەی سەگی تۆپی و کەر و پشیلەو سەدان شتی تری پێدادەهات،

بەڵام ناچار بووین دەبوایە ئەم ئاوە بخۆینەوە چونکە هیچ سەرچاوەیەکی تری ئاو نەبوو، بەهۆی ئەم ئاوەوە ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکاری ئێمە بە هۆی پیسی ئاو و خراپی کەش و هەواوە بەتایبەت منداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتە گیانیان لە دەست دەدا، سەرەتا لاشەیان زەرد و ڕەش و شین دەبوو دواتر هێواش هێواش توشی سك چوون و ڕشانەوە دەبوون دواتر گیانیان لە دەست دەدا، کوڕێکم کە ناوی (وەلی عیسی خالد) بوو بەهەمان شێوە توشی سك چوون و ڕشانەوە بوو گیانی لەدەست دا. خەسوشم بە هەمان شێوە گیانی لە دەست دا ناوی ( چاك علی سوفی) بوو، ڕۆژانە لەم ئۆردووگایە چەندین هەواڵی مردنمان پێ دەگەیشت تا وای لێهات پیاوان فریای ناشتنی مردووەکان نەدەکەوتن.

لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکەماندا ئۆردووگای ژمارە دوو تەنانەت ئۆتۆمبێلێکی لێ نەبوو، بنکەی تەندروستیش نەبوو بۆیە کاتێك کەسێك نەخۆش دەکەوت چاك بوونەوەی زۆر ئەستەم بوو، ئەمە هۆکارێك بوو بۆ مردنی لە رادەبەدەری خەڵکەکە.

هەمیشە کەسوکاری مردووەکان سەرگەردانی دۆزینەوەی گۆڕەکانیان دەبوون لەم بیابانە گۆڕستانی تایبەت بە ئێمەی لێیە منارەیەکی بچوکیش لە ناوەڕاستی گۆڕستانەکە هەبوو ئەگەر ئەم منارەیە نەبوایە ڕۆژی دواتر بە هۆی گەردەلولی بیابانەوە گۆڕی مردوەکانمان لەگەڵ زەوی تەخت دەبوو دۆزینەوەی گۆڕستانەکە ئەستەم دەبوو، لە ئۆردووگایەکانی تر گۆڕستانێکی تری بارزانیەکانی لێ بوو ئەو منارەی نەبوو بۆیە هەمیشە کەسوکاری مردووەکان سەرگەردانی دۆزینەوەی گۆڕەکانیان دەبوون.

بەڵام زۆر بەداخەوە ئێستا ناتوانم بڕۆمە سەر گۆڕی کوڕم و کەسوکارم هەم بەهۆی دوری ڕێگاکەیەوە و نەزانینی شوێنەکە و جیاوازی حکومەت و خەڵك ئەمانە هەمووی ئاستەنگن بۆ ئێمە.

## وەك موعجیزەیەك باران باری

لەم بیابانە زۆر بە دەگمەن باران دەباری بەڵام ئەو ساڵەی کە ئێمە ڕاگوێزارین بۆ ئەم بیابانە وەك موعجیزەیەك وابوو چونکە بارانێکی زۆر باری لەم بیابانە ئەگەر ئەم بارانە نەباری بوایە مردن زۆر زیاتر دەبوو چونکە ئەم بارانە کەش و هەوای ناوچەکەی کەمێك سازگارتر و تەندروستتر کرد.

**لە دەرەوەی ئۆردووگایەکە بنکەیەکی سەربازی دانرابوو**

نزیکەی پێنج ساڵ لەم ئۆردووگایە بیابانیە وشك و روتانە ژیانمان بە سەر برد وەك زیندانێك وابوو بۆ ئێمە. لە دەرەوەی ئۆردووگایەکە بنکەیەکی سەربازی دانرابوو کاتێك بمان ویستبوایە لەم ئۆردووگایە بچینە دەرەوە دەبوایە سەردانی بنکەی پۆلیسمان بکردایە و پسوڵەی رەزامەندیمان وەرگرتبوایە، ئەمە تەنها لە دووساڵی سەرەتا وابوو بەڵام دواتر ڕێگا درا کەمێك ئازاد تر بین هەروەها ڕێگە بە پیاوەکانمان درا لە قەزا و ناحیەکانی دەوروبەر لە چەند کارگەیەکی ڕستن و چنین و لە شارەوانی وەك کرێکاری پاککەرەوە کار بکەن.

**بەشێکی زۆری ژیانمان لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلە سەربازیەکاندا بوو**

تا ساڵی ١٩٨٠ لەم ئۆردووگایانە بووین لە خوارووی عێراق، پاشان دووبارە ئێمەیان کۆکردەوە و چەندین ئۆتۆمبێلی جۆراو جۆری سەربازی یەك لە دوای یەك وەستابوون دیسانەوە ڕاگواستن بەم ئۆتۆمبێلانە، بەشێکی زۆری ژیانمان لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلە سەربازیەکاندا بوو. ئەمجارەشیان نەمزانی بەرەو کوێمان دەبەن و چارەنووسمان چی بە سەردێت، دوای دوو ڕۆژ گەیشتنە ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکوك و هەولێر لە دەشتی قوشتەپە چەند خێمەیەك لە شێوەی ئۆردووگا ڕێزکرابوون و ئێمەیان لەم ئۆردووگایە نیشتەجێکرد، ناوی ئۆردووگایەکە قودس بوو، لەم راگواستنەدا کەمێك دڵخۆش بووین چونکە گوندەکانی دەوروبەرمان هەمووی کورد بوون و بە کوردیش قسەیان دەکرد. دواتر دەستکرا بە درووستکردنی ئۆردووگایەکە دیوارەکانی بە بلۆك دروستکران و سەری بە شێلمان و دارو حەسیلە داپۆشران، بەر لەوەی بچینە ناو ئۆردووگایەکە لە پایزی ساڵی ١٩٨٠ چەند فرۆکەیەك هاتن و ئەم ئۆردووگایەیان بۆردوومان کرد زیاتر لە ١٨ کەسمان شەهید بوون و نزیکەی ٥٠ کەسیش بریندار بوون.

**هاوسەرەکەم دەرفەتی ئەوەشی پێنەدرا بچێت چاوەکانی بشوات**

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٣ لە بەرەبەیانیەکی زوودا، دەنگ لە دەوربەری ئۆردووگایەکە دەهات و دواتر بەرە بەرە دەنگەکە نزیك دەبوو، بەعەرەبی قسەیان دەکرد و دەنگیان دەهات و دەیان وت:

روح ... روح ... روح

ارجع... ارجع... ارجع

سەرم سورما لەبەرخۆمەوە وتم بۆچی دوای سێ ساڵ دووبارە دەنگی عەرەبەکان دێت و بەو زمانە قسە دەکەن، چووم بۆ لای دیواری حەوشە چونکە دیوارەکە بەرز بوو تەنەکەیەکم خستە ژێر پێیەکانم و سەیری دەرەوەم کرد بینیم بە دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازی (مەنشا و پاسی نەفەر هەڵگر) یەك بە دوا یەکا لە سەر شەقامی سەرەکی وەستابوون و چەندین سەربازیش دەهاتن و دەچوون و هەندێك سەربازیشم بینی نەخشە و پیلانیان دادەناو هەر جار دەستیان بو لایەکی ئۆردووگایەك درێژ دەکرد.

من زۆر تاسام و زۆر ترسام یەکسەر چووم هاوسەرەکەم (عیسی)م لە خەو هەستاند. وتم: هەستە لە خەو هەستە، سەربازانی حکومەتی عێراق دەوری ئۆردووگای ئێمەیان داوە و بە ناو کۆڵانەکانی ئۆردووگایەکە کەوتوون. هەر لەم قسانەدا بووین بە توندی دەنگی دەرگای حەوشەمان هات سەربازەکان لە دەرگایان دەدا، ئێمەش دەرگایەکەمان نەکردەوە بەڵام دواتر سەربازەکان بەدار و بە پێ بە توندی دایان بە دەرگایەکە و دەرگایەکەیان شکاند و هاتنە ژوورە و هاوسەرەکەم دەرفەتی ئەوەشی نەبوو بچێت چاوەکانی بشوات و هەر فریای ئەوەکەت شەلوالەکەی لە پێ بکات و سەربازەکان هاتن و دەستیان گرت و هاواریان بە سەردا کردو وتیان وەرە و کوا هیچ پیاوێکی تر لەوماڵەدا هەیە باخۆی بەدەستەوە بدات.

هاوسەرکەم عیسی وتی: بەڵێ کوڕێکیشم هەیە.

بەڵام من وتم: ئەو کوڕەم لێرە نیەو چووەتە ئیش.

کوڕەکەم خۆی حەشاردا کە سەربازەکان گەڕان کەسیان نەبینی و هاوسەرەکەمیان بردو ڕۆیشتن، کوڕەکەم ویستی بە سەر دیوارەکەیە بڕواتە ئەودیوی خانووەکە و ڕابکەن بۆ دەووروبەری ئۆردووگا کوڕەکەم وتی: دایکە من ئەڕۆم بۆ دەرەوەی ئۆردووگایەکە منیش وتم نا کوڕم تازە سەربازەکان ڕۆیشتن و ناهێنەوە مەچۆ بو هێچ شوێنێ خۆت لێرە حەشار بدە باشترە لە هەموو شوێنێ ئەگەر بچیتە دەرەوە لە سەر شەقامەکەیا هەر دەتبینن، چووم کوڕەکەمم ماچکرد و وتم هیچ نابێت ئەم هەموو پیاوەیان دەستگیرکرد بۆ کوێیان دەبەن هەر دەگەڕێنەوە، بەم قسانەدابووم لەگەڵ کۆڕەکەم بەڵام دووبارە هەندێك سەربازی تر هاتن ئەمجارەیان کوڕەکەمیان بینی و دەستگیریان کرد و ئەویشیان برد .

هەمیشە دەڵێم خۆزگە بم هێشتبوایە کوڕەکەم ڕابکات و بچێتە دەرەوە لە ئۆردووگایەکە ئەوکات لەوانەیە رزگاری ببوایە، ئەمە بووەتە کەسەرێك لە دڵم دا.

## هەندێکیانم بینی تەنیا تاکە پێڵاوێکیان لە پێ بوو

من چوومە دەرەوە لە بەر دەرگا شکاوەکەی حەوشە لە کۆڵانەکەیا بینیم بە لێشاو پیاو و میرمنداڵی بارزانیان دەبرد بەرەوە شەقامە سەرەکیەکە ئەو شوێنەی ئۆتۆمبێلەکانی لێ وەستابوو. بینیم هەندێکیان خوێن بە لاشەیانەوەبوو و هەندێکی ترم بینی بە جل و بەرگی شەوەوە و هەندێکیانم بینی تەنیا تاکە پێڵاوێکیان لە پێ بوو. سەربازەکان بە ئارەزوی خۆیان بە نێو پیاوەکان دەکەوتن و لێیان دەدان و بێ ڕێزیان پێیان دەکرد هەر لە پێش چاوی ئێمەوە. من بەدوای پیاوەکاندا رۆیشتم بۆ سەر شەقامە سەرەکیەکە، لە پەنجەرەی یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانەوە، براکەم (تەتو) بانگی کردم و وتی: خوشکەکەم تۆ بڕو بۆ ماڵەوە هیچ نیە و ئێمەش دواتر دەگەڕێینەوە.

وتم براکەم چۆن هیچ نیە ئەمانە زۆر دڕندەن و بەچاوی خۆم بینیم چیان بە سەر پیاوەکان دەهێنا و بینیم (حسێنیە دین) کە دەست و قاچەکانی بە زنجیر بەسترابوون ئەویشیان برد و بە چوار کەس دەست و قاچیان گرتبوو و خستیانە نێو ئۆتۆمبێلەوە هەروەها کوێر و کەم ئەندام و نەخۆشیشیان دەستگیرکردن.

## عائیشە چەکەکەی لێ سەندوو ڕووی چەکەکەی کردە سەربازەکە

من هەر لەوێ مامەوە بەبەردەوامی پیاو و میرمنداڵیان دەهێنا و دەیان خستنە ناو ئۆتۆمبێلەکانەوە، دواتر چەندین ئافرەتی تریش هاتنە لام و ئێمە زۆرەوە بووین و لە نزیك پاسەکان هاوارمان کردو بەرەو ڕووی سەربازەکان رۆیشتین و ویستمان پیاوەکانمان لە دەستیان دەربهێنین، بەڵام سەربازەکان زۆر بێ بەزییانە بۆ لامان هاتن و ئێمەی ئافرەتانیان دایە بەر قۆنداغە تفەنگ و چەندین ئافرەت سەرو دەم و چاویان پڕ بوو لە خوێن، ئێمەیان زۆر ئازارداو بەناچاری کەمێك چووینە دواوە.

بینیم ژنێك ناوی (عائیشە) بوو ( رەحمەتی خوای لێ بێت ئێستا لە ژیاندا نەماوە)، عائیشە خۆی لە سەربازیك نزیك کردەوە سەربازەکەی خستە ژێر قاچەکانی و بە نینۆکەکانی هەموو دەموو چاوی بریندارکرد و چەکەکەی لێ

سەند و ڕووی چەکەکەی کردە سەربازەکە و وتی: ئێستا لێرە دەتکوژم هەی بێقیمەت پیاوەکانمان بۆ کوێ دەبەن و دواتر عائیشە بانگی کردم وتی خدیجە وەرە فریام با بیکوژین ئەم نامەردانە، وتم: نا عائیشە ئەمە تەنیا یەك سەربازە ئەی ئەو هەزاران سەربازانەی تر چیان لێ دەکەین، وازبێنە و چەکەکەت فرێ بدە ئێمە دەرەقەتیان ناهێین، دواتر ئەوانیش پیاوەکانمان ئازار دەدەن لە تۆڵەی کوشتنی ئەم سەربازە، عائیشەم ناچارکردو چەکەکەی داناو ئێمەش هەڵاتین بەرەوە ماڵەکانمان، کە چووینەوە ماڵێکی چۆڵ و بێ پیاو تەنیا دەرگای شکاو و جل و بەرگی فڕیدراو لە دۆلابەکەیا و شێواندنی ماڵەکەم بینی. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە تەنیا دەگریام وێنەی ڕووداوەکانم دەهاتە پێش چاو، وای کە ڕۆژێکی درێژبوو، بە قەدەر ساڵێك بوو بۆ من.

## تەنیا دەنگی ئافرەت و منداڵ دەهات

دوای دەستگیرکردنی پیاوەکان ئیتر دووچاری سەدان دەردەسەری بووین، ئاو و کارەبای ئۆردووگایەکەیان بڕی، دەرگای قوتابخانە و نەخۆشخانەکەشیان داخست، شەوانە تەنیا دەنگی ئافرەت و منداڵ دەهات هیچ پیاوێك نەمابوو مەملەکەتی ئافرەت و منداڵان بوو. شەوەکان زۆر ناخۆش بوون بۆ ئێمە.

## نابێت هیچ کەسیك شتومەك بەم ئافرەتە بارزانیانە بفرۆشێت

دوای چەند مانگێك ناچار شتومەکی ناوماڵ بفروشین و بچین کار بکەین و شان بە شانی پیاوان کارمان دەکرد، بەڵام ئەمەشمان لێ قەدەغەکرا و سەدام حوسێن بڕیاریدا:( نابێت هیچ کەسێك شتومەك بەم ئافرەتە بارزانیانە بفرۆشیت و کاریان پێ بکات)، بۆیە ئێمەش بیرمان کردەوە کە بەنهێنی لەئۆردووگایەکە ڕابکەین و بەرەو شاری هەولێر بچین و لەوێ لە کارگەیەك کار بکەین، چوار ماڵ پێکەوە چووین و لە هەولێر خانوویەکمان بەکرێ گرت.

## زیندانەکە پڕ بوو لە بەندکراو جێگای ئێمەی تێدا نەبوو

بە بەردەوامی ئەمن و هەواڵگری ئەوکات بە دوای خێزانە بارزانیەکان دەگەڕان لە گەڕەکەکانی هەولێر، ڕۆژێکیان ٣ سێ سەرباز لە دەرگایان دا کە دەرگام کردەوە یەکسەر هاتنە ژوورەوە و وتیان دەی وەرن: ئێمەی ئافرەت و منداڵیان سواری ئۆتۆمبێلەکە کرد، کۆستەرەکە پڕ بوو لە ئافرەت و منداڵ

ئێمەیان بردە زیندانی (محەتەی هەولێر)، بەڵام زیندانەکە پڕ بوو لە بەندکراو جێگای ئێمەی تێدا نەبوو، دواتر ئێمەیان بردە بارەگایەکی سەربازی ( نازانم بارەگای ئاسایش بوو یاخۆد دەزگایەکی تر). ئێمە نزیکەی ١٥ ئافرەت دەبووین جگە لە منداڵەکان، لەوێ لە هۆبەیەك دانراین و دەرگامان بەسەر داخرا ئێمەش زۆر ترساین و هەرچی دۆلاب و قەرەوێڵە و و شتی قورس هەبوو لەم هۆبەیە خستمانە بەر دەرگایەکە، چونکە ترساین ئەو شەو پیاوانی نەفس نزمی حزبی بەعسی عێراقی بێن و ئازارمان بدەن بۆیە بڕیارماندا بە هیچ شێوەیەك دەرگایەکە نەکەینەوە، درەنگانی شەو کەسانێك هەر لە دەرگایان دا بەڵام دەرگایەکەمان نەکردەوە تا بەیانیەکەی.

## پێویستە ئەم ئافرەتە بارزانیانە بکوژرێن

دیسان ئێمەیان خستەوە ناو ئۆتۆمبیلەکان و ئێمەیان بردە شوێنیکی تر زۆر ترساین بەتایبەتی منداڵەکان و هاوارمان دەکرد، لەو لاشەوە دەنگی ئاگادارکردنەوە (انزار) دەهات، چونکە ئەوکات شەڕی نێوان ئێران و عێراقیش بوو. ئێمە زۆرترساین چونکە هاتووچۆ و جموجۆڵی سەربازی زۆربوو فروکەکان و تانك و سەیارەکانی تری سەربازی دەهاتن و دەرۆیشتن. ئێمەیان بردە سەربازگەیەکی تر هەمووی سەربازی عێراقی بوون و هەندێك لە سەربازەکان دەیان گوت: پێویستە ئەم ئافرەتە بارزانیانە بکوژرێن.

ئێمەش چەندی هاوارمان دەکرد بەڵام هەر بێ سوود بوو، لەم سەربازگەیەش دیسانەوە زیندانیکردن. دوای ماوەیەك دووبارە ئێمەیان گواستەوە بەرەو شوێنێکی تر لەم شوێنە ئێمەیان دابەزاند و ئیتر سەربازەکان رۆیشتن، نەمازانی لە کوێن و بۆ جێیان هێشتین لەو دەشتە ,کە ئەوان رۆیشتن ئێمەش خۆمان گەیاندە ئاواییەکە هەندێك کوردمان بینی و لێمان پرسین ئێرە کوێیە وتیان ئێرە دەربەندیخانە. دواتر چووینە ماڵێ کوردێکی ئەم گوندەو زۆر هاوکارییان کردین و کۆمەکیان کردین و ئێمەیان حەواندەوە و ڕێگایان نیشانداین کە بەکوێدا بگەڕێینەوە شاری هەولێر، بەنهێنی خۆمان گەیاندەوە هەولێر.

## کۆلاوەکانی سەریان هەمووی جێگای گوڵلەیە

دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانی هەمیشە چاومان لە دەرگابوو ئەمڕۆ تا سبەی هاوسەر و کوڕ و کەسوکارمان دەگەڕێنەوە، بەڵام کەس نەگەڕایەوە ئێمە هەمیشە چاوەڕوانین کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێنەوە، دوای ئازادکردنی عێراق و لە سێدارەدانی سەدام و لە ناوچوونی حزبی بەعس، ئێسك و كەل و پەلی چەندین کەس لە کەسوکارمان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان دۆزرانەوە و هێنرانەوە بارزان لە گۆڕستانێکی تایبەتدا دووبارە نێژرانەوە، من کەل و پەلەکانم بینی جامانەی سور هیشتان ئەو گرێیەی پێوەیە کە چاوی مرۆڤێکی بارزانی پێگرێدراوە بەپشتێنەکانیان دەستیان لە پشتەوە گرێدراوە، کۆلاوەکانی سەریان هەمووی جێگای گوڵلەیە، هەموو شتێکم بینی بەداخەوە هەر خودا دەزانێ هاوسەر و کوڕ و کەسوکارم چۆن رەمیکران و چۆن زیندەبەچاڵ کراون، سەرەرای ئەم هەموو شتانەی کە بینیم بەڵام ئێستاش هندێك جار بیردەکەمەوە دەڵێم لەوانەیە بگەڕێنەوە و بگەڕێنەوە.

باسی چوارەم
## تراژیدیای ئێزیدیەکان
## چیرۆکەکانی شنگال تاوانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی دەردەخات

قڕکردنی کوردی شنگال بە (ئێزیدی و موسڵمان و شەبەك و کریستیان)ـەوە جینۆسایدێکی دیکەی خەڵکی سڤیلی نەتەوەی کورد بوو، کە نەك هەر کەرامەتی کوردستان، بەڵکو هەموو جیهانی بریندار کرد. ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییانەی چەکدارانی تەکفیری و تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، دەریخست بە هیچ شێوەیەك چاویان بە ئارامی ئەم هەرێمە و پێکەوە ژیانی ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی کوردستاندا هەڵنایەت. بۆیە بەو پەڕی وەحشیگەرییەوە هەوڵی پاکتاوکردنێکی دیکەی کوردیان دا و جگە لە ڕەشەکوژی و ئاسمیلەکردن و کۆمەڵکوژی و رفاندنی کچان و فرۆشتنیان، سەدان هەزار هاووڵاتی کوردیان لە شنگال ئاوارە کرد، کە ژمارەیەکی زۆریان لە پارێزگای دهۆك داڵدە دراون.
لە ناو قوتابخانەیەکی شاری دهۆك زیاتر لە ٤٠ خێزانی ئاوارەی کوردی ئێزیدی نیشتەجێ کراون. هەرکام لەو خێزانانە چیرۆکی ژیانیان تراژیدیایەکی دڵتەزێنە و لە نێویاندا چەندین منداڵی بێ باوك کراو دەبیندرێن، کە تا هەنوکەش ڕۆژانە مرواری فرمێسك بە سەر گۆنای ئاڵیاندا گلۆر دەبێتەوە.

### باوکمیان لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و کوشتیان

دوعا کچێکی تەمەن نۆ ساڵە و باسی ئەوە دەکات کە لە بەردەم خۆی و دوو خوشك و دوو برایدا چەکدارانی داعش باوك و دوو مامیان کوشتووە. ئەو منداڵە چاوگەشە کە خەم و پەژارە هەموو روخساری داپۆشیبوو، بە ناو هەنیسکی گریاندا گوتی:"باوکمیان لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و کوشتیان، کاتێك هەردوو مامەکەم دابەزین، تا فریای باوکم بکەون، ئەوانیشیان دایە بەر گوللە و هەموو گیانیان خوێناوی بوو، هەڕەشەیان لە براکانیشم کرد و پێیان وتن: ئەگەر لێرە نەڕۆن، ئێوەش دەکوژین".
دوعا کە دەستی دوو خوشکەکەی گرتبوو، بە گریان و شیوەنێکی دایکانەوە گوتی:" زۆر بیری باوکمان دەکەین، خوشکەکانم بە بەردەوامی دەگرین، هەر داوای باوکم دەکەن، ئاخر ئەو نەبێت، ئەی کێ خواردنمان بۆ دەهێنێت؟".
وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە قورسەی (دوعا) زۆر دژوار بوو. ناچار لەگەڵ

---
١- ماڵپەری گۆڤاری گوڵان

هەنبانەی خەمەکانیدا بە جێمان هێشت.
لە درێـژەی سـەردانەکەماندا چەنـد ئـاوارەیەکی دیـکەی دەڤەری شـنگالمان بەسەرکردەوە کە لەو باڵەخانانەی ناو شاری دهۆك نیشتەجێ ببوون. بیناکـان تەنیا هەیکەلەکەی تەواو ببوو، بە هیچ شێوەیەك بۆ نیشتەجێ بوون گونجاو نەبـوون، ئەوان بەوەش رازی بـوون، بەڵام هـاتنی وەرزی پـاییز و زسـتان، مەترسی زۆری بۆ دروست کردبوون.

## داعشەکان بە دۆشکە و بە بێ بەزەییانە تەقەیان دەکرد

وەعد خەلەف، وەك خـۆی باسـی کـرد خەڵکـی گونـدی (تەلبەنات)ـە. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی:"هێرشی داعش و جاشە عەرەبەکانی گوندەکانی دەوروبەرمان بە شێوەیەك وا دڕندانە بوو کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، ئێمە لە خەودا بـووین، لە دەنگـی بۆردومـانی هـاوەن و تـۆپ بە خەبەر هـاتین، داعشەکان بە دۆشکە و بە بـێ بەزەییانە تەقەیـان لە گوندەکەمان کـرد، هەموو خەڵـك بە منـداڵ و ئـافرەت و گەنـج و بەسـاڵاچوو ترسـابوون و هەڵـدەهاتن، ژمارەیەکی زۆریش لە ئافرەت و منداڵ و پیاوی بەساڵاچوومان لـێ بزر بوو، هەندێك دەڵێن: ئەوان دەست داعش کەوتوون و گوڵلەباران کراون".
هەر سـەبارەت بە بـێ سەروشـوێنکردنی کوردەکـانی شـنگال، خەلەف فەریـد گـوتی :"خـزم و کەسـوکارم لە نـاو ئەو کەسـانەدان کە لێمـان دابـڕاون و ژمارەیەکیان سۆراخیان هەیە، بەڵام ژمـارەیەکی تریـان لە لایەن داعشـەوە بـێ سەروشوێن کراون و باس لە کوشتنیان دەکرێت".

## خانووەکانیان سوتاندووە

ئەو کـوردە شـنگالییە بـاس لە سـووتان و بە تـاڵانبردنی ماڵەکانیـان دەکـات و دەڵێت:"عەرەبەکانی نزیك گوندەکانمان هەڵساون بە تاڵانبردنی کەلوپەلی زۆر لە ماڵەکانمان و تەنانەت زۆر لە خانووەکانیان سوتاندووە، تاوەکو جارێکی تر کـورد نەچێـتەوە ئەو شـوێنانە، لەمەشـدا زۆر لە هـۆزە عەرەبەکـان دەسـتیان هەبووە".

## بێ باوك لە ژیانێکی سەختی ئاوارەییدان

عەباس عیدۆ هاووڵاتییەکی دیکەی ئـاوارەیە و ئەویش بەم جۆرە باسـی لە بـێ سەروشوێنکردنی براکەی کرد و گوتی:"براکەم باوکی چوار کوڕ و سێ کچە لە لایەن داعشەوە براوە و بێ سەروشوێنە و چارەنووسی نازانین، منداڵەکانی

لە بـــارێکی دەروونـــی زۆر خراپـــدان و بە بـــێ بـــاوك لە ژیـــانێکی ســـەختی ئاوارەییدان".

**لە سەر چیای شنگال بە بێ نان و ئاو بووین**

کاریگەرییەکـانی ڕۆژانـی نەهـامەتی و نەهـات و مەینەتەکـانی سـەر چیـای شنگال، بە ئاسانی لە زەینی کوردی شنگال ناسڕێتەوە. ئەوان بیرەوەرییەکی زۆر تاڵیــان لەو ڕۆژانە هەیە. ئەوەتــا ئەلیــاس بــاپیر کە لاوێکــی ئێزیــدیە دەڵێت:"بە درێژایی شەش ڕۆژ لە سەر چیای شنگال خەڵکی بە بێ نـان و ئـاو و لە ژێـــر پلەیەکـــی گەرمـــای بەرز لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو دەبـــوونەوە، ژمارەیەك لە منداڵ و ئـافرەت و بەسـاڵاچوو مـردن، کۆمەك و یارمەتیەکـانیش بەشی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانی نەدەکرد، ئێمە بە گەنمی کوڵاو (دانوولە) منداڵەکانمان لە مردن رزگار کرد".

**چارەنووسی دایك و باوکم نازانم**

ئەلیـاس رەشـۆ یەکـێکە لەو هەزاران ئـاوارەیە و ئەویـش بە نیگەرانییەکـی زۆرەوە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:"دایك و باوکم لە چیای شـنگال بە جێماون و چارەنووسیان نازانم، من زیاتر لە عەرەبە سوننەکان دەترسم کە بـوونە داعش و ئازاریـان بە ئـێمە گەیانـد، ئەوان پێشـتریش لە ئەنفـالی کـورد بەشداربوون و شارەزاییان لە قڕ کردنی کورددا هەیە".

**دیسان عەرەبەکان دەستیان بە خوێنی ئێمە سوور بوو**

حەمۆ خەلیل خەڵکی گونـدی سیبا شێخ خدرە، ئەویش خـۆی و خـانەوادەکەی قوربانی تاوانەکانی داعشن، بەڵام وەك خۆی باسی کرد، زیـاتر لە چەکدارانی داعـش، رقـی لە عەرەبەکـانی ناوچەکەیـان هەڵگرتـووە، بـۆیە دەڵێت:"دیسـان عەرەبە خۆفرۆشـــەکان دەســـتیان بە خـــوێنی گەنـــج و منـــداڵ و ئـــافرەت و بەساڵاچووی ئێمە سوور بووە، بە درێژایی ئەو ڕێگەیەی لێی هەڵهاتین، دەیان لاشـەی خەڵکـی خۆمـان دەبینـی، خەڵکـی بە لێشـاو رایـان دەکـرد و زۆربەیـان دەگریـــان، ئەمـــڕۆ بـــاری تەندروســـتی و شـــوێنی نیشـــتەجێبوونمان ئـــارامی نەکـردووین، ونبـوونی ئازیزانیشـمان خەمێکـی زۆر گەورەیە، ئەوەتـا بـاوکم تەمەنـی ١٠٠ سـاڵە تـا ئێسـتا هەواڵـی نـازانم، مـن وامـدەزانی لە گەڵ براکـانم هەڵهاتووە، کەچی لەوێ ماوەتەوە".

**کچە پێنج ساڵانەکەم بە گوڵلە هاوەن کوژرا**

یەکێك لە گرفتەکانی خێزانە شنگالییەکان بوونی منداڵێکی زۆری پەککەوتووی خاوەن پێداویستی تایبەتە، دەخیل خدر کە باوکی منداڵێکی ئیفلیجە و لە ناو بەرد و داری باڵەخانەیەکدا نیشتەجێیە، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی:"لە بۆردومانەکەی شنگالدا، غالیەی کچە خنجیلانەکەم کە تەنیا پێنج ساڵ تەمەنی بوو، بە هۆی هاوەنەکانی داعشەوە لە حەوشەی ماڵەکەم کوژرا، تەنیا کچە کەم ئەندامەکەم بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەرباز کرا، ئێستاش ژیان لەم شوێنە سەختە بۆ منداڵێکی پەککەوتە، هیچ ڕێکخراو و لایەنێکیش بە هانای کچە نەخۆشەکەم نەچووە".

**بیری باوکم دەکەم**

هەر لەو ئاوارانە خێزانێکمان دواند کە باوکیان پێشمەرگەیە و لە گەڵ (قاسم شەشۆ) لە چیا ماوەتەوە، کوڕێکی تەمەن ١٢ ساڵی ئەو پێشمەرگەیە پێی وتین:"زیاتر لە مانگێکە باوکم نەبینیوە و چووەتەوە چیا، زۆر بیری دەکەم، دایکم دەڵێت: باوکتان پارێزگاری لە کوردستان دەکات، بۆیە داوا لە خوا دەکەم ئەویش و هەموو پێشمەرگەکان بپارێزێت".

# بەشی چوارەم
# ئەنفالی کورد و کوردستان
# و
# جینۆسایدی ئێزیدیەکان

## بەشی چوارەم
باسی یەکەم

## ئەنفالی کورد و کوردستان

پرۆژەی قڕکردنی کورد بە شێوازێکی زۆر گەورە دەستی پێ کرد و هەموو باشووری کوردستانی گرتەوە، کیمیابارانی دەیان ناوچەی کوردستان و شەهید بوونی دەیان هەزار کەس، کە زەقترینیان کیمیابارانی هەڵەبجەیە لە ١٦-٣-١٩٨٨ لە چاو تروکانێکدا (٥) هەزار منداڵ و ئافرەت و پیاوی کورد لە شاری هەڵەبجە کیمیاباران کران، زاراوەی ئەنفالیش لە ساڵی (١٩٨٨)بە دواوە هاتە نێو فەرهەنگی وڵاتی مندا، زنجیرەیەك کردەوەی سەربازی بوون لە (٢٣)ی شوبات تا(٦)ی ئەیلولی ساڵی(١٩٨٨)ی خایاند بە (٨) هەشت قۆناغ، جگە لە زیانی ئابووری و وێران کردنی دێهاتەکان، زیاتر لە (١٨٢) سەدو هەشتاو دوو هەزار ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە و گەنجی کورد بوون بە قوربانی.

لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی (ئەنفال) بە واتای تاڵانی جەنگ بەکار هێنراوە، کە مەبەست لێی سەر و سامانی دوژمن بووە، لە کاتی سەرکەوتنیان لە جەنگدا چنگیان کەوتووە و پاشان دابەشیان کردووە.

ئەنفال وەکو زاراوەیەکی قورئانی، ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆز، لە (٧٥) حەفتا و پێنج ئایەت پێکهاتووە لە ساڵی دووەمی کۆچی لە مانگی ڕەمەزان لە شەڕی بەدردا دابەزیوە

بەڵام ئەنفال لای سەرانی ڕژێمی عێراق پرۆسەیەك بوو لە فکری ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی بەعسدا کە بەرجەستەکراوێکی فۆرمەڵەی عەقڵانیەتی سیاسیانەی جینۆسایدی بە پراکتیزە کراوە لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕەهاوە بۆ ڕوونکردنی جەستەی کورد و سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی. ئەنفال یەکێك لە قۆناغە هەرە تراژیدیاکانی مێژووی کوردە لە عێراق، وێران کردنی سیستیماتیکی شار و گوندە، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، گرتنی بە کۆمەڵی خەڵکی سیڤیل و گوم کردنیان و...هتد، ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە لە بیری کۆمەڵانی خەڵك تاکو ئێستا زیندوو ماون.

ڕێکخراوی "میدل ئیست وچ" (M.E.W) دەڵێت: ئەنفال ((ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری چڕ و پڕی سەربازی سەرجەمیان (٨) هەشت پەلامار بوون لە (٦) شەش ناوچەی جوگرافی جیاواز بەڕێوە چوو،

فەرماندەی گشتی عەمەلیاتەکە لە دەست نوسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو، کە بنکەی لە شاری کەرکوك بوو، لە مارتی (١٩٨٧) بە دواوە لە لایەن "عەلی حەسەن مەجید"ەوە سەرۆکایەتی دەکرا.))
"مەریوان وریا قانع" دەڵێت: (ئەنفال لە کاتێکدا کوشتن و بێ سەر و شوێن کردنی سەدان هەزار کەسە لە هەمان کاتدا وێران کردنی هەموو ئەو مەرجە پێشینانەیە کە ژیان لە سادەترین مانایدا بۆ بەردەوام بوون پێویستی پێیەتی. وێران کردنێکی پلانرێژکراوی هەزاران گوند و شار و شارۆچکە و سوتاندنی دەیان دارستان و خنکاندنی سەدان کانیاو و کوشتن و تالآن کردنی هەزاران هەزار ئاژەڵە. چەندە وێرانەیەکی مادییە بە هەمان ئەندازەش وێرانەیەکی مەعنەوییە).
سوکایەتی کردن بە ڕەوشت و کەرامەتی ئافرەت و ئازاردانیان دوور لە هەموو بەها و داب و نەریتێکی مرۆڤایەتی. تۆقاندنی ئافرەت و منداڵ وچاندنی ترس و دڵە ڕاوکێ لە دەروونیاندا ئامانجێکی سەرەکی ڕژێمی بەعس بوو لە عێراق لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا.

باسی دووەم

## لە نێوان ئەنفال و جینۆسایدی ئێزیدیەکاندا

| ئەنفال | جینۆسایدی ئێزیدیەکان |
|---|---|
| بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە ئەنجام درا، بە بیانووی کافر بوونی کوردەکان. | بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە ئەنجام درا و بە بیانووی کافر بوونی ئێزیدیەکان. |
| سەدان هەزار ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە لە نێو بران و بە کۆمەڵ کوژران کە زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەس بوون. | سەر بڕین و لە ناو بردن و بە کۆمەڵ کوشتنی هەزاران کەس لە کوردی ئێزیدی. |
| سەدان منداڵ و پیر و پەککەوتە لە زیندانەکانی حکومەتی عێراق لە گەرمان و لە ژێر ئەشکەنجە و لە برسان گیانیان لە دەستدا و لاشەکانیان بوون بە خۆراکی سەگە هار و برسیەکانی نوگرە سەلمان. | سەدان کەس لە ڕێگای ئاوارە بوون و لە چیای شنگاڵ و لە ناو شنگال لە برسان و لە تینوویەتیان گیانیان لە دەستدا و لاشەکانیان بوون بە خۆراکی سەگ و باڵندە گۆشت خۆرەکان. |
| ژن وکچە گەنج و ئافرەتە پیر و پەککەوتەکان لێك جودا دەکران، کچەکان بە جودا و منداڵ و ژن و ئافرەتە پیرەکان بە جودا زیندانی کراون. | بە هەمان شێوە بە گوتەی رزگار بووان کچە گەنج و منداڵ و ئافرەتە بە ساڵاچووەکان لێك جودا دەکران. |
| دەستدرێژی سێکسی لە لایەن پاسەوانانی زیندانەکان و سەربازانی رژێمی بەعسی عێراقی دەکرایە سەر هەندێك لە کچ و ژنەکان. | کچ و ئافرەتەکان دەرفێندران لە لایەن گرووپی تیرۆرستی داعش و بە ئاشکرا دەستدرێژی سێکسیان دەکرایە سەر. |
| بە پێی بەڵگەکان چەندین کچی هەرزەکار و گەنج وەك کۆیلە بە وڵاتان فرۆشراون. | کڕین و فرۆشتن بە کچە ئێزیدیەکان کراوە وەك کۆیلە بازاری تایبەتیان بۆ دانراوە و بە وڵاتانی تریش فرۆشراون. |
| ئافرەتی سك پڕ ناچار دەکرا لە بەر چاوی پاسەوانە پیاوەکان منداڵیان | چەندین ئافرەتی سك پڕ رفێندران و چەندین تریشیان لە چیا بە بێ هیچ |

| | |
|---|---|
| ببێت، ئەمە بە بێ هیچ پێداویستیەکانی پزیشکی. | پێداویستیەك بە بەرچاوی خەڵکەوە منداڵیان دەبوو. |
| منداڵان بە بێ دەرمان و خۆراك بە جێ دەهێڵران تا دەمردن بە تایبەت لە زیندانەکانی دوبز و نوگرە سەلمان لە باشووری عێراق و چەند شوێنیکی تر. | دەیان منداڵ بە هۆی نەبوونی داو دەرمان و خۆراکەوە گیانیان لە دەستداوە. |
| ترس و تۆقاندن بە شێوەیەکی سیستماتیك پەیڕەو دەکرا لە لایەن دەوڵەتی عێراق و حکومەتی بەعس بەرامبەر بە ئەنفال کراوان و کورد و کوردستان بە گشتی. | تۆقاندن و ترس و سەر بڕین و بڵاو کردنەوەی ئەم دیمەنانە و هەڕەشەی سەر بڕینی مرۆڤەکان بە ئاشکرایە لە راگەیاندنەکانی وەك تویتەر و فەیسبووك لە لایەن چەکدارانی توندڕەوی تیرۆرستی داعش بڵاو دەکرانەوە بە مەبەستی تۆقاندنی خەڵك. |
| هەزاران گوند و شار و شارۆچکە خاپوور و وێران و چۆڵ کران و سوتێنران و خەڵکەکەی بەرەو چاڵەکانی مردن بران. | بە دەیان گوند و شارۆچکە چۆڵ کران و دەیان شوێن خاپور و سوتێنران. |
| بەرامبەر بە خاك و خەڵکی مەدەنی ئەنجام درا | بەهەمان شێوە بەرامبەر بە خاك وخەڵکی سڤیل ئەنجام درا. |

باسی سێیەم

**تراژیدیای ئەنفال**

**کە گەیشتینە تۆپزاوا وامانزانی هەموو کورد لێرەیە**

**نوگرەسەلمانیش هەروا بوو، ئەفسەرێك رێك و ڕەوان پێی گوتین ئێوە بۆ مردن هاتوون.**

حاجی لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٩ یە، لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی هەڵەدنی سەر بە ناحیەی سورداش بوون و ساڵی (١٩٦٤) لە گۆپتەپە نیشتەجێ بوون، هەتا سەرەتای ئایاری ساڵی ١٩٨٨ لەوێ خەریکی کاری کشتوکاڵ و ئاودێری بوون. لە پەلاماری ئەنفالی چواردا دوو کوڕ و کچێکی ( بە ناوەکانی بەکر و عوسمان و خانم) بێسەروشوێنکران و خۆی و هاوسەرەکەی بە ناوی خەجێ عەلی رەسول و سەعیدی تەمەن ١٢ ساڵیش ماوەی ٦ مانگیان لە زیندانەکانی تۆپزاوا و نوگرەسەلمان بەسەر بردووە . حاجی عەبدوڵا وەکو شایەتحاڵێکی ئەنفالی چوار لە دادگا شایەتی لە سەر تاوانەکەدا و روبەرووی صدام و سەرانی بەعس بووەوە .

ساڵی ١٩٨٨ کە پەلاماری ئەنفالی کوردی تێدا کرا و دڵرەقی بەعسیەکان گەیشتە لوتکەی بەربەرییەت و کۆمەڵکوژی، ئیتر هیچ گوندنشینێك نەیدەتوانی ئارەزوومەندانە لە زێدی خۆی بمێنێتەوە، بە ناچاری دەبوایە لە نێوان دوو دۆزەخدا یەکێکیان هەڵبژێرێ ئەوانیش نیشتەجێ بوون لە دۆزەخی کۆمەڵگای زۆرەملێ یان راپێچکردن بەرەو دۆزەخی ئەنفال، ئەوانەی زووتر ملیان بە سیاسەتەکانی بەعس و نوسینگەی باکوردا، بەر لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لە گوندەکانیان دابەزین و بە ناچاری چوون لەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانەدا نیشتەجێ بوونەوە کە بەعس بۆی دیاری کردبوون، ئەوانەشی هەتا ئەو کاتە نەگەڕانەوە بەر غەزەبی بەعس کەوتن و بە زەبری هێز و گازی کیمیاوی لە گوندەکانیان دەرپەرێندران و لە لایەن جاش و جەیشەوە گیران و ئەنفال کران. ئەنفالکراوەکانیش لە پۆلێنکردندا دوو بەخت بوون، چارەنوسیان بە دوو ئاقاردا ڕۆیشت، گەنجەکان بە سەیارەی شێوە ئیسعافی سەرداپۆشراو بە کۆمەڵ دەبرانە سەر چاڵەکانی مەرگ و لە بیابان دەکوژران و ژێر خۆڵ دەدران، ئەوانەی تەمەنیشیان هەلکشابوو دەبرانە زیندانی نوگرەسەلمان و لەوێ چاوەڕوانی مەرگێکی شێنەیی بوون بۆ ئەوەی لە برسا بمردایە ئەمانەش بەزۆری پیرەمێرد و پیرە ژنەکان بوون و کەمینەیەکیش منداڵ بەر نوگرەسەلمان کەوتن.

---

١- عومەر محەمەد، ماڵپەری جینۆساید کورد

٢- عەدالەت عومەر، ماڵپەری دەنگەکان

ئەومنداڵانەی لە ئەنفال دەربازبوون و بەر نوگرەسەلمان کەوتن بە زۆری ئەوانە بوون کەوا لەوەدا بەختیان هەبوو دایك و باوکیان تەمەنیان هەڵکشابوو لە پۆلێنکردندا لەو کۆمەڵکوژیە نەبرانە سەر چاڵەکانی مردن.. دەنا زۆرن ئەو پیرەمێرد و پیرەژن و منداڵانەی لە نوگرە سەلمان و دبس بەرگەی برسێتی و نەخۆشیان نەگرت و بیابان بووە گۆڕستانیان.
ماڵی حاجی عەبدولای گۆپتەپە دۆزەخی دووهەمیان هەڵبژارد، چونکە ئەوانیش وەکو تەواوی خەڵکی گوند بەو خەیاڵەوە لە گۆپتەپە مابوونەوە کە هێزی پێشمەرگە دەیانپارێزێ و ئەوەی بەعسیش پرۆپاگەندەی بۆ دەکات هەر فڕوفیشاڵە و بەرگەی پێشمەرگە ناگرێ و تەنها شتێکی کاتیە. بەڵام ئەوان کاتێك سەرگەرمی ئەم خەیاڵە بوون لە کۆتایی مانگی ئازارەوە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مەڵبەندی یەك و دووی ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ تێکشکابوو، ئەنفالی سێی گەرمیانیش تەواو ببوو هێزی پێشمەرگەش بەسەر ئەواندا پاشەکشەی دەکرد..! کەچی بەو حاڵەشەوە ئەو خەڵکە نەکەوتبوونە خۆیان، کە پۆلێك فڕۆکە هاتبوونە ئاسمانی گوندەکەیان و دووجار سورابوونەوە هێشتا ئەوان وایان زانیبوو ئەو فڕۆکانە دەڕۆن بۆ بەرەکانی جەنگی ئێران.. بەڵام فڕۆکەکان سنووری ئاسمانی ناوچەکەیان نەبەزاند و زۆری نەبرد بوون بە دوو پۆل و لە یەکتر جیابوونەوە، چواریان چوونە ئاسمانی گوندی عەسکەر و چواریشیان لە ئاسمانی گۆپتەپەوە کەوتنە بۆردومانی کیمیاوی ئەوسا کاڵەکیان بە ئەژنۆی خۆیان شکاند و زانییان وەزعەکە خراپە و ئیتر دەبێت مشوری خۆیان بخۆن. بەڵام پاش چی تازە کات درەنگە و کار لە کار ترازابوو، لە هەموو قۆڵەکانەوە سوپا لە پێشرەویدا بوو بۆ پەلاماردان.. لە سوسێ و چەمچەماڵ و دوکان و ئاڵتون کۆپری و کۆیە و تەقتەق و دێگەڵەوە جەیش و جاش وەك کەوان تەوقی ناوچەکەی دابوو. فڕۆکەش بەردەوام بەراسەرەوە دە سورایەوە .
ئەو سەروەختە نە ئامێری پەیوەندی کردن هەبوو نە شۆرشیش دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کارمەی هەبوو، خەڵکیش ڕێگەی هاتوچۆی لە شارەوە بۆ گوند و لە گوندەوە بۆ شار لێگیرابوو، حزبی بەعسیش نقومی فروفیشاڵ ببوو، هەر کاتێك لە بەرەکانی جەنگی ئێران ببەزیبایە لە هەموو کات دەمی گەرمتربوو، بێژەرەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەیانکرد بە هەڵایەك ئەوسەری نەبێتەوە. کتومت ئەو نوکتەیەیە کە دەڵێن پیاوێك کەوتبووە ژێرەوە و ئەوەندەیان لێدابوو شەلوکوتکرابوو کەچی کە ناوبژیوان کەوتبوونە نێوانیانەوە و لە یەکیان جیاکردبوونەوە ئەو بێشەرمانە دەیگووت دەبخۆ دەی ئاوات لێدەکەم ..

پاش ئەوەی لە ٢٠ی مانگی نیساندا ئەنفالی گەرمیان کۆتایی هات، ڕۆژی ١٩٨٨/ ٥/٣ یەکەمین گورزی پەلاماری ئەنفال بە چەکی کیمیایی دەستی پێکرد، کە لە هەردوو گوندی گۆپتەپە و عەسکەری ناوچەی قەڵاسێوکە درا و کۆمەڵکوژییەکی زۆری خستەوە، لەو پەلامارەشدا کوڕێکی حاجی عەبدوڵا بە ناوی (بەکر ) بەر چەکی کیمیاوی کەوتبوو دواتر لە دەشتی کۆیە مردبوو، ئەم بۆمبارانە کیمیاویە بە تەواوی گوندنشینەکانی شپرزە کرد، لەو شپرزەییەدا ڕۆژی دواتر ١٩٨٨/ ٥/٤ هێزی زەمینی پیادەی جەیش و جاش و هێزی ئاسمانیش لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرشیان کرد و لە هەموو لایەکەوە دەگەیشتنە سەریان،ماڵی حاجی عەبدوڵا شەوێکی تەواو بە ترسەوە ڕێیان بڕی بۆ بەیانیەکەی بەرواری ٥/٤ /١٩٨٨ لە نزیکی گۆپاڵەی بازیان کەوتنە دەست سوپا و گیران، لەوێ تێکەڵ بەو خەڵکە زۆرەی تر کران کە پێشتر گیرابوون، ئیتر ئەوان هەر بە تراکتۆرەکانی خۆیان و ئەوانەی پیادەش بوون سواری زیلی سەربازی کران و بردبوویانن بۆ لیوای ٣٩ لە قەڵای سوسێ و بۆ ڕۆژی دواتریش ١٩٨٨/٥/٥ بردبوویانن بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی و لە تەواریەکەی سەر بە ئەمن دەستبەسەر کران و ڕۆژی ٥/٧ ناردیانن بۆ تۆپزاوا. لەوێ هەر بە گەیشتنیان هەموویان پۆلێنکران و گەنج و پیر لە یەکتر جیاکرانەوە و پاش دوو ڕۆژ مانەوە لە تۆپزاوا پیرەکانیان ڕەوانەی نوگرەسەلمان کردبوو. بە مەزندەی حاجی عەبدوڵا (٤) مانگ و ( ٧ ) ڕۆژی تەواو لە نوگرە سەلمان ماونەتەوە. لە(١٠) ی مایسەوە هەتا ناوەڕاستی ئەیلول لە دیدارێکمدا لە گەڵ حاجی عەبدولا و سەعیدی کوڕیدا بە وردی ئەو ڕۆژی لێقەومانە و ڕۆژانی دواتری خۆی لە زیندانی تۆپزاوا و پۆلێنکردن و ڕەوانەکردنیان بۆ نوگرەسەلمان بۆ گێرامەوە.

حاجی عەبدوڵا وتی: کە کیمیابارانەکە کرا ئێمە لە چەمی ( ڕەندیخان) بووین لە سەر زەراعات بووین، خۆمان کۆکردەوە و نەچوینەوە گۆپتەپە ماڵ وحاڵمان بەجێهێشت و هەڵاتین، ئێمە بە دیوی بازیاندا هاتین سێ تراکتۆری پڕ لە پیاو و ژن و منداڵ بووین هەریەکەو ٥٠-٦٠ کەسی هەڵگرتبوو بە دوای یەکدا هاتین، هەرپێکەوەش گیراین و دواتر براین بۆ قەڵای سوسێ و لەوێشەوە بردیانین بۆ تەواریەکەی سلێمانی، ٢٢ی مانگی ڕەمەزان گەیشتینە تۆپزاوای لای کەرکوك کە گەیشتین وتمان هەموو کوردستان لێرە خرکراوەتەوە، هەتا ئەوێ هەموومان پێکەوە بووین لەوێ گەنجەکانیان لێ جیاکردینەوە کچ و کوڕ و ژن و پیاوی گەنجیان جیاکردەوە و ئەوانیان برد، ئیتر ئاگامان لە یەکتر نەما

هەر دوو شەو لە تۆپزاوا ماینەوە ئێمەشیان رەوانەی نوگرەسەلمان کرد و ئیتر نەمان بینینەوە .
لە نوگرەسەلمان وەزعمان زۆر خراپ بوو، چوین سکاڵامان کرد، ئەفسەرێك حەجاجیان پێدەگووت، رێك و ڕەوان وتی: کاکە ئێوە بۆ مردن هێنراونەتە ئێرە. ئەوە بە دەست من نیە لیژنەی کاروباری باکور ئەوەی بۆ داناون و بەشی ئێوە ڕۆژی دوو سەمون و یەك قوتو ئاوە و برایەوە. من لە دادگا ئەوەم باسکرد کەچی عەلی حەسەن مەجید هەڵیدایە و وتی: تۆ راست ناکەیت، پێم بڵێ حەجاج ناوی باوکی چییە ؟ منیش وتم من راست دەکەم تۆ راست ناکەیت من چوزانم ناوی باوکی چییە ؟!. بەڵام پێم بڵێ سەرۆکی لیژنەی باکور کێ بوو ؟ تۆ نەبووی ؟ بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدامەوە. دیسان وتی : تۆ راست ناکەیت کە دەڵێیت خەلك لە نوگرە سەلمان مردووە ئەگەر راست دەکەیت چوار ناوم لە گوندەکەی خۆتان پێ بڵێ، منیش دوو ناوم لە ناحیەی رێدار پێگوت، دوو ناوم لە قەزای کۆیە پێگوت، چوار ناوم لە ناحیەی ئاغجەلەر پێ گوت چوار ناویشم هێنایە ناحیەی سورداشی ئەمانەش هەمووی هی ئەنفالی چوار بوون .. ئینجا بێ دەنگ بوو قسەی نەکرد.
لە ڕاستیدا کەسێك نەبووە لە نوگرە سەلمان بە ناوی حەجاج پێموایە ئەو ئەفسەرە دڵرەقە ناوی راستەقینەی حیجاز بووە، بەڵام کوردەکان نەیان توانیوە ئەو ناوە بە رەوانی بڵێن بۆیە هەر وتویانە حەجاج .. عەلی حەسەن مەجید ویستوویەتی لەو رێگەیەوە بەرپەرچی ئەو شایەتحاڵە بداتەوە .
لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە رێژەی مردن لەوێ چۆن بوو ؟ حاجی وتی: خەڵکێکی زۆر مردن پێموایە سەروی هەزار کەس مردبن، هەموو ڕۆژێ بە لای کەمەوە ٤ - ٥ کەس دەمردن، هۆیەکەشی برسێتی و گەرما بوو جێگایەکی گەرم و ناخۆش بوو ئاوێکی پیس و سوێر تەنانەت پانکەیەکمان بۆ دانەنرابوو.

**ئەوەی لە بیری ناچێتەوە**

حاجی عەبدوڵا دەڵێت نوگرەسەلمان هەمووی هەر مردن و رەزالەت بوو، بەڵام ئەوەی لە بیرم ناچێتەوە، ئەوە بوو کە ژنێك لە حەوشەی نوگرەسەلمان هەرکە لە سەیارەکە دابەزی کەوت و منداڵی بوو، هەندێك ژن دەورەیاندابوو بۆ ئەوەی لە چاوی خەڵك بیپارێزن..جا وەرە لەوێ منداڵت ببێ نە ئاو هەبوو نە پەڕۆیەك هەبوو پێی وشك بکەیتەوە و تێیەوە پێچی؟ ئەوە زۆر کاری تێکردم و قەت لە بیرم ناچێتەوە. کۆمەڵێك ژن کرابوونە قاعەیەکەوە دوو هەفتە جارێك رێگەی هاتنە دەرەوەیان دەدان ڕۆژێك لە ناو حەوشەی نوگرەسەلمان

یەکێك لەو ژنانە لەسەر جادەکەی ناو حەوشەکە دانیشتبوو منداڵێکی لە باوەشدابوو دەگریا، جارجار تەماشایەکی منداڵەکەی دەکرد و سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە. تومەس منداڵەکەی مردبوو بەڵام هەر لە باوەشی خۆیدا هێشتبوویەوە.. ئەوەش زۆر زۆر زۆر کاری تێکردم .

**مەزاری شەهیدانی کیمیاباران**

دوای چوار ساڵ حکومەتی بەعس لێرە راونراو ئیدارەی خۆی کێشایەوە، ئیمەش چووینەوە بۆ گۆپتەپە ئەو کەسانەی لە کیمیاباران شەهید ببوون پێشتر هەر لە شوێنی خۆیان دوو دوو یان سێ سێ لێرە و لەوێی کێڵێك خۆلیان پێداکرابوو یان جاش دایانپۆشیبوون دەرمان هێنانەوە و لە قەڵاکەی گوند شوێنمان بۆ چاککردن و بە خاکمان سپاردنەوە ئەوەی دۆزرایەوە ئەوەشی نەدۆزرایەوە هەروا ماوە.." لە راستیدا هەتا ئێستاش جاربەجار بە هۆی خانوو دروستکردنەوە و هەڵکۆلینی زەوییەوە تەرم لە گۆپتەپە دەدۆزرێنەوە، تازەترینیان ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٤ بوو کە تەرمی پێشمەرگەیەك لە ماڵێکدا دۆزرایەوە و دواتر تەسلیم وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کرا.

**تۆپزاوا ڕۆژی حەشربوو، نوگرەسەلمان دۆزەخی سەر دنیا بوو**

سەعید حاجی عەبدوڵا، کاتەی ئەنفالکران لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بوو، پاش ئەوەی زانیم بە منداڵی زیندانەکانی تۆپزاوا و نوگرەسەلمانی بینیوە و لەوێ وەکو کوردێك زیندانی بووە، لە گەڵیدا کەوتمە گفتوگۆ، داوای کرد خۆی و حاجی باوکی دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانی لە گەڵیان ساز بکرێت.

هێشتا من کامیرام بۆ دانەبەستبوو کە کەوتە گێرانەوەی بەسەرهاتەکەی : " من ئەو کاتە تەمەنم ١٢ ساڵان بوو، بیرم دێ ئەو ئێوارەیەی گۆپتەپە کیمیاباران کرا، ئێمە لە ڕەندیخان بووین، تەیارەکانمان بینی کە بۆردومانەکەیان کرد، برایەکم هەبوو بەکری ناو بوو هات و وتی: گۆپتەپە کەسی تێدا نەما هەموو مردن بە کیمیایی، هەرچەندە ئێمە دوور بووین لە گوندەکەوە بەڵام دیاربوو کاری لە ئێمەش کردبوو ئەوەش بەوەدا دەزانم کە تاریکی کرد براکەم چرایەکی هێنا بە ئاستەم هەستم بە تروسکاییەکەی دەکرد چاوم نەدەبینا. براکەم " بەکر " هەتا گوندی کانی بی لەگەڵماندا هات و بۆ خۆی گەڕایەوە، چونکە ئەو سەرتیپی هێزی بەرگری بوو نەیدەوێرا بێت بۆ بازیان ئەو ناوە، ئیتر هەر ئەو جارە بوو نەمان بینیەوە، کە هاتین توشی جاشەکان بووین . وتیان برۆن هیچ کێشەیەك نیە لە رێتان ئەوان ئێزنیاندابن نەیانگرتین، بەڵام توشی جەیش

بووین ئامر لیوایەك بوو نەمانزانی ناوی چییە ئەو گرتینی ماوەی کاتژمێرێك رایانگرتین .. دواتر ئەوانەی تریش کە پێش ئێمە گیرابوون و ئەوانەی تریش کە دوای ئێمە گیران، پیادەبوون هەموومان سواری زیلی عەسکەری کران و بردیانین بۆ قەڵاکەی سوسێ، مەکینەکانیشیان هێنا لە نێوان هەردوو زیلێکدا مەکینەیەکی ئەنفالکراوەکانیش خرابووە ری بۆ قەڵاکەی سوسێ . لەوێ هەر زوو لە ناو قەڵاکە دایانگرتین و سواری زیلی عەسکەری کراین بۆ سلێمانی لە تەواریەکە دایانگرتین. دوای بردیانین بۆ تۆپزاوا .

**بەخێربێن بۆ دۆزەخ**

قەڵای نوگرە سەلمان ئەو شوێنەیە کە لە سەر دەرگای چوونە ژوورەوە نوسراوە "بەخێربێن بۆ دۆزەخ" و لە سەر دەرگای پشتەوەش نووسراوە"کەم هەڵدەکەوێت کەسێك سێمانگ لەم شوینەدا بمێنێتەوە"...

یەکێك لە گەراوەکانی نوگرەسەلمان تا ڕۆژی بەر بوونی ٥٢٠ کەسی ژماردووە کە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست داوە، بە پێی وتەی کارمەندانی بنکەکە ئەوان بەس بەڵگەنامەی وەفاتیان بۆ قوربانیان بە ناوی ئەو کەسانەی دروست کردوە کە بە نووسراو بۆیان هاتووە بەڵام هەرگیز لاشەکانیان نەهاتووەتە لایان.

**سەگ لاشەکانی دەخوارد**

مام نوری شاهید عەیانێکی دەربازبووی ئەنفال دەڵێت" لە نوگرە سەلمان دوو عەرەبانەی شکاوی لێ بوو، عەرەبانەی دەستی یەك تایە، ئەو کەسانەی دەمردن لە سەر ئەو عەرەبانانە دایان دەنا، جار هەبوو بەیانیان کە هەڵدەستاین ٦ مەیتیان تێدەکرد هەندێکیان ئەوندە مابوونەوە بۆگەن ببوون، زۆر جار مەیتەکان بەردەبوونەوە، خاکەنازێك و باڵتەیەکی شکاومان لا بوو خۆڵەکەش زۆر ڕەق بوو هەڵنەدەکەندرا ئەوە ناشتن نەبوو، فڕێدان بوو، چونکە تۆزێك خۆڵمان دەکرد بە سەریاندا و دوای ئێمە سەگ مەیتەکانی دەخوارد. چونکە سەگی بەرەڵای زۆر لێ بوو.

**نوگرە سەلمان دۆزەخێك بوو**

مام نوری لە بەردەوامی قسەکانی وا باسی قەڵای نوگرە سەلمان دەکات و دەڵێت "نوگرە سەلمان دۆزەخێك بوو دەتگوت ڕۆژی حەشرە لە نوگرە سەلمان زۆرمان برسی و تینوو بوو چونکە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا هیچیان

نەداینێ، کابرایەك (حمە ێدقی) ناو بوو خەڵکی (دارەختیار) بوو هاواری کرد وتی نانمان بەنێ وا لە برسا مردین هاتن زۆریان لێدا بەس لەبەر ئەوەی داوای نان و ئاوی کرد، لە نوگرەسەلمان لە سەر قاپیەکانی نووسرابوو (ویل) ، قاعەکان زۆر پیس بوون، بە سەدان کەس زیاتر لە قاعەکاندا بوون ، جێگای خەوتنمان نەبوو لە سەر لاتەنیشت ئەخەوتین، ژەمی سەمونێکی گەنمەشامی لەگەڵ یەك تۆز ئاودا، ئەو شەش مانگە دەممان لە هیچ چێشتێك نەدا جگە لەو سەمون و ئاوە، سێ مانگ بوو گیرا بووین وتیان شوتیتان بۆ دێنین ناردیان بۆ سەماوە بۆ شوتی، شوتیان هێنا هەر قاعەو دوو کەسیان بانگ کرد تاکو دابەشی بکەن بە سەرماندا، شەو و ڕۆژێك ئەو پیاوانەیان هێنا و برد، شوتیەکان بۆگەنیان کردبوو، یەکی قاژێکیان داینێ زۆر کەس هەر نەی خوارد فرێیان دا منیش فرێم دا زۆر پیس بوو".

**تا دەستی برد بو ئاوەکە، کوشتیان**

لە بەشێکی تری قسەکانی ئەو شاهیدعەیانە دەڵێت "لەوانەی کە مردن ئافرەتێك بوو ناوی (فاتمە محمد) کە ئامۆزای خێزانەکەی من بوو خەڵکی (ئاغجەلەر) بوو، ڕۆژێك تینوویەتی تەنگی پێ هەڵچنی بوو بە بێ ئێزن چوو لە حەوشەکەدا ئاو بهێنێت تەنکەرێکیان لەوێ دانا بوو، هەر تا دەستی برد بۆ ئاوەکە شورتەیەك بە هەموو هێزی خۆی شیشێکی کێشا بوو بە پشتیدا و تا هێنامانە ژورەوە مرد. هەر خەڵکی گوندەکەی ئێمە نزیکەی ١٠ کەس مردن. ئینجا ئەوەی داوای نان یان ئاوی بکردایە لە کاتی سەمون دابەش کردندا دەیان گرت و سەرەوخواریان دەکرد بەداردا و پەڕۆیان لە بەر لوتیان دەسوتاند.

**حەجاج**

شاهیدعەیانێکی گەڕاوەی نوگرە سەلمان کە ناوی مام جەبارە دانیشتووی بنەسڵاوەیە لە بارەی حەجاج پرسیارم لێکرد؟ وتی"بەرێوەبەری سجنەکە ناوی (حەجاج)بوو، پێم وت وابزانم ئەو کەسە عایدی ئەمن و ئیستخبارات بوو ناویشی "ملازم اول عەدنان"ە ، بەڵام لە بەر دڵڕەقی ئەو ناز ناوەیان داوەتێ، وتی نازانم بەڵام هەرچی ئازار و ئەشکنجەدان و شتی خراپ بوو بە ئەمری ئەو بوو، حەجاج هەر بە دەستی خۆی لە بەر چاوی ئێمە حەوت کەسی بەدار کوشت، لە قاعەکان دەگەڕا لە حەرەسەکانی دەپرسی ئەو ژن و منداڵانە هەموویان پێشمەرگەن؟ حەرەسەکانیش لە وەڵام دیانووت بەڵێ هەموویان پێشمەرگە و تاوانبار و خیانەتکارن جا بەدەم پێکەنینەوە دەهات و سووکایەتی

بە ئافرەتەکـان دەکـرد و ئەو ئافرەتـانەی سکیان هەبـا بە سۆندە لە سکی دەدا دەیگوت مادام ئەوانە کوردن و خیانەتکارن نابێ بمێنن".

**هەر ئافرەتێک کە دەگەڕایەوە قاعەکە کزو مات دەبوو**

لە بەشێکی تری قسەکانی لە بارەی ئافرەتەکان دەڵێت:"هەر ئافرەتێکیـان بانـگ دەکرد ئەگەر هاتباوە ناو قاعەکە کزو مـات دەبـوو ئەگەر نەهاتبـاوە ئەوە کەس نەی دەزانـی چییـان لـێ بە سـەر دەهـات، پرسیم ئەی ئافرەتەکـان هیچیـان نەدەگووت وتـی بە دایك و خوشك یـان پیرەژنەکانیـان دەوت کە دەستدرێژیان لەگەڵ کردوون ئەوانیش بۆ ئێمەیان باس دەکرد بەڵام دەسـەڵاتمان نەبـوو، ئەی هاوار چیمان کردبا بەخوا قەت لە بیرم ناچێتەوە ئەی ئەو هەموو کچ و کوڕە گەنجانەیان چی لێ کرد بۆ کوێیان بردن؟!".

ئەوەی جێی سەرنجە لە هەر هەموو بەڵگەکان لە بەشی پیشـە بە پێـی رەگەز و تەمەن نووسراوە (ژن یان پیاو یان منداڵی دەستبەسەرداگیراو) واتە"زیندانی"، لە بەشـــی ئـــاین نووسراوە"ئیســـلام"، لە بەشـــی شوناســـی ناســـنامەدا نووسـراوە"عێراقی"، جـا وەرە ئیسـلام بـی و عێراقـی بـی، نـاوی عەمەلیـاتی ڤرکردن و لەناو بردنیشت ئەنفالی سورەتی هەشتەمی قۆرئان بێت، بۆیە دەبـێ بڵێم سیاسەت و نیزامی دەسەڵاتدارانی عەرەبی بەعس و شۆڤێنیی ئاشکرا بـوو ئەویش مەبەست لە جینۆساید کردنمان بەس لەبەر" کورد بوونمان" بووە.

**دەبو سەیری خۆرەکە بکەین ئەوەی تەماشای نەکردایە لێیان ئەدا**

لە بەشـێکی تـری قسـەکانی ئەو شـاهیدعەیانە دەڵێـت:" یەکێـك لەو ئـازار و ئەشـکەنجانەی حەجـاج دڵـی زۆر پـێ خـۆش دەبـوو ئەوە بـوو نیـوەڕوان لەم گەرمایە ئەیان هێنایە دەرەوە بۆ بەر خۆرەکە سەعات و نیوێك لەو بەر خۆرە گەرمە دەبو سەیری خۆرەکە بکەین ئەوەی تەماشای نەکردایە لێیـان ئەدا، ئەوە تەعزیبێکی زۆر قورس بوو بۆ ئیمە چونکە تەموز بوو گەرمایەکی زۆر بەتین بـوو. ئـێمەش ئەو تاقەتەمـان نەمـابوو، خەڵـك هەبـوو ئەبـورایەوە هەبـوو لەو تەعزیبدانەدا دەمرد و ئێمەش هەر بە مەیتی دەمانبردنە ژوورەوە.

**هەموو ئەوانەی دەمردن لەشیان ڕەش و ڕەق دەبوون**

شاهید عەیانێکیتری نوگرە سەلمان بە نـاوی ئـامینە دەڵێت "پاش چوار مانـگ نوگرە سەلمان نەخۆشییەکی تێکەوت شەوی وا هەبوو (٣٠- ٤٠)کەس دەمرد. هەموو ئەوانەی دەمردن لەشیان ڕەش و ڕەق دەبوون بە جۆرێکی سەیر باریك

بەنیس دەبوون کەس نەیدەناسینەوە، هەموویشی لەبەر پیسی و بێ خواردنی بوو، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا یەك کەس خۆی نەشۆری .

**ئاودەستەکانیان پێ خاوێن دەکردین**

لەیلا ئەو کچەی کە لە کاتی ئەنفال تەمەنی سێزدە ساڵان بووە و ماوەی شەش مانگ لەگەڵ دایکی لە نوگرە سەلمان زیندانی بووە ئەو دەڵێت" کۆمەڵێك کوڕ و کچی گەنج بووین هەموو بەیانیانێک تاکو ئێوارە ئاودەستەکانیان پێخاوێن دەکردین کە حەوت ئاودەست بوون، شەشیان بە چیمەنتۆ سەب کرا بوو، ئەوەی حەوتەم کراوە بوو ئێمە دەبوو هەموو ڕۆژێك هەموو ئەو پیسایی شەش ئاودەستەکانمان بردبا و لە ئاودەستی حەوتەم بەتاڵمان کردبا کە پیرەمێردەکان دەیانووت هەمووی دەرژێتە ژێرزەمینێك (مەنهۆڵێکی گەورە) کە بەردەوام بەندیەکان تێیدا ئەشکەنجە دراون، ئەمە تەعزیبێکی زۆر قورس بوو ئێستاش جەستەم لەبەر ئەو پیسابیە تووشی نەخۆشی بووە ، کە تەماشای جەستەیم کرد زۆر بێتاقەت بووم هەموو جەستەی پەڵە پەڵە ببوو، مام ئەحمەدیش دەڵێت "ماوەی هەفتەیەك بە ئەمری حەجاج لە ژێر زەمینێك ئەشکەنجەدرام جێگایەك بوو کە بەردەوام پیسایی تێدا دەرژا لە سەر ئەوەی وتم ئێوە خواتان نیە بۆ وا لەم ژن و منداڵانە دەکەن .

**وامدەزانی ئێوەش وەك بارزانیەکان ئێرە دەبێتە قەبرتان**

مام نوریش لە بەشێکی تری بەسەر هاتەکەی دەڵێت:"شەوێك سەعات ١٢ی شەو بوو حەجاج هات بەدەم جنێودانەوە گووتی وەرنە دەرەوە وامدەزانی ئێوەش وەك بارزانیەکان ئێرە دەبێتە قەبرتان بەڵام بەداخەوە ئێوە بەردەبن، ئێمەش تا ئەو کاتە نەماندەزانی بارزانیەکان نەماون، کە حەجاج ئەو قسەیەی کرد، ئیتر زانیمان کە بارزانیەکان هەموویان تیاچوون ترسێکی زۆر کەوتە دڵمان گووتمان بەخوا ئێمەش وەکو ئەوانمان بە سەر دێت، ئەوانە درۆمان لەگەڵ دەکەن کەس باوەڕی پێیان نەبوو، وتمان دەمانکەنە ناو بەحرەوە، لە پاش ئەم قسانە دەستیان کردە لێدانمان بە سۆندە و دار و شیش زۆریان لێداین و بردنیاینەوە ژورەوە، هەمووی جێی گۆڕا کەس جێی خۆی نەدۆزیەوە دواتر هاتنەوە وتیان (٥٠٠) کەسمان دەوێت دەیان بەینەوە بۆ سلێمانی بەرتان دەدەین، کەس باوەڕی نەبوو خەڵك خۆی دەشاردەوە.

**دەبێ هەمووتان سوجدە بۆ من بەرن**

مام ئەحمەدیش لە بەشێکیتری قسەکانی دەڵێت" حەجاج لە سەر نوێژ و ڕۆژو گرتن خەڵکی فەلاقە دەکرد ودەیگووت نابێ کەس لێرە نوێژ بکات و( مەمنوعە سوجدە بۆ خوا بەرن دەبێ هەمووتان سوجدە بۆ من بەرن) هەروەها ئەو دەڵێت ڕۆژێك خەریکی نوێژ کردن بووم لە ناکاو قامچییەك بە سەرم کەوت بریسکە لە چاوم هەستا و کەوتمە سەر ئەرز حەجاج وتی جارێکی تر سەروخوار بەدار هەڵت دەواسم و پەرۆ لە ژێر لووتت دەسووتێنم ئەگەر سوجدە بۆ خوا بەری.

**شەوێك ١٠٠ کەس زیاتر پێکەوە مردن**

شاید عەیانێکی تر بە ناوی فاتیمە دەڵێت "ئاوی نوگرە سەلمان زۆر پیس بوو، سوێر و تاڵ و پڕ لە وردە شت بوو، پڕ بوو لە مردن خەڵکەکە لە ناچاری و تینوویەتی دەیخواردەوە و دواتر پێی دەمرد، شەوێك ١٠٠ کەس زیاتر پێکەوە مردن مێرد و کوڕەکەی منیشی تێدا بوو وەك شێتم لێ هاتبوو تا بەیانی باوەشم پێیان کرد ولەسەریان گریام ، بەیانی لاشەی مردووەکانیان برد بۆ دەرەوەی قەڵا خەفەتم دەخوارد دەبێ سەگە بەرەڵاکانی نوگرە سەلمان چییان لەم مەیتانە کردبێت، پاش چەند ڕۆژێك زانیمان ئەو ڕۆژە چوونکە ژمارەی مردووەکان زۆر بووە حەفارەیان هێناوە و هەموویانیان پێکەوە خستووەتە ژێر خۆڵەوە بەم خەبەرە تۆزێك دڵم خۆش بوو کە خاك بە نسیبیان بوو".

**ناچار دەکران لەسەر بوتڵی شوشەی شکاو دابنیشن**

عەدالەت تاڵەبانی کە شاهیدعەیانێکی دەربازبووی نوگرە سەلمانە دەڵێت" لە کاتی ئازاردانی جەستەی ئەوا بە نوێترین شێوەی ئازاردان بەندییەکانیان دەکوتا، بۆ نموونە (بوتڵە شوشەیەکی ئارەق یان بیرەیان لە نیوەڕا دەشکاند ئیتر ئەوەی دەمایەوە وەکو پەنجەی دەست تیژ بوون، بەندییەکانیان ناچار دەکرد لە سەری دابنیشن و زۆر بە توندیش دەستیان دەنا بەسەر شانیان بۆ ئەوەی ئەو شوشە شکاوە بچێتە ناوگیانیان، ئینجا خوێن وەکو جۆگای ئاو لە لەشیاندا دەچۆڕا و هیچ چارەسەر و دەرمانێکیش نەبوو، جاری واش هەبوو ئامێری سێکسی جهاز التناسلی پیاوەکانیان بە پلایز دەکوشی تا لە هۆش خۆیان دەچوون.

**لە ژێر هەڕەشەدا گۆرانیان پێ دەگوتن و هەڵپەڕکێیان پێ دەکردن**

ئەو شـاهیدعەیانە لە بەشـێکی تـری قسـەکانی دەڵێـت:"(لە چرقەی(قڕچـەی) گەرمای هاویندا ڕۆژانە یەك دوو ئافرەتیان ئەهێنایە دەرەوە و بە عەمودەکانی نـاو حەوشـەی بەنـدیخانەکە هەر لە بەیـانی تـاکو نیـوەڕۆ ئەیانبەسـتنەوە هەتـا ئەبورانەوە و نەدەبوایە کەسیش نزیکیان بکەوێتەوە شـەوانیش کە سـەربازەکان سـەرخۆش دەبـوون بە زۆری لـولەی چەك و لە ژێـر هەڕەشـەدا گۆرانیـان پـێ دەگوتن و هەڵپەڕکێیان پێ دەکردن .

باسی چوارەم

## تراژیدیای ئێزیدیەکان

## حەوت ڕۆژ لەسەر چیای شنگال

بەرەکات عیسی پەیامنێری (تۆری میدیایی رووداو) دەڵێت: نزیکەی کاتژمێر یانزەی شەو بوو، ئێمە وەك ڕۆژنامەڤان لەگەڵ ئاسایشی گرعوزێر بەسەر سەنگەرەکاندا دەگەڕاین، ئەوان دەستخۆشییان لە خەڵك دەکرد بۆ بەرگرییان لە خاکی خۆیان، منیش لەگەڵیاندا بووم بۆ ئەوەی چیرۆکی ئەو بەرەنگارییە بگوازمەوە بۆ بینەران و گوێگران و خوێنەران.
لەبەر ئەوەی رەبایەی زۆر هەبوون لە سنووری گرعوزێر، کات بووە یەکی دوای نیوەشەو، لە خاڵی پێشمەرگەی نێوان گرعوزێر و گرزەرك، ئەفسەرێکی پێشمەرگە ویستی سەردانی پێشمەرگە بکات لە کۆمەڵگەی گرزەرك کە ٧ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی گرعوزێرەوە دوورە.
ئەو کات کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی داعش بەو سنوورەدا لە هاتوچۆیەکی زۆردابوون. هەندێك لە بەعاجەوە بەرەو بلێج دەچوون و هەندێکیش لە سنووری گرعوزێرەوە بەرەو سیبا شێخ خدر دەچوون، ئیدی زانیمان ئەو هاتوچۆ زۆرەی داعش بێ هۆکار نییە و شتێکی لە پشتەوەیە.
خاڵی داعش لە گرزەرك لە سیبا حەجکۆ کە نزیکەی یەك کیلۆمەتر لە خاڵی پێشمەرگەوە دوورە، لە دووڕێیانی نێوان گرزەرك و بەعاج بوو. کاتێك ئێمە چووینە لای پێشمەرگە، ئۆتۆمبێلەکانی داعش زۆربوون لەو ناوچەیەدا.
تەنیا سڵاو و دەستخۆشییان لە یەکتر کرد و ئێمە گەڕاینەوە بەرەو کۆمەڵگەی گرزەرك، پێش ئەوەی بگەینە نێو کۆمەڵگەی گرزەرك، کەسێك تەلەفۆنی بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی گرعوزێر کرد و گوتی "چەکدارانی داعش لە تەنیشت گوندی گرزەرکی کۆن کەمینیان لە پێش ئێوە داناوە".
منیش لە ئۆتۆمبێلەکەی سواربووم و لە پێشەوەی کاروانەکەوە بووین کە لە چوار ئۆتۆمبێل پێکدەهات و جگە لە کلاشینکۆف، دۆشکەیەك و دوو بیکەیسی لەگەڵ ئەو هێزەی ئاسایشدا بوون.
بەڕێوەبەری ئاسایش گوتی ئێمە راناوەستین و کاتێك گەیشتینە خاڵی پێشمەرگە لە دەرگای دەرکەوتنی گرزەرك بەرەو گرعوزێر، شەڕ دەستیپێکرد و گوڵلەیان گرتنە ئۆتۆمبێلەکانمان، داعش لە چوار میحوەرەوە شەڕی گرزەرکی دەستپێکرد.

---

١- بەرەکات عیسا، تۆری میدیایی رووداو

دۆشکە و هەردوو بیکەیسییەکەی ئاسایش کاریان نەکرد، دۆشکەکەی خاڵی پێشمەرگەش تەنیا چەند گوللەیەکی تەقاند و وەستا. ئێمەش لە ئۆتۆمبێلەکان هاتینە خوارەوە و خۆمان دایە پەنا دیوارەکان. داعش بە دۆشکە و هاوەن شەڕێکی قورسی دەکرد، لە لای ئێمەش تەنیا کلاشینکۆفەکان کاریان دەکرد.
هەر سات نا ساتێك باسی هاتنی هێزێك دەکرا و نزیکەی ٤٠ هاوەن لە تەنیشت ئێمە دەکەوتن و زۆر خانووی هاووڵاتیان کەوتنە بەر گوللە هاوەنەکان و قاڕژن لە زۆر ماڵەوە دەهات ئەو کاتەی گوللە هاوەنێك دەکەوتە نێو ماڵانەوە.
تاوەکو کاژێر ٦ی بەیانی لەوێ ماینەوە، دوای ئەوەی داعش پێشڕەوی کرد و لە ئێمە سووڕانەوە، ناچاربووین رابکەین و توانیمان تەنیا یەك ئۆتۆمبێل لە ژێر بۆردومانەکە رزگار بکەین.
ئەو کاتەی ئێمە لەوێ دەردەچووین، خەڵکێکی زۆر لە گرزەرك رایاندەکرد. منیش بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ برادەران دەکرد لە سیبا شێخ خدر لە ڕۆژئاوای گرعوزێر کە لەوێش شەڕبوو.
ئێمە بەنێو دۆڵ و سەنگەرەکاندا گەیشتینە گرعوزێر، ئەو کات بەو برایەم گوت کە لە من بچووکترە، منداڵەکان بباتە گوندی وەردیی تەنیشت چیای شنگال. راستە شەڕ لە گرعوزێر نەبوو، بەڵام خەڵك رایاندەکرد، دوای ئەوەی بیستیان کە پێشمەرگە شوێنەکانی خۆی بەرداون. داوام لە دایك، باوك، خوشك و هاوسەرەکەم کرد کە بە پێ بڕۆن تاوەکو فەرحانی برام منداڵان دەگەیەنێتە وەردێ و دواتر دێتەوە بۆ هەڵگرتنی ئێمە.
ئەو کات هەموو خەڵك رایاندەکرد و ئێمە نزیکەی نیو کاژێر بە پێ رۆیشتین. بەڵام هێشتا هەندێك ژن لە گرعوزێر خەریکی پێوەدانی نانی تەنوور بوون و ئاگایان لە راکردن نەبوو.
ئێمە گەیشتینە وەردێ و بینیمان خەڵکی ئەو گوندەش رایانکردووەتە نێو گەلی و چیا.
تاوەکو دوای نیوەڕۆ هەموو خێزان و ماڵباتەکەمان گەیشتینە یەکتر، هەندێك بەرەو گوندەکانی جدالی، حەیالێ، سکێنیێ و مەزارگەی شێخ حەسەن لە گوندی گابار چوون کە هەموو ئەو گوندانە نزیکی چیان.
گەورەی گوندی وەردێ لە ماڵی خۆی مابووەوە و کاتێك داعش گەیشتە نێو گوند، داوایان لێکرد کە ئەو خێزانانەی چوونەتە چیا و دەشتەکان بگەڕێنێتەوە. ئاڵای سپییان هێنان و لە گوندەکەیان چەقاندن.
لەسەر داوای گەورەی گوند زۆر خێزان گەڕانەوە، بەڵام باوکی من، هەر پێنج براکەی و بنەماڵەکەمان گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە نەچنەوە نێو گوند. ئەو

کات دایکم پێی گوتم: تۆ بڕۆ سەری چیا، چونکە تۆ وەك خەڵکی دیکە نیت. هاوسەرەکەشم رازی بوو. ئێمە پێنج ئامۆزا بەسەر چیا کەوتین بەرەو باکووری چیاکە، خێزانەکانیشمان لە لایەکی دیکە مانەوە و گەیشتنە ئەو رایەی کە ئێمە بچینە جدالێ، چونکە داعش نەهاتبوونە ئەو لایە.

ماڵی پوورم لەسەر باخەکانی هەنجیر بوون لە گوندی کەرسێ کە دەکەوێتە باکووری چیای شنگال. ئێمە نزیکەی کاژێر ٩ی ئێوارە گەیشتینە ئەوێ، لەسەر چیا مامی خۆم (خودێدا) و هاوسەرەکەیم بینی.

کوڕی پوورم دوو گالۆن ئاوی لە کەرێك بارکردبوون و هاتبووە هاواری تینوویەتی ماڵی مامی من و ئێمەش کە ئاوەکەمان بینی، دەممان پێوەنا، چونکە ئێمەش بێ ئاو بەسەر چیا کەوتین و زۆر تینوو بووین.

کاتێك گەیشتینە ماڵی ئەوان، خواردنیان هێنا، خواردنەکە نان و ترێ و هەنجیر بوو. من بە حەیاتم حەزم لە شیرینی نەکردووە، بەڵام دەمزانی دەبێ بیخۆم، چونکە دواتر ئەو خواردنەش نامێنێ.

ڕۆژی دوایی ماڵی نایفی مامیشم گەیشتن و کەسوکاری کوڕە پوورەکەی منیش لێی کۆبوونەوە و ئێمە بووینە نزیکەی ١٣٠ کەس لەو ماڵە کە دوو خانووی لە قوڕ دروستکراویان هەبوو.

ئەو تەلەفۆنەی هەموو پەیوەندییەکان و کارەکەمی لەسەربوو، لە شەڕی گرزەرك بەجێما و شەحنی مۆبایلی دووەمیشم نەمابوو، بۆیەش هەموو شتێکم لە تەلەفۆنی ئەوانی دیکەوە دەبیست. هەرکەسێك لە باشوورەوە بەرەو باکووری چیا هاتبا پرسیارمان لێدەکرد.

هەموو بەرسڤەکان پڕبوون لە چیرۆکەکانی کوشتن و مردن لە گرعوزێر، سیبا شێخ خدر، تل قەسەب و تل بەنات. خەڵکی سنوونێ لەبەر نزیکییان لە رەبیعە، بە زوویی خۆیان گەیاندە ڕۆژئاوای کوردستان. هەموو کاژمێرێك هەندێکی دیکە لەلای ئێمە زیاد دەبوون، ئەوانەی لە باشوورەوە رایاندەکردە نێو چیا، لەلای باکوور دوو دەرگا هەبوون و خەڵك پاسەوانی دەکرد.

خواردن زۆر کەم بوو، خەڵکیش هەروا زیاد دەبوون لە لامان. دووریی گەیاندنی ئاویش لەسەرچاوەی کانیاوەوە ١٨ کاتژمێر بوو. هەر کە ئاو دەگەیشت هەمووی دەخورایەوە، بەڵام ژنەکان هەندێ ئاو و خۆراکیان بۆ منداڵەکانیان دەشاردەوە. من لەوێ نە ژنم هەبوو، نە دایك، نە باوك، نە خوشك و برا. نەشمدەتوانی بگریێم و رێگە بدەم ورەم دابەزێت لەبەر چاوی سەدان مرۆڤ.

زۆر لە خەڵکەکە پاتری مۆبایلەکانی خۆیان دەدایە من، بۆ ئەوەی هەواڵی نوێیان بۆ بهێنم دەربارەی پێشمەرگە، شەڕی داعش و رزگارکردنی شنگال.
هەرکاتێك تەلەفۆنم بۆ برادەرەکانم دەکرد لە دهۆك، دەمپرسی کە ئایا پێشمەرگە کەی دێن، ئەو کات زانیم کە تلکێف و بەنداوی موسڵیش کەوتوونەتە دەستی داعش.
دوای دوو ڕۆژ زۆر شتم بیستن و لە دڵمدا مانەوە، چونکە ئەگەر ئەو شتانەم بە خەڵك گوتبان، ترسی ئەوە هەبوو خۆکوشتن رووبدات. لەبەر ئەوە دەبووایە دەم بەخەندە بم و تەنیا هەواڵی خۆش بگوازمەوە.
زۆرم دەبیست لە بارەی مردنی منداڵان و کەسانی نەخۆش و بەتەمەن، لە کاتی سەرکەوتنیان لە باشوورەوە بەرەو باکووری چیا. بەڵام کاتێك گوێمان لە دەنگی هاوەن و تەقە دەبوو لە دەرگای ڕۆژئاوای چیاکەوە، زۆر دڵخۆش دەبووین، چونکە دەمانزانی خەڵکێك ماوە و پێشمەرگە و YPG و خەڵکی شنگال شەڕ دەکەن.
YPG چەکی خەڵکی وەردەگرتن و داوای لە گەنجان دەکرد بچنە ریزەکانی ئەوانەوە، پاش ئەوەی ڕۆژی دووەم گەیشتنە نێو چیای شنگال. سۆزی خەڵکیش بەلای ئەواندا جوڵابوو، دەیان کەس لەوانەش کە تەمەنیان ١٥ ساڵی بوو، چوونە نێو ریزەکانیان. زۆریش باسی قاسم شەشۆ و برادەرەکانی دەکرا و ئەوەش بە دڵی خەڵك بوو، بەڵام لە بەرامبەردا قەیرانی نان و ئاو هەبوو، هەواڵی ناخۆش دەربارەی مردن و کوشتن، رێگر بوون لە دڵخۆشبوونی خەڵك.
لە ڕۆژانی چوارەم و پێنجەمدا، سەختی هەرە مەزنمان بینی لە بێ خۆراکی و ئەو هەواڵە ناخۆشانەی دەگەیشتنە ئێمە، دوای ئەوەی بیستمان کە خەڵکی گوندی کۆچۆ لە دەستی داعشدا ماون و زۆر لە خەڵکی وەردێ بە لۆری و بارهەڵگر بەرەو شوێنی نادیار بردراون لە لایەن داعشەوە.
ئیدی خەڵك کۆنترۆڵ نەدەکرا و ئەو چەند هەزارەی لە باکووری چیابوون، بوونە دەیان هەزار کەس. خەڵك مەڕ و ماڵاتی خۆی بەرەڵلا کرد، بەڵام چونکە گۆشتی سوور مرۆڤی تینوو دەکرد، خەڵك نەیاندەوێرا بیخۆن. ئەو کەسانەی تازە دەهاتن، چەندین چیرۆکی تازەی مردن و کوشتنیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، هەموو ئەو چیرۆکانەش دەربارەی کەسانێك بوون کە ئێمە دەماننناسین.
سەرەڕای ترسی کوشتن یان مردنی خۆمان، بەڵام گەیشتنی ساندرای کچم بۆ لای من، هەناسەیەکی بە دەروونی ماندووم بەخشی.

لە ڕۆژی پێنجەمدا لە ڕێگەی تەلەفۆنی براکەمەوە دوای ئەوەی بە هاواری خێزانەکەمانەوە چوو لە باشووری چیا، بۆ ئەوەی بیانهێنێتە باکووری چیای شنگال، قسەم لەگەڵ هاوسەرەکەم کرد.
لەبەر ئەوەی زۆر لە ترس و تەنگاویدا دەژیان، شەڕی لەگەڵ کردم و گوتی:"ئێمەت بەجێهێشت"، دوای ئەوە پێمگوت: فەرحان هاتووە بۆ ئەوەی ئێوە لەگەڵ خۆی بهێنێتە باکوور و لە ماوەیەکی نزیکدا یەکتر دەبینین و کە گەیشتنە سەری چیا، ئێمە بە ئاوەوە بەپیرتانەوە دێین. بەو شێوەیە دڵخۆش بوو گوتی "دەی ئەوە کوڕەکەتە قسەت لەگەڵ دەکات "، کاتێك دەنگی (بنیامین)م بیست و بانگم کرد، یەکسەر دڵم گوشرا و پێش ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەم، گریان گەرووی گرتم و پەیوەندییەکەم بڕی.
منداڵی نەخۆش هەبوون، زۆریان بێ شیربوون، خواردن نەمابوو، ئەوانەی ئاویان بە پشتی کەر دەهێنا، نەیاندەویست ئیدی بچن، چونکە زۆر ماندوو دەبوون. من هەر سەرقاڵی تەلەفۆنکردن بووم و هەمووانیش دەیانویست من شەحنم هەبێ و قسە بکەم. لە گوندی کەرسێ بورجی کۆڕەك هەبوو، بەشەو هەندێك کەس تەلەفۆنیان دەبردن و بەیانی دەهاتنەوە و پاترییان بۆ ئێمە دەهێنا.
هیچ نەمابوو، خۆشم یەك ڕۆژ و نیو بوو تەنیا چەند دەنکە برنجێکم لەگەڵ مستێك ئاو خواردبووەوە. ئیدی وای لێهاتبوو ئەگەر ئاوت بەدەستەوە بووایە، دەترسای کەسێك بە زۆر لێت بسێنێ و پەلامارت بدات.
ڕۆژی شەشەم بیستمان کە سەدان خەڵك لە چیا دەربازبوون و گەیشتوونەتە ڕۆژئاوای کوردستان، دوای ئەوەی پێشمەرگە و YPG ڕێگەی نێوان سنوونێ و دووگورێیان کۆنترۆڵ کرد. دووگورێ تاوەکو بۆرك لە دەستی ئەواندا بوو.
ئیدی هیچ چارەیەکمان نەما، دەبووایە بڕیارێك بدەین. لەو ساتانەدا دوو براژنی من و منداڵەکانیان گەیشتنە لای ئێمە. بەڵام دایك، باوك، خوشك، هەردوو براکەم، هاوسەرەکەم و منداڵەکانم لە لای باشووری چیا مابوونەوە.
دوای ئەوەی بیستم کە هاوسەرەکەم بەرەو باکوور دێت و هەردوو براکەی من و چەند ئامۆزا و خێزانەکانیشیان لەگەڵدان، بڕیارمان دا بچینە گوندی کەرسێ، لە ڕۆژی حەوتەمدا دوو کاژێر سەرقاڵی گواستنەوە بووین. کە ئێمە گەیشتین، خەڵکێکی زۆر خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ڕۆیشتن لە نێو چیاوە بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان، ئێمەش یەك کاژێر پشوومان دا و پێمگوتن با ئێمەش بڕۆین.

نزیکەی ٨٠ کەس لە بنەماڵەکەمان رازی بوون و ئەوانی دیکە گوتیان ئێمە لە چاوەڕوانی ئەوانەدا دەمێنینەوە کە لە باشوورەوە دێن و پێکەوە لەگەڵ ئەوان دێین.
دوای نیوەڕۆی ڕۆژی حەوتەم، هەنگاو بە هەنگاو لە چیا دەرباز بووین و لە تەنیشت ناحیەی سنوونێ رووومانکردە دووگورێ و شەڕێك لەوێ روویدا لەو کاتەدا، بۆیەش هەندێ کەس ویستیان دووبارە بگەڕێنەوە بۆ چیا.
من و ساندرای کچم، ئاپۆ، راکان و سیروان کە هەموویان کوڕە برای من بوون، لەگەڵ ئامۆزاکەم موحسین و هاوسەرەکەی و هەردوو کوڕەکەی لە پێشەوەی خێزانەکانی دیکەوە دەڕۆیشتین و هێدی هێدی ئاومان لێ دەبڕا.
دوای نزیکەی چوار کاتژمێر رۆیشتن، گەیشتینە پشت کۆمەڵگەی دووگورێ و چەند ئۆتۆمبێلێکی YPGمان بینین کە لەوێ دەهاتن و دەڕۆیشتن، بەڵام کەسیان هەڵنەدەگرت و بە هەزاران کەس بە پێ بە رێگەدا دەڕۆیشتن. هەندێك پیرەژن و پیرەمێردمان بە پێ دەبینین کە بەجێهێشترابوون، هەموو کەس پرسیاری ئاویان لێدەکردین.
بنکەیەکی YPG لە پشت دووگورێ هەبوو، چوومە لایان، چونکە ئاپۆی کوڕە براکەم حاڵی زۆر خراپ بوو، داوام لێکردن بە ئۆتۆمبێلێك بیگەیەننە شوێنێك. دوای ئەوەی زانییان ناوی ئاپۆیە گوتیان " تۆ و کچەکەت و ئاپۆ بەتەنیا وەرن سواربن "، با سیروان و راکان و ئەوانی دی بە پێ بڕۆن. ئیدی چارەیەکی دیکە نەبوو بۆ رزگارکردنی ئاپۆ لە مردن، رازی بووین چونکە تەمەنی راکان و سیروان لە نێوان ١٥ تاوەکو ١٧ساڵیدا بوو، هەندێك ناسیاری خۆمان بینین و بەڵێنیاندا کە ئاگایان لێیان بێ.
نزیکەی حەوت کیلۆمەتر بە ئۆتۆمبێل رۆیشتین و لە تەنیشت ماتۆڕێکی ئاو ئێمەیان بەجێهێشت، ئاومان خواردەوە و دیسان بە پێ چەند کاتژمێرێکی دیکە رۆیشتین و لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان پەڕینەوە.
لە نێو ڕۆژئاوای کوردستانیشدا نزیکەی کاتژمێر و نیوێك بە پێ رۆیشتین، ئیدی جگە لە ساندرا و ئاپۆ کەس نەمابوو لەگەڵم، تەلەفۆنیش نەبوو تاوەکو چارەنووسی ئەوانی دیکەی کە بە رێگەوە بوون بزانم.
نزیکەی کاتژمێر ٨:٣٠ خولەك سواری بارهەڵگرێك کراین و بەرەو باشووری کوردستان بەڕێکەوتین. من زۆر نەخۆش بووم. لە رێگەدا گەیشتینە شارۆچکەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان...
سەر لە نوێ گریام و بیری خێزانەکەی خۆم و بنەماڵەکەی خۆم کرد کە راستە من گەیشتوومەتە باشووری کوردستان، بەڵام نازانم ئەوان لە کوێن. دوو

ڕۆژی زۆر درێژم تێپەڕاندن. خێزانەکەم گەیشتە ڕۆژئاوا و ڕۆژی سێیەم گەیشتنە زاخۆ و بەیەکتر شادبووینەوە.
بەڵام چ شادبوونێك؟ هەموو ماڵ و موڵکی خۆمان بەجێهێشتووە. چ شادبوونێك؟ ئێمە بە تەنیشت شنگالێکەوە رامانکردووە کە بۆنی مردنی لێدەهات، زۆر برادەرمان کوژران، بەڵام نەنێژران. چ شادبوونێك کە زۆر ئافرەتی شنگال رفێندراون و لە بازاڕەکانی شارەکانی عەرەبەکاندا دەفرۆشرێن؟ چ شادبوونێك کە ئێدی نازانین خاکێکمان هەیە ناوی شنگالە و ئایا هەر ئاوارە دەمێنینەوە یان نا.

# بەشی پێنجەم
# کیمیابارانی هەڵەبجە
# و
# جینۆسایدی ئێزیدیەکان

## بەشی پێنجەم
باسی یەکەم

## کیمیابارانی هەڵەبجە

لە ١٩٨٨/٣/١٦ حکومەتی بەعسی عێراقی دەستی کرد بە ئەنجامدانی دڕندەترین و کاریگەرترین تاوان دژ بە خەڵکی سڤیلی شاری هەڵەبجە، بە چەکی کیمیایی بۆردوومانی خەڵکەکەی کرد و پێنج هەزار مرۆڤی کورد لە منداڵ و پیرو پەککەوتە و گەنج بە گازی کیمیاییەوە شەهیدبوون و بە هەزاران کەسیش بریندار بوون و هەندێکیشیان تا ئێستا بەم ئازارەوە دەناڵێنن. لەم بۆردومانەدا سوپای عێراق بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید تێکەڵەیەك لە گازی خەردەل و گازی ڤی ئیکس و گازی دەماری تابوون و سارین و چەند جۆرە گازێکی تری بەکارهێنا، دوای ئەوەی ئەم شارە وێران و خاپور کرا و ئیتر بووە هۆی لە ناوچوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و هەموو زیندەوەرێکی سەر زەوی و ژیان لەم شارە وەستاو، ئەوانەیشی بە هەرجۆرێک رزگاریان بوو یاخۆد لە کاتی بۆردوومانەکە لەوێ نەبوون دوای کەمتر لە مانگێک دووبارە دووچاری راگواستن و ئەنفال بوونەوە.

باسی دووەم

### لە نێوان کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئێزیدیەکان

| کیمیابارانی هەڵەبجە | جینۆسایدی ئێزیدیەکان |
|---|---|
| بکەری تاوانەکە دەوڵەتی عێراق و حزبی بەعسی عێراقی بوون. | بکەری تاوانەکە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوون. |
| منداڵان بە هۆی گازی کیمیاییەوە لاشەیان سوتا و گیانیان لە دەستدا | منداڵان بە هۆی تیشکی خۆر و نەبوونی هیچ پێداویستیەک هێواش هێواش گیانیان لە دەستدا |
| بووە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و بە هەزاران کەس دەربەدەر و ماڵ وێران بوون | بە هەمان شێوە بە سەدان هەزار کەس دەربەردەر و ئاوارە و ماڵ وێران بوون. |

| | |
|---|---|
| ئەنـدامانی خێـزان پـەرتـەوازە بـوون و هەنـدێکیان بە هـۆی کیمیابـارانەوە و هەندێکیشـــیان ون بـــوون و هەندێکیشـــیان لە نەخۆشـــخانەکانی وڵاتی ئێران گیانیان لە دەستدا | ئەنـدامانی خێـزان لێـک جـودا کـران و پیاوەکانیان رەمیکران و ئافرەتەکانیش رفیندران کڕین فرۆشتنیان پێوە کرا. |
| لە چرکەساتێکدا ٥٠٠٠ مرۆڤی کورد بە هـۆی گـازی کیمیـاییەوە شـەهید بوون | نـــــــزیکەی ٥٠٠٠ هەزار کەس دەســـتگیر کـــران و رفێنـــدران و هەندێکیان گوڵلە بارانکران و ئەوانـی تریش وەک کۆیلە لە بازارەکان کڕین و فرۆشتنیان پێوە کرا |
| تاکو ئێستاش نزیکەی ٦٠ منداڵی ون بـوو هەن لە وڵاتـی ئێـران و چەنـد شوێنێکی تر بێ ناو و بێ شوناسن | ســەدان منــداڵ لە دایــک و باوکیــان دابــران و هەندێکیشــیان بە وڵاتــان فرۆشراون و بێ ناو و بێ ناونیشانن |

باسی سێیەم

**تراژیدیای کیمیابارانی هەڵەبجە**

**کچێکی هەڵەبجەیی ٣ ڕۆژ دوای شەهیدبوونی دایکی، هەر شیری دایکی دەخوات**

کچە تاقانەیەکی کیمیابارانی هەڵەبجە[١]، چیرۆکی مانەوەی خۆی لە ناو شەهیدەکاندا دەگێڕێتەوە و ئاشکرای دەکات، دوای ٣ ڕۆژ لە شەهیدبوونی دایکی، لە سەر شیری دایکی ژیاوە.
زەمزەم عەبدولکەریم، ئەو کچە تاقانەی هەڵەبجەیە ، کە تراژیدیای ژیانی خۆی بەم شێوەیە گێرایەوە و گوتی:"وەك دەگێڕنەوە، کاتێ تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ٣/١٦ ڕووی داوە، تەمەنم ٢ مانگ و چەند ڕۆژێك بووە، لەو کاتەدا خەڵك هەوڵیان داوە کە بڕۆنە دەرەوەی هەڵەبجە، خێزانەکەی ئێمەش کە لە دایکم و باوکم و خوشك و برایەکم پێکهاتبوون، کەوتوونەتە ڕێ، تا بۆ دەرەوەی شار بڕۆن، بەڵام لەسەر ڕێی گوندی (قلیج)، جگە لە خۆم، هەموویان شەهید بوون". وەك زەمزەم باسی دەکات، لەو کیمیابارانەدا خۆی کۆرپە بووە و بە باوەشی دایکییەوە بووە، بەڵام کاتێ لە ١٩٨٨/٣/١٦، دایکی شەهید بووە، زەمزەم لە ژیاندا ماوە و تا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٩ لە باوەشی دایکیدا ماوەتەوە و لەو ٣ ڕۆژەدا، شیری دایکی خواردووە و بەو شیرە ژیاوە.
هەروەها گوتی:"دوای ٣ ڕۆژ، پیاوێکی خزممان هاتووەتە سەر تەرمەکانی خێزانەکەمان، بەڵام لەو کاتەدا بینیویەتی کە من شەهید نەبووم و لە ژیاندا ماوم، ئیتر هەڵیگرتووم و لەگەڵ خۆی بۆ ئێران بردوومی، لەوێش لە نەخۆشخانەدا بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ خەوێنراوم".
بە گوتەی زەمزەم ، خزمەکەی بۆی گێڕاوەتەوە، کاتێك هاتووەتە سەر تەرمی دایك و باوك و خوشك و براکەی و بینیویەتی، زەمزەم ماوە.
لە کیمیابارانی ٣/١٦دا، پێش ئەوەی لە ماڵ دەربچن، عەبدوکەریمی باوکی زەمزەم، ناوی زەمزەم و کوڕ و کچەکەی تریشی لە سەر سینگیان نووسیوە، بۆ ئەوەی ئەگەر لە حاڵەتێکدا لە یەك دابڕان، بدۆزرێنەوە، ئەوەش وای کردووە، خزمەکەیان بە ئاسانی زەمزەم بناسێتەوە.
دوای ئەوەی زانراوە زەمزەم شەهید نەبووە و بە کۆرپەیی، نەنك و پاپیری بەخێویان کردووە تا گەورە بووە و بە باپیر و نەنکیشی گوتووە باوکە و دایکە.
لە بەر ئەوەی ئەوان بە منداڵی بەخێوەیان کردووە و زەمزەمیش نەیزانیوە و هەستی نەکردووە کە باوك و دایکی خۆی شەهید بوون و ئەوان باپیر و داپیرەی ئەون، ئەو تا ٥ ساڵان چیرۆکی خێزانەکەی نەزانیوە.

١-عومەر عەزیز، ماڵپەری باسنیوز

## بۆمباران و کیمیابارانی فڕۆکەکانی بەعس[١]

کاتژمێر لە (١١:٣٠) خولەك تێپەڕی بوو، دڵم پێی گوتم سەیری ئاسمان کە، کە ڕوانیمە ئاسمان دوو فڕۆکەی جەنگیم بە ئاسمانەوە بینی کە بە دوای یەکترەوە بوون و هەردوکیان بەرز بوون و یەکێکیان لە ئەوی کەیان بەرزتر بوو وە دەنگێکی وەهایان نەبوو، دیارە فڕۆکەکان زۆر بوون بەلاَم من هەر ئەوەندەم لێوە دیار بوو، لەو کاتەدا ویستم پڕ بە گەروم هاوار بکەم و ئەو دراوسێیانەمان ئاگادارکەم کە لە کۆلاَندا بوون لە بوونی ئەو (٢) فڕۆکە لە ئاسمانی هەڵەبجەدا، بەلاَم فڕۆکەکان بواریان پێ نەدام و دەست بەجێ دەستیان بە بۆردومان کرد، ئیتر شار شڵەژا!، بۆردومانەکە هێندە چڕ بوو لە ترسان لە بری ئەوەی بۆ ماڵ خۆمان هەڵبێم بەرەو ماڵ(حاجی رشید علی بارام)ی دراوسێمان ڕامکرد، کە گەشتمە بەردەرکی ماڵیان فشاری ئەو موشەکانەی فڕۆکەکان هاویشتیان و کێشایان بە کۆلاَنی پشتەوەماندا چەند مەترێك لە دەرگاکەوە بۆ ناو ماڵەکە و بۆ پێشەوە هەڵیدام، زۆر ئازارم پێگەشت و لە ترسان لاشەم گەرم بوو، هەستامەوە و بێ پرس و سەلام کردن خۆم کرد بە ژێر زەمینەکەیاندا، بە دوای مندا خاوەن ماڵ و ماڵی (مامۆستا موحەممەد) ی زاوای خاوەن ماڵەکەو و ماڵی کاك (حەمەی علی بارام) ی برای خاوەن ماڵ ، دواتریش ماڵی خۆمان بە لێشاو وە بە شپرزەیی خۆیان کرد بە ژێرزەمینەکەدا، ژمارەمان نزیکەی (٣٤) کەس دەبوو کە منداڵ و ژن زۆرینەی ئەو ژمارەی پێك دەهێنا .

ئەو ژێر زەمینە زۆر بچکۆلە بوو، وە لە ناچاریدا و لە حەیبەتی گیانی خۆمان نەبوایە جێگەی سێ یەکمانی تێدا نەدەبوویەوە! .

فڕۆکەکان کە بە دەنگی گەورەیاندا هەستمان دەکرد کە زۆر زۆر بوون لە پەساو بێ وچان بەردەوام بوون لە هێرش کردن بۆ سەر خەڵکی بێ دیفاعی هەڵەبجە .

هێجگار دڕندانە بە مۆشەك و بۆمب و ناپاڵمی گەورە کەوتنە کوشت و بڕی هەمووان، لە کاتێکدا هیچ بەرگریەکی ئەوتۆیان لێ نەدەکرا لە لایەن چەکی دژە هەوایی هیچ لایەکەوە و ئێران لە ڕۆژی یەکەمدا چەکی دژە هەوایی کاریگەری نەهێنابووە مەیدانی شەڕەکەوە و جگە لە دەنگی فڕۆکەکان و تەقینەوەی بۆمبەکان و هات و هاواری خەڵکی شار هیچ دەنگێك نەبوو لە ئارادا!.

١- یادەوەرییەکانی کامل عبدالقادر وەیس، ماڵپەری ماڵەخنجیلانەکەی هەڵەبجە، نووسەر و رزگاربووی کیمیابارانی هەڵەبجە و چالاکوانی بواری جینۆساید، بەهۆی دەولەمەندی ناوەروکی چیروکەکەی و ئەو تراژیدیایەی بەسەر ناوبراو هاتووە، سوودمان لە بەشێکی زۆری بەسەرهاتەکەی وەرگرتووە، بو تەواکردنی ئەم داستانە پرلە تراژیدیایە دەتوانن سەردانی ماڵپەری ناوبراو بەرهەم و نووسینەکانی کامل عبدالقادر وەیس بکەن.

هێزە ئێرانیەکان و ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق و پێشمەرگەش بە زوویی کشانەوە بۆ شاخەکانی دەوروبەری هەڵەبجە و وەك نێچیرێکی هێجگار ئاسان ئامادەکراین بۆ ڕاوکردن لە لایەن بەعسەوە، کە لە مێژەوە بە دوای هەل و دەرفەتێکی ئاواییدا دەگەڕا بۆ قەلاَچۆکردنی خەڵکی هەڵەبجە و تۆڵەکردنەوە لە خەڵکی ئەم شارە دژ بە دیکتاتۆریەت و بەعسە.

وەك پێشتر گوتم هیچ چەکێکی بەکاری دژە ئاسمانی نەهێنرابووە دەوروبەری هەڵەبجە لە لایەن ئێرانیەکان و پێشمەرگەوە، لەبەر ئەوە فرِۆکەکان ڕاوی کۆلاَن بە کۆلاَن و ماڵ بە ماڵ و تاك بە تاك و بست بە بستی شاریان دەکرد!! ، گرمە و زرمە و ناڵەی فرِۆکەکان ئاسمان و زەوی ناوچەکەی داگیر کردبوو!، زەوی و خانوەکان تەنانەت ژێرزەمینەکانیش دەلەرینەوە! .

پۆل پۆل فرِۆکەی جەنگی سوپای عێراقی جۆر بە جۆری وێنەی میك و سیخۆی دەهاتن بۆ وێران کردنی شار و بۆ ساتێکیش ئاسمانی شاریان بە جێ نەدەهێشت! ، هات و هاواری خەڵکی و قیژەی ژن و گریان و زیرەی منداڵاَن دەگەشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان!.

لەو ژێر زەمینەدا هەموومان دەترساین و لە ترساندا زەرد هەڵگەڕابووین بەردەوام لە خوا دەپاڕاینەوە کە بمانپارێزێت، بەلاَم ژن و منداڵەکان هێجگار دەترسان و تواناى بەرگەگرتنی ئەو هەموو ترس و بیمەیان نەبوو!.

ژێرزەمینەکە بچوك بوو، ئەو ژمارە زۆرەی نەدەگرت و جێگەمان تەنگ بوو، ئەژنۆم بە ئەژنۆی (صالح ی حاجی رشید علی بارام )ەوە بوو، کە نەخۆشی دەروونی هەبوو، کە لە ترسان ئەژنۆکانی دەلەرزین ئەژنۆکانی منیشی دەلەرزاندەوە!، گەرومان وشك بوو بوو، ڕوخسارمان هەڵبزِسکابوو، لە ترسان ڕەنگی مردوومان لێ نیشتبوو، هەرکە پۆلێك فرِۆکە دەهات بۆ بۆردومانکردن دەست بەجێ شایەتومانمان دەهێنا و دەستمان دەگرت بە گوێمانەوە و بە تەمای ژیان نەدەماین! ، هەرکە فرِۆکەکان دەگەڕانەوە سەرمان سورِدەما لەوەی سەرەڕای ئەو هەموو بۆردومانە چۆن لە ناو نەچوین! ، هێندەی پێ نەدەچوو پۆلێك فرِۆکەی دیکە وێنەی گەلەگورگ پەلاماری شاریان دەدایەوە و بۆردومانیان دەکردەوە .

لە یەکێك لە بۆردومانەکاندا بۆمبێك کێشای بە ژوری تەنیشت ژوری سەرو ئەو ژێر زەمینەی کە پەنامان بۆ هێنا بوو، ناپاڵمێکیش کێشای بە ماڵی دراوسێی سەروترماندا و لە بن دەری هێنا! ، ئیتر بە تەواوەتی ورەمان نەما و تۆقین!.

لە ناو ئەم هەموو ترس و بیم و نارِەحەتیەدا (بەهرە) ی خوشکەزام کە تەمەنی یەك ساڵ و چەند مانگێك دەبوو، جار بە جار دەهات و باوەشی بە مندا دەکرد و پێدەکەنی بۆم، وەك ئەوەی حەزکات دواساتی تەمەنی بە یاریکردن لەگەڵ خاڵیدا بەسەر بەرێت! .

من تاوەکو ئێستاش لە هەڵسوکەوتی ئەو منداڵە و لەو کاتە هەستیارە و لەو تەمەنە و لەو شوێنەدا کە زۆر جیاواز بوو لە هەڵسوکەوتی هەمووان سەرم سورِدەمێنێت و دەڵێم ئاخۆ زانیبێتی کە تەنها من لە ناویاندا رِزگاردەبم و ویستبێتی یادەوەریەك لای من بەجێ بهێڵێت (کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە!) .

بیرم دێت چۆن چۆنی بە رِوخساری سور و سپی فریشتەیی و بە دەمە وردیلە و چاوە کاڵەکانیەوە دەستەوملانی من دەبوو، پرِ بە هەموو دونیا بەرائەتی لێ دەباری! .

پێش کاتژمێر(٢) ی پاش نیوەرِۆ ئۆقرەمان لێ برِا و پێمان بە جەرگی خۆماندانا و هاتینە دەرەوە و ویستمان بە تراکتۆرەکەمان هەڵبێین، بەلاَم فرِۆکەکان دیسانەوە و بۆ جاری چەند هەمین جار گەرِانەوە و لە ترساندا دیسانەوە خۆمان کردەوە بە ژێرزەمینەکەدا، ئەمجارەیان فرِۆکەکان جیاواز لە جارانی پێشوو دەنگیان زۆر گەورەتر بوو! ، کە هەستمان دەکرد زۆر نزم دەبوونەوە لە کاتێکدا کە بۆردومانیان دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکانیان هێندە کپ بوو وامان دەزانی بۆمبەکان ناتەقنەوە، بەلاَم لەگەڵ ئەم دەنگە کپەیاندا بۆنێکی ناخۆش دەهات، کە هەناسەمان دەدا بە ئاسانی هەوای سییەکانمان بۆ نەدەکرایە دەرەوە، لەم کاتەدا کاك (هیوای حەمەی علی بارام) گوتی: رِەنگە ئەو دەنگە کپەی موشەکەکان هی ئەوەبێت کە نەتەقیبنەوە، وە بۆ ئەوەی بزانێت بەر کوێ کەوتوون لە ژێرزەمینەکە چویە دەرەوە، بەلاَم بە زوویی گەرِایەوە و پێی رِاگەیاندین کە هەست بە بۆنێکی ناخۆش دەکات و چاوەکانی دەکزێنەوە، ئێمەش گوتمان هەست بەو بۆنە دەکەین! ، کاك هیوا لە حاڵێکدا هەردوو چاوی سور بوو بوونەوە و زاق دەیانرِوانی بە سەرساميەوە دانیشت.

لەولای منەوە لە تەنیشت باوکمەوە کاك (ابراهیم ی حاجی رشید ی علی بارام) دانیشتبوو کە پێشتر سەربازی کردبوو، چپانی بە گوێی باوکمدا و بە دەم گریانەوە پێی گوت: مامەحاجی بەخوا هەموومان تیاچووین!! ، باوکم پێی گوت: بۆ کورِم؟! ، گوتی: ئەو بۆنە بۆنی گازی کیمیاییە، کیمیاییش لە لایەن هەرکەسێکەوە هەڵمژرێت ئەوا دەیکوژێت و بە هیچ شێوەیەك بواری رِزگار بوونی نیە!.

باوکم زۆر سەغڵەت بوو، وە چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، بەڵام تکای لێ کرد کە ئارام بێت تاوەکو ژن و منداڵەکان لەوە زیاتر نەترسن.
لە ڕاستیدا کارەساتەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو کە بشارێتەوە، نەشارایەوە، هەمووان زانیان و دەستیان بە گریانی کوڵ کرد و باوەشیان بەیەکدا کردو، کەوتنە خۆسپاردن بە مەرگ!.
ماڵی حاجی ڕەشید کاریان بە ئامۆژگاری دوو پاسدارەکەی کۆلآن کردبوو(چونکە دووان سیانێکیان مامۆستا بوون)، وە دەیان لەفافیان ئامادەکردبوو، وە خەڵوزیان تێکردبوو، دابەشیان کرد بەسەر هەمووواندا، بەڵام بەشی یەکێك نەماو، من وەرم نەگرت، بەڵام (گولآڵە)ی خوشکم لە تەنیشتمدا بوو ئەوەی خۆی جار بە جار دەدا بە دەستمەوە تاوەکو نەخنکێم و منیش پاش کەمێك دەمدایەوە و ئاوایی بەردەوام بووین،گولآڵە وێڕای خۆی دەبوایە لەفافی بەدەمی ( بەهرە)ی کچیشیەوە بگرتایە! .
لەم کاتەدا کاك (هیوای حەمەی لاسلکی)خاوەنی سینەماکەی هەڵەبجە کە ماڵیان بەرامبەر ماڵمان بوو خۆی کرد بە ژێرزەمینەکەدا و بە دەم هاوار و گریانەوە داوای لە باوکم کرد کە چیتر چاوەڕێی مەرگ نەکەین و بڕۆینە دەرەوە و هەڵبێین، وە گوتی: با هیچ نەبێت کە مردین خەڵکی پێمان بزانێت و بمان نێژن! ، بەڵام باوکم و هەمووان لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەکان بە باشیان نەزانی بچینە دەرەوە و ئەویش بە جێی هێشتین و هەڵهات لەگەڵ خێزانەکەیدا و دواتر زانیم کە کاك هیوا لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو بووە و ئێرانیەکان بە هانایانەوە هاتوون لە دەرەوەی شارەوە و بردویانن بۆ ئێران .
باوکم داوای کرد هەر چۆنێك بێت شتێك دروست بکرێت و بیخۆین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ دەرچوون لە شار، وە گوتی: با لە ڕێگادا لە برساندا پەکمان نەکەوێت.
ژنان هەرچۆنێك بوو ئازایانە برنجێکیان لێنا و لە ژێرزەمینەکەدا دەستکرا بە خواردنی، من زۆر شەرمن بووم ڕووم نەدەهات دەست بۆ برنجەکە درێژ بکەم و پارو بکەم، گولآڵەی خوشکم زوو هەستی پێکردم و پارویەکی گەورەی بۆ کردم و گوتی: ( ها بیخۆ؟! ، ئەو پارووە بخۆ، بەخوا دەزانم شەرم دەکەیت!)، منیش پاروەکەم لە دەست وەرگرت و خواردم ( تومەز ئەو خواردنە تێکەڵ بە گازە ژەهراویە کیمیاییەکان بووەو، ئەو ئاوەی پێی لێ نراوە تێکەڵەیەك بووە لە کیمیایی و ئاو! ) ، هەرچۆنێك بوو دانمان بە خۆماندا گرت و گوتمان کە دنیا تاریکی کرد فڕۆکەکان ئیتر نایەنەوە ئێمەش ئەو هەلە دەقۆزینەوە و هەڵدێین، هەر لە بەر ئەوەش چاوەڕێمان کرد تا دونیا تاریکی

کرد، بەلاَم شەو داهات و فرِۆکەکان لە جاران زیاتر دەهاتن و بۆردومانیان دەکرد! ، بگرە تا دەهات ژمارەشیان زۆرتر دەبوو .

**هەڵهاتن لە مەرگ،هەوڵدان بۆ رِزگار بوون!**

ناچار لە ژێر زەمینەکە هاتینە دەرەوە، بەلاَم کە هاتینە دەرەوە هێندە سەرسام بوو بووین نەمان دەزانی لە کام لاوە هەڵبێین!، کەس کەسی لە بیر نەبوو، وەك سەرخۆشمان لێ هاتبوو! ، کۆلاَنەکەمان چووبوو بەیەکداو، بە لاشەی شەهیدو کەرەستەی خانو رِێگەو کۆلاَنەکان گیرابوون، چەندین خێزان پێکەوە لە بەردەرك و نێو ماڵەکانی خۆیاندا شەهید بووبوون! ، وەك گوێم لێ بوو خەڵکی بەدەم هەڵهاتنەوە دەیان گوت هەموو رِێگاکانی دەرچوون لە شار بە لاشەی شەهید گیراوە! .

هەریەکەو بەجیا بۆ خۆی هەڵدەهات و، بۆ خوارەوەی کۆلاَنەکەمان رِامان کرد، ویستمان بۆ خوار شار هەڵبێین، بەلاَم فرِۆکەکان زۆریان بۆ هێناین و پەرتەوازەیان کردین، لە ترسان خۆم کرد بە ژێرزەمینی ماڵێکدا لە گەرِەکی کانی قوڵکە کۆلاَنی خوار کۆلاَنی مزگەوتی (دار الاحسان)، کە چومە ژێرزەمینەکەوە، ژێرزەمینەکە گەورەبوو، بەلاَم زۆر قەرەباڵغ و تاریك بوو، بینیم خەڵکێکی هێجگار زۆری تێدایە و وەك ئەوەی کەسێکی زۆر نزیکیان لێ مردبێت گریان و هاتوهاواریان لێ بەرز بوویەوە دیتم ئەوانیش لەوەدان هەڵبێن، دیمەنەکە وەك ئەو رِۆژی حەشرە وابوو کە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کراوە، چەند سەرسام بووم هێندەی تر سەرسام بووم! ، لەم سەرسامیەدا بووم گوێم لێ بوو یەکێك لە دەرەوە بانگی لێ کردم و، منیش چوم بە دەمیەوەو بینیم یەکێکە لە ئەندامانی خێزانەکەم و بە تراکتۆرەکەوە چاوەرِێمن، سەرکەوتم لەگەڵیانداو بەرِێکەوتین و بە نیازی هەڵهاتن بەرەو ئێران بە رِووی گوندی (عەبابەیلێ) و لە لای خانوە زاتیەکانەوە بەرەو رِۆژهەلاَتی هەڵەبجە هەڵهاتین (دیارە جگە لە ئێمەش دەیان هەزار دانیشتوی هەڵەبجە لە هەموو دەروازەکانی چوونە دەرەوەی شارەوە کەوتنە هەڵهاتن و ملی رِێگا گرتنەبەر بەرِووی ولاَتی ئێراندا)، بەلاَم رِێگەمان لێ هەڵەبوو، وە کاتێکمان زانی رِوو بە رِووی ئەو شیو و دۆلاَنەی نزیك گوندی (جلیلە)ین و، لەوێدا گیرمان خوارد .

شەو داهات و فرِۆکەوانەکان ئەیانزانی دنیا تاریکی کرد لەشار هەڵدێین، لەبەر ئەوە بۆردومانەکانیان گواستەوە بۆ ئەو رِێگاو شوێنانەی خەڵکی لێیەوە لە شار هەڵدەهاتن، وە بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بە باشی بپێکن ئەمجارەیان پێش

بۆردومان کردنیان بۆمبی ڕووناککەرەوەیان بەکار دەهێنا!، کە بەکاریان دەهێنا ئەو ناوچەیە ڕۆشن دەبوویەوە، لەگەڵ ڕۆشن بوونەوەیشدا فڕۆکەکان بە کۆمەڵ هێرشیان دەکردە سەر ئەو خەڵکە بێ دەستەڵات و بێکەس و بێ دڵسۆزە، بە هۆی ئەو ڕۆشناییەی کە بۆمبەکان دروستیان دەکرد بە چاوی خۆم دەیان لاشەی ژن و منداڵ و پیاوم دەبینی کە بە پاڵەپەستۆی ناپاڵم و بۆمبەکان چەندین مەتر بەرزدەبوونەوە بۆ ئاسمان و پاشان دەکەوتنەوە زەوی، هەزاران خەڵك بەو شەوە ئەو دەشتەیان دابوویەبەرو وەك ئەوەی شێرێکی برسی دوایان کەوتبێ بە ڕاکردن هەریەکەو بۆ خۆی هەڵدەهات و باوك و دایك ژن و مێردو منداڵ و خوشك و برا یەکتریان بەجێ دەهێشت! ، دیمەنێك بوو ڕەنگە پێشتر لە خەونمدا بمبینایە زیرەم بکردایەو بمردبایەم!.

ناچاربووین لە تراکتۆرەکەمان دابەزین و هەریەکەو بە لایەکدا هەڵهاتین، کە بۆردومانەکەش کەمێك کپ بوویەوە بە هات و هاوارکردن و ناوهێنانی یەکتری یەکتریمان دۆزیەوەو سواری تراکتۆرەکە بووینەوە، بەلاَم زۆر نەڕۆشتین شیو و کەن هاتنە پێشمان لە نزیك (گوندی جەلیلە).

باوکم گوتی: من لە پێشتانەوە دەچم تا بە تراکتۆرەکەوە نەکەوینە کەن و شیوێکەوە، چونکە دنیا زۆر تاریك بوو، وە نەشمان دەتوانی سوود لە لایتی تراکتۆرەکە ببینین و هەڵی کەین لە ترسی فڕۆکەکان، وە لەبەر ئەوەی باوکم نەیدەتوانی بە باشی ڕێنمونیمان بکات و چاوی بە باشی نەیدەبینی لەبەر گەورەیی تەمەنی! ، داوام کرد ڕێگەم پێبدەن کە من پێش تراکتۆرەکە بکەوم، کە پێشیان کەوتم زۆر نەڕۆشتین ڕوو بە ڕووی کەن و شیوێکی گەورە بوومەوە، هاوارم کرد ڕاوەستن ئیتر بواری ڕۆشتنی تراکتۆر نەماوە! ، وێڕای ئەوەی ڕێگاکەمان هەڵە کردبوو تراکتۆرەکەمان تایەیەکی پەنچەر بوو بوو، وە جەمیل ی برام تایەکەی هەڵواسیبوو، وە بە هیچ شێوەیەك بە کەڵکی ئەو بارودۆخ و ڕێگەیە نەدەهات.

سەرئەنجام باوکم ئەوەی بە باش زانی کە بگەڕێینەوە بۆ شار! ، بەلاَم هەموومان ڕازی نەبووین و گوتمان تازە ناگەڕێینەوە، چونکە گەر بگەڕێینەوە مردنمان سەدجار مسۆگەرتر دەبێت!، لەبەر ئەوە ڕێگای بەردەوام هەڵهاتنمان هەڵبژارد، وە بەو شێوەیە تراکتۆرەکەمان بەجێ هێشت و بۆ (گوندی عەبابەیلێ) و (کێوی شنرویێ) بەڕێ کەوتین تاوەکو خۆمان کرد بە گوندی (عەبابەیلێ) دا، بەلاَم لەوێدا باری تەندروستیمان هێجگار خراپتر بوو، وە سات بە سات زیاتر توانامان نەدەما، چاوەکانمان دەکزانەوەو هەڵئاوسابوون و دەرپەڕیبوون و کەمەکەمە توانای بینینمان نەدەما!! ، وا هەستمان دەکرد کە

هـەموو پێسـتی لاشـەمان دەسـوتێت!، هەناسـەمان بـە نارِەحـەتی بـۆ دەدرا! ، ڕشـانەوەمان دەهـات بـەلاَم بـە هـەموو تواناكانـەوە ئێڵنجمـان دەدا كـەچی نەدەرِشـاینەوە! ، ئـەژنۆ و ماسـولكەكانمان مانـدوو بـوو بـوون و هێزمـان تیـا نەمابوو! ، نەمان دەتوانی سەركەوین بە كێوی (شنروێ) دا.
باوكم لەگەڵ دایكمدا زیاتر تەنگەنەفەس دەبوون و نـەیان دەتـوانی بـەو شـاخەدا سەربكەون و ڕێگـا بگرن!، لەبـەر ئـەوە جمیل ی ڕەحمـەتی بـرام ئەركـەكانی بەسەر خۆی و مندا دابەش كردبوو لەبەر ئەوەی هەرئەو دوو كورِەمان لەگەڵ باوكمان بووین .
جمیل گوتی بەمن: تۆ دەستی ئەوان بگرەو منیش بـاوك و دایكم بـە كۆڵ دێنمـە سەرەوە خەمت نەبێت!، گولاَڵەش هەر منداڵەكەی خۆی بۆ هەڵدەگیرێ كـە لـە سەرەمەرگدایەو هێشتا پێی نەزانیوە!.
بەلاَم پاش كەمێك ڕێكردن خوشكەكانم دەستیان بەردام و پاڵیان دایەوەو گوتیان چیتـر نـاتوانین ڕێگـا ببـرِین و، بـا لێـرەدا بمـرین! ، زۆر ئێڵنجمـان دەدا بـەلاَم نەدەرِشـاینەوە، تـەنها شـەهێن نـەبێت كـە بـە كۆڵمـەوە بـوو هـەر كـە دەرِشـایەوە بەسەرمدا ڕشانەوەكەی لە پشت ملمـەوە جۆگەلـەی دەبەسـت و لـە پاژنەپێمـەوە دەهاتە خوارەوە!.
تكای زۆرم لە ڕۆشنا و شنۆ كرد و پێم گوتن: ( ئازابن و هەسـتن بـا بـرِۆین! ، ئەها ئەو خەڵكە چۆن ڕێدەكـەن! ، سـەیری ئـەو كچەكـەن كـە لـە ئێوە منداڵترە بەلاَم چەند ئازایـە! )، ئەمویست هانیاندەم بـەلاَم بـێ سوود بـوو! ، لـەم كاتـەدا جەمیلی جوانەمـەرگی بـرام هـات بـۆ لام و بـەدەم گریانـەوە گـوتی: ( بـەهرە لـە باوەشی گولاَڵە بگرە گیان دەسپێرێت با لە باوەشیدا نەمرێت شێت دەبێت!، لێـی بسێنە گەر بزانێت دەبێت هەمووومان دەستكەین بـە شیوەن و پاشـانیش نـاتوانین چیتـر ڕێكـەین و هـەڵبێین!! ) ، بـەهرەم لـە گولاَڵـە وەرگـرت و گـوتم: (بـا یارمەتیت بدەم)، ئەویش هێندە ماندو و سەرسام بوو داواكـەمی بـەجێهێناو دایـە دەستم!، بەلاَم كە دایە دەستم چەند مەترێك دووركەوتمەوەو ڕوانیمە ڕوخسارە پەپولە ئاساكەی و كانیەك فرمێسك لـە چاوەكانمدا تـەقین! ، دیتم ڕۆحـە پـاك و بێگەردەكەی هێواش هێواش بۆ ئاسمان دەفرِێت!، ئەوجا نهێنی ئەو خنە خن و یاری كردنەی كە لە ژێرزەمینەكەدا بۆی دەكردم بۆم دەركەوت لەوێداو زانیم كە ئەو كارەی جۆرێك بووە لەماڵئاوایی لێكردنم بۆ دواجار! .
نەمدەتوانی ڕێگـا بگرم، بـە یـەكجاری ئـەژنۆم شكا، هێنـدە شـپرزە بووبـووم جوانەمەرگی برام هەستی پێكردم و هاواری لێم كرد: (باوكە گیان تۆش؟!).

گوتم: ناتوانم ڕێکەم و بەردەوام بم! ، ئەویش بەهرەی لەدەست وەرگرتم و گوتی: (بەقوربانت بم ئومێدم تۆ بوو تۆش توانات نەما؟! ).
پاشان داوای لێکردم کە هەقم بە کەسەوە نەبێت و ڕێبکەم تا دەگەمە لوتکەی شاخی شنرویێ، وە گوتی لەوێ چاوەڕێکە تا هەموویان سەردەخەم، منیش بە تەنهاو بێ خواحافیزی لێکردن بەجێم هێشتن (کە هەتا مردن ئەو شوێن و کات و ساتەم لەبیر ناچێت و ویژدانم سزام دەدات و پێم دەڵێت بۆچی بەگوێی جەمیلت کردو بەجێیانت هێشت، یان بۆ دواجار تێر ماچت نەکردن و خواحافیزیت لێ نەکردن؟!! ).
بە شنرویێدا بە هیلاکی و شەکەتی و تێکشکاویەوە هێدی هێدی سەرکەوتم، بە دەم گریان و ئازارەوە جنێوم بە سەددام و یارمەتی دەرانی و هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەدا کە ئەم مەرگەساتەیان بە سەر هێناین! .
بەو شەوە ترسناك و تاریکە ئەو ڕێگایە جمەی دەهات لە خەڵك و هەزاران کەس ڕێگەی هەڵهاتنیان لە دەست مەرگ گرتبووەبەرو دەیان کەس لە سەر ڕێگاکەدا کەوتبوون و هاواریان دەکرد یەکێك بچێت بە هانایانەوە بەلاَم کەس نەبوو!، کات ژمێر ٩بۆ ١٠ی شەو دەبوو، هات و هاواری ژن و منداڵ لەو شاخەداو لەو شەوەدا زەوی و ئاسمانی گرتبووە و بە کۆی دەنگ نەفرەتیان لە ویژدانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتە بەناو ئیسلامی و وڵاتە عەرەبیەکان و بەناو ڕۆشنبیرانی عەرەب و دنیاو گەمەکەران بە چارەنووسی گەلان و سەرکردە ناکامڵەکانمان دەکرد!! .
هەرچۆنێك بوو گەشتمە سەر شاخەکەی شنرویێ، لەوێدا دانیشتم و چاوەڕێم دەکردن، گەلێك چاوەڕێ بووم بەلاَم هەر نەهاتن، ناچار بێ ئومێد بووم و گەڕامەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بەجێم هێشتبوون لێی و بەڕێگادا ناوی یەك بە یەکیانم دەهێناو هاوارم لێ دەکردن بەڵکو یەکێکیان وەلاَمم بدەنەوە! ، بەلاَم کەسیان وەلاَمی نەدامەوە، ئیتر دڵم زۆر تەنگ بوو، چونکە وەك مەلێکم لێهات کە هێشتا توانای فڕینی نەهاتبێت و وون بوو بێت و بە تەنها مابێتەوەو هەموو دڕندەکانی دونیاش هەڵمەتیان هێنابێت بۆی بۆ لەت و پەت کردنی! ، کەسم بەدی نەدەکرد ئەم کارەساتەی بۆ باس بکەم و کەسیش نەبوو گوێم لێ بگرێت و هەریەکەو هەوڵی ڕزگارکردنی خۆی دەدا، وەك خوای گەورە لە باسی خەڵکیدا لە ڕۆژی حەشردا دەفەرمووێت: [لِكُلِ اِمرىءٍ مِنهُم يَومَئِزٍ شَرِنٌ يُغنيهِ]. لەبەر ئەمانە دەستم بە گریان کردو بێ ئومێد بووم لە دیتنەوەیان، دواتر بەوە دڵی خۆمم ڕازی کرد کە ئەوان ڕەنگە بەلای مندا تێپەڕیبن و من لەو کاتەدا لە هۆش چوو بووم و پێم نەزانیبن و هەستم پێنەکردبن .

بێ ئومێدی هێندەی کە بێ توانای کردم و بە تەنها کەوتمەوە ڕێکردن بە ڕووی ئەو دیوی کێوی شنرویدا بێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکم هەبێت! ، لەوێدا ئەو قسە دڵخۆشکەرەی جەمیلی برام هاتەوە بیر لە کاتێدا ئێمە زۆر تینوومان بوو و ئەویش دەیگوت خەمتان نەبێت هەرکە گەشتینە ئەو دیو کێوی شنروێ تێر ئاو دەخۆین و لەوێ ئاوی زۆری لێیە! ، لەوێدا بۆم دەرکەوت کە ئەو قسەیە جگە لە دڵخۆشکردن و وورە بەرزکردنەوەمان هیچی کە نەبوو! ، چونکە ئاوی خواردنەوەی لێ نەبوو!.

تراکتۆرێك هات و بە پەلە دەستم گرت بەو زنجیرەی کە بە دەرگای عەرەبانەکەیەوە بوو، زنجیرەکەم گرت و تراکتۆرەکە بەو ڕێگا پێچاو پێچەداو بە ڕووی چەمی تاوێرەدا هێنامیە خوارەوە، چاوەکانم لێڵ دەیانبینی و بەو شەوەش کێشەکەم ئەوەندەی کە گەورەتر بووبووەوە، لەو چەمەی تاوێرەدا خەڵکی زۆری لێبوو، تراکتۆرو ئۆتۆمبێلی لێ بوو دیار بوو لە مێژەوە هاتبوونە ئەوێ چونکە کیمیاییان بەرنەکەوتبوو، حەزم دەکرد ڕاکشێم و کەمێك وچان بدەم، بە ناچاری چومە ناو عەرەبانەی تراکتۆرێکەوە ڕاکشێم، بەڵام کەڵێیان پرسیم بۆ ئاوایی شپرزە بوویت و چیتە؟! ، درۆم لە گەڵدا نەکردن و گوتم لە کاتژمێر(٢) ی پاش نیوەڕۆوە کیمیایی لێی داوم و بە ڕێگاشدا بەردەوام کیمیاییم هەڵمژیوە!، ئەوانیش لەبری ئەوەی بەزەییان پێمدا بێتەوەو بە هانامەوە بێن و یارمەتیم بدەن، لەترسی گیانی خۆیان گوتیان: (بەخوا لەم عەرەبانەی ئێمەدا ڕاناکشێیت و دەریان کردم!).

ناچار هاتمە خوارەوەو بەرەو چەند کەسێك چووم کە بە دەوری ئاگرێکدا دانیشتبوون، زۆرم سەرمام بوو، لەبەر ئەوە لێیان نزیك بوومەوەو لە تەنیشت کوڕێکدا کە هاوتەمەنی خۆم بوو دانیشتم .

گەرمایی و دوکەڵی ئاگرەکە ئازاریان بە چاوم دەگەیاند، لەبەرئەوە کەمێك دوور کەوتمەوە لێی، بەڵام پێش ئەوەی لای ئاگرەکە بەجێبهێڵم داوام لەو کوڕە هاوتەمەنەم کرد کە سبەی لەگەڵ خۆیاندا بمبەن و لەم شێوەداو بەم حاڵەو بەم کوێریە بەجێم نەهێڵن! ، ئەویش بەڵێنی پێدام بەڵام بە داخەوە دواتر بەڵێنەکەی نەبردەسەر، لە ڕاستیدا بارودۆخەکە هێندە دژوارو سەخت و مەترسیدار بوو هیچ گلەییەکم لێ نەکردو گوتم کەس هۆشی بە خۆیەوە نەماوە!.

لەوە بەدواوە هیچم بەبیردا نایەت لەو شەوە بەڵام زۆر باوەڕم وایە کە لە هۆش خۆم چووبم چونکە هێجگار نەخۆش و ماندوو بووم.

بەگەرمایی خۆری بەیان خەبەرم بوویەوە یان ڕاستر بەهۆش هاتم!، بە چواردەورمدا ڕوانیم تەنها خێزانێکم بەدی کرد کە لەوێدا بەجێ مابوو، پیاوێك

بە ژنەکەی دەگوت: (خێراکە ڕۆژ بووەتەوەو، ئەوەندە نابات فڕۆکەکان دێنەوە گیانمان و لێرەدا بەدیمان بکەن دەمان سوتێنن!، پەلەکە با زوو خۆمان بگەیەنینە ( هاوارە کۆن).
منیش هەرکە گوێم لێیان بوو بە هەلم زانی دوایان کەوم تا دەگەمە گوندی ڕاگوێزراوی هاوارە کۆن، چونکە من شارەزای هاوارە کۆن نەبووم، تەنها ئەوەندەم دەزانی کە ئەو گوندە زۆر نزیکی سنوری ئێرانەو، لەوێوە دەچیت بۆ گوندی شێخان و دواتر لەوێشەوە دەچیتە ئەوبەری ڕوباری سیروان و دەچیتە خاکی ئێرانەوە .
بەدوای ئەو خێزانەدا ڕۆشتم و کەوتمە ڕێگا بڕین، کەم کەم دەڕۆشتم و ئەوانیش بە پێچەوانەی منەوە و خێراتر دوور دەکەوتنەوە، تا کار گەشت بەوەی لێم بزر بوون!، بەلاَم هەر کۆڵم نەداو بەردەوام بووم لەسەر ڕێکردن .
ئەمە لەلایەکو لە لایەکی دیکەشەوە ئازاری چاوم زۆری بۆ هێنام و لێڵ دەمبینی و تواناو ئاستی بینینم تادەهات کەمتر دەبوویەوە، تاکار گەشت بەوەی بە تەواوی توانای بینینم نەماو کوێر بووم و کەوتمە چەمێکەوە!! .

**کوێر بوون و سەرگەردانی ولە کەسوکار دابڕان !**

کە کەوتمە ئەو چەمەوە جلەکانم بە تەواوەتی تەڕ بوون، دەم بە گریان گوێبیستی دەنگێك بووم، هەستم کرد کەسێك لەو ناوەدایە، دەست بەجێ هاوارم لێکردو گوتم: هەر کەسێکیت وەرە بەدەممەوە فریام کەوە خوا فریات کەوێت!، توخوا دەستم بگرە چاوەکانم کوێر بوون و لە ماڵ خۆمان ونبووم، زۆر ناساغ و سەرگەردانم، گەر هاوکاریم نەکەیت لێرەدا بە بێکەسی دەمرم و سەردەنێمەوە!.
کەسەکە لێم نزیك بوویەوەو دەستی گرتم و لە ئاوەکە هێنامیە دەرەوەو گوتی: ڕۆڵە من نامپەرژێت و هێسترو بارم پێیەو ناتوانم هەڵت گرم، بەلاَم دەتخەمە سەر ئەم ڕێگا باریکەو، هێواش هێواش و زۆر لەسەرخۆ ڕێگا بکەو ئەملاوئەولا نەکەی تا دەگەیتە بارەگای پێشمەرگەکان، منیش کارم بە ئامۆژگاریەکەی کردو، هێواش هێواش و بە وریاییەوە بەردەوام بووم لە سەر ڕۆشتن تاوەکو گوێم لە دەنگە دەنگێکەوە بوو، ئا لەوێدا دەستم کرد بە هاوار و گوتم: وەرن بە دەممەوە ناتوانم ڕێگا بگرم کوێرم! .
یەکێك هات دەستی گرتم و بردمیە ژورێکەوە، هەستم کرد ژورەکە چەند کەسێکی لێ بوو، یەکێکیان کە پێدەچو بەرپرسی پێشمەرگەکان بێت گوتی پێم :

چیتە؟، منیش بە دەمی گریانەوە باسی حاڵی خۆمم بۆ کرد، ئەویش گوتی : وەلاَ ئێمە لێرەدا هیچمان پێ ناکرێت بۆتی ئەنجام بدەین! .
دواتر پێشمەرگەیەکی بانگ کردو پێی گوت: ئەم کورِە سواری ئێسترەکە بکەو ببیە بۆ هاوارە کۆن بۆ لای دکتۆر .
ئەویش کەمێك بە پێ بردمی و سواری ئێسترەکەی نەکردم و پاشانیش داوای لێکردم و گوتی: (ئا لێرەدا دانیشە من کەمێك ئیشم هەیەو هەر ئێستاکە دێمەوە! .)، بەلاَم تاوەکو ئێستاکەش چاوەڕێی دەکەم بێتەوە، ئەو نەهاتەوە، تومەز لە کۆڵ خۆی کردومەتەوە، لەداخان بە تەواوەتی لە گیانی خۆم بێزار بووم و ئەمجارەیان بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێوە رِێگا دەکەم کەوتمە رِۆشتن، کەمێك رِۆشتم بەلاَم لە پڕِ بەدەمدا چووم و بۆ خوارەوە تل بوومەوە! .
تومەز لە دوورەوە خەڵکێك بەم شێوە دەمبینن، دەستیان کرد بە هاوار لێکردنم و بەدەنگی بەرزدەیان گوت: لە ناو کێڵگەی میندایت و نەجوڵێیتەوە تا فریات دەکەوین! .
منیش گوێرِایەڵیم کردن و نەجولاَمەوە تاوەکو یەکێك هاتە سەرم و بە ناوی خۆمەوە بانگی کردم و گوتی پێم: کاك کامیل ئەوە چیتە و بۆ وا بەربوویتەوە خوارەوە؟؟! ، منیش لە حاڵی خۆم تێمگەیاندو، گوتم: تۆ کێیت؟ ، گوتی: (من عوسمان دەرەشیشیم)، هەر بەزوویی ناسیمەوە، چونکە پێش کیمیاباران ئەوان پاسکیلخانەیان هەبوو، منیش شان بە شانی خوێندنەکەم عەرەبانەم دەگێڕاو کەسابەتم دەکرد، کە عەرەبانەکەم پێویستی بە چاککردنەوە هەبوایە دەمبرد بۆ لای کاك عوسمان و براکانی چاکیان دەکردەوە، بەو بۆنەیەوە ئاشنایی یەکتری بووبووین و یەکتریمان باش دەناسی، پاشان کاك عوسمان (ماڵی سەدجار ئاوابێت) هەستانمیە سەرپێ و بردمی بۆ لای باوك و دایکی و ئەوان، کە گەیاندمیە لایان گوتم: کاك عوسمان برسیمە!، ئەویش نانێکی بۆ هێنام، دواتر گوتم: سەرمامە! ، ئاگریان کردبووەوە دەستیان گرتم و بردمیانە نزیك ئاگرەکەوە، بەلاَم دوکەڵ و گەرمایی ئاگرەکە ئازاری چاومیان دەدا لەبەر ئەوە داوام لێکردن کە دوورم خەنەوە لە ئاگرەکە، بەلاَم هەر سەرمام بوو، ناچار کاك عوسمان قەمسەڵەکەی خۆیدا بەسەرشانمدا تا کەمێك گەرمم بوویەوە، جالەبەر ئەوەی هەموو لەش و جلەکانم لە چەمەکەدا تەڕ بوو بوون و ئەو شەوەش سەرمام بوو بوو، هەموو گیانم گرژ بوو بوو .
لەمەدا بووین و ئەوەندەمان زانی لەپڕِ فرِۆکەکان هاتنەوەو، بە دەنگی تۆقێنەرو زرمەی بۆردومانەکانیان کۆتاییان بە کپی ئەو ناوچەیە هێنا .

سەرەتا بۆردومانی فڕۆکەکان بە ئاراستەی ئێمە نەبوو، بەلاّم هێندەی نەخایاند فڕۆکەکان هاتن و هێرشیان کردە سەرمان، لەوێدا زۆر شپرزە بووین، بە تایبەتی من کە چاوم نەیدەبینی تاوەکو خۆم حەشاردەم! ، هەرئەوەندەم پێ کرا کە لە جێی خۆم دانیشتم و دەستم بە گریان کردو لە خوا دەپاڕامەوە کە بمپارێزێت و وام دەزانی هەرهەموو ئەو فڕۆکانە بە تەنها بۆردومانی من دەکەن!.

نەکوژراین و فڕۆکەکان گەڕانەوە، پاشان تکام لە کاك عوسمان کرد و گوتم: کە دەڕۆن من بەجێ مەهێڵن! ، ئەویش داوای کرد لە باوکی کە ڕێگە بدات من لە گەڵ خۆیان بەرن، باوکیشی گوتی: ڕۆڵە خۆت دەزانی منداڵمان پێیە و ئەم کوڕەش پێویستی بە یەکێکە کە دەستی بگرێت، لەبەر ئەوە ناتوانین لەگەڵ خۆمان بیبەین، دەیگەیەنینە بارەگای پێشمەرگەکان تاوەکو ئەوان خەمی بخۆن، لەم قسانەدا بوون فڕۆکەکان دیسانەوە هاتنەوە، کاك عوسمان و باوکی هاتنە ژێر باڵم و بە ڕاکردن بردمیان بۆ شوێنێك و لەوێ دایاننام و بەجێیان هێشتم، شوێنەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، تەنگ بوو، وە پڕی بوو لە ژن و منداڵ و بەردەوام لەترساندا هاوارو گریانیان بوو!، لەوێدا فڕۆکەکان بە خەستی بۆردومانیان کردین (بە وتەی ئەوانەی کە بەم دواییانە بینیمنەوەو لەو کاتەدا لەوێ بوو بوون و منیان لەوێ بە کوێری بینی بوو فڕۆکەکان کە هاتبوونەوە هێندە نزم بوو بوونەوەو دەنگیان گەورەو ترسناك بوو منداڵێك لەترساندا زیرەی کردبوو مردبوو!، وە دەیان گێڕایەوە کە فڕۆکەکان چەند بۆمبێکی کیمیاییان دابوو بەو شاخ و شیوو چەمەدا کە ڕەنگی شین بووبوو، وە ئەو ناوچەیەی شین کردبووەوە!).

لەو شوێنە قەرەباڵغەدا بووم لە ناکاو یەکێك بانگی لێ کردم و گوتی: کامیل ئەوە چی دەکەیت لەوێدا ماڵت وێران؟! ، منیش گوتم: چاوەکانم کوێر بوون و لە ماڵی خۆمان بزر بووم و خەڵکی لەبەر خوا هێناومیان بۆ ئێرە، ئەویش هێنامیە دەرەوەو دەستی گرتم و گوتی: من نەوزادی خزمتانم ( کاك نەوزاد خاڵۆزازای باوکم بوو)، پاشان بردمیە سەر ئاوێك کە زۆر خوڕ بوو، دەست و دەم و چاومی شت و لە پەسا ئاوی بە ڕومەتمدا دەدا .

لەم کاتەدا فڕۆکەکان دیسانەوە هاتنەوە، ئەویش لە ترسان هەڵهات و هەر هێندەی پێکرا خۆی دەرباز بکات، لە ڕاستیدا گلەیی لێ ناکەم چونکە بارودۆخەکە هێجگار ترسناك بوو، وە بەو شێوەیە لەوێدا بە تەنها مامەوەو هەموو خەڵکی ئەو ناوەیان بەجێ هێشت! ، بەلاّم خوا کردی فڕۆکەکان ئەمجارەیان بۆردومانی ئێمەیان نەکردو بەسەرماندا تێپەڕین، منیش هیچ

ئومێدێکم نەما بە ناچاری و دەم بە گریانێکی بەکوڵەوە کەوتمە ڕێکردن و بەجێ هێشتنی ئەو شوێنە بێ ئەوەی بزانم بۆ چی لایەك ڕێگا دەکەم! ، وە دەترسام فڕۆکەکان بگەڕێنەوە ئەمجارەیان بمکوژن، هەر دەڕۆشتم و دەگریام، دەکەوتم و پاشان هەڵدەستامەوە، کە ڕەنگە ٢٠٠جار کەوتبێتم!، دواجار کەوتمە ناو چاڵێکی گەورەوەو زۆر ئازارم پێگەشت و بە کۆڵ گریام و بە شێوەیەك کە لە دوورەوە دەنگی گریانم دەبیسترا! ، هێندەی پێنەچوو یەکێك (کەپاشان زانیم پێشمەرگە بوو) هاتە سەر چاڵەکەو پێی گوتم: (ئەرێ کاکە بۆ وا کەوتویتە ئەم چاڵەوە؟! ، من لە دورەوە بەدیم کردی کە هەر دەڕۆشتیت و دەکەوتیت بە دەمدا، چیتە پێم ناڵێیت؟! .).
بە دەمی پڕ گریانەوە گوتم پێی: (کاکە کوێر بووم و لە ماڵ خۆمان دابڕاوم و هەموو گازە ژەهراویەکانم بەرکەوتووەو هەڵمژیوە گشت لاشەم دەئێشێ و پێستم دەکزێتەوە هەناسەم زۆر کورتە!!.)، ئەویش گەلێك خەفەتی بۆ خواردم و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا .
گوتی: ( کاکە گیان مەگریەو هیچ خەفەت مەخۆو هیچ خەمت نەبێت و بەڵێن بێت من جێگای گشت کەسەکانت بۆ بگرمەوە و سوێند بێت بەخوا تا نەتگەیەنمە دەست ئێرانیەکان و تیمەکانی فریاکەوتنیان بەجێت ناهێڵم و دەست بەردارت نابم.).
منیش بەو قسانەی کەمێك هێور بوومەوە، پێشمەرگەکە زۆر قارەمانانە هاتە ژێر باڵم و لەگەڵ خۆیدا بردمی، زۆر ڕۆشتین و هەرکە دەگەشتین بە کەمێك ئاو دەست بەجێ دەست و دەم و چاوی دەشتم.
فڕۆکەکان لەپەسا دەهاتن و بۆردومانیان دەکردین، بۆردومانەکانیان زۆر نزیك بوو، ئەو پێشمەرگە زۆر دڵسۆزم بوو، لەو تەنگانەیەدا باوك و برا بوو بۆم، لەگەڵ خۆیدا هەموو جارێك دەیدام بەزەویدا لەبەر ئەوەی پارچەم بەر نەکەوێت، کەلێشم دەپرسی: (ئەوە بۆردومانی خۆمانی کرد؟! .)، دەیگوت: ( نا نا بۆردومانی خۆمانی نەکرد، بەڵکو چەند سەربازێکی عێراقی لە ڕەبایەکانی شاخەکانی ئەم ناوچانەدا هێشتا ماون و خۆیان نادەن بە دەستەوە و فڕۆکەکانی ئێرانیش هەڵدەستن بە بۆردومان کردنیان!.)، بەلاَم لە ڕاستیدا دەمزانی کە وانیەو، ئەو فڕۆکانەش فڕۆکەی عێراقن و بۆردومانمان دەکەن! .
بۆردومانی فڕۆکەکان زۆر نزیك بوویەوە لێمان، جارێکیان کە فڕۆکەکان بۆردومانیان کردین لەگەڵ خۆیدا دامی بەزەویدا و دواتر کە فڕۆکەکان گەڕانەوە گوتی: ( ئەم جارەیان نەیان توانی بمان کوژن ئیتر ناتوانن! .)،

لەوێدا لەسەداسەد زانیم و هیچ گومانم نەما کە چەندێکە بۆردومانە بۆردومانی ئێمەیە!.
بەردەوام بووین لە هەڵهاتن و ڕێگابڕین و جاربەجار لێم دەپرسی: ( چی بوو هەر نەگەشتین؟!.).
ئەویش دەیگوت: ( زۆر کەممان ماوە.)، بەلاَم ڕێگاکە هەر کۆتایی پێ نەدەهات و منیش تا دەهات زیاتر ماندوو نەخۆشتر دەبووم!.
چاك لە بیرمە لە ڕێگادا ئەو پێشمەرگە لێی پرسیم:
ـ تۆ من دەناسی؟.
ـ گوتم: نەوەلاَ!.
ـ گوتی: ( من پێشمەرگەی (..........)م، وە خەڵکی سلێمانیم، وە تاوەکو ئەمڕۆ وام دەزانی کە ئەم تفەنگەی سەر شانم تفەنگی کوردپەروەری و قارەمانیە بەلاَم ئەمڕۆ دەرکەوت بۆم کە بە پێچەوانەوە لە ئاست ئەو شەرەفەدا نەبووین! ، ئەگەر نا بۆ بەڕۆژی ڕووناك ئەم خەڵکە داماوەی هەڵەبجەمان دا بەقڕان و بەم شێوەیە دامانن بەدەم گورگەوە! .
لە ڕێگادا بەلای هەندێ کەسدا تێپەڕین کە ناڵە ناڵیان بوو وە لەسەر ڕێگاکە کەوتبوون و نەیان دەتوانی ڕێگا بگرن! ، یەکێکیان پیرەژنێك بوو، ئەو پێشمەرگە قارەمانە پێی گوت: (دایە گیان ڕێگەم بدە با لەگەڵ خۆم بتبەم! .)، ئەویش زۆر توڕە بوو وە بە دڵی پڕخەفەتەوە هەندێ قسەی پێ گوت و گوتی: ( بۆ وا بەم دەردەتان بردین؟! .) .
ئەویش هەر هێندە وەلاَمی دایەوەو گوتی: (دایە گیان بەخوا هەرچیەك بڵێن هەقی خۆتانە، چونکە ئەم کارەساتە بەسەرتانماندا هێنان کەس ناتوانێت بەرگەی بگرێت! .).
ئەو پێشمەرگە فریشتە ئاسایە بەڵێنەکەی خۆی بردە سەرو لەپێناو ڕزگارکردنی مندا یاری لەگەڵ مەرگدا دەکردو پێش مەرگ دەکەوت وگوێی بەو هەموو فڕۆکەو بۆردومان و کیمیابارانانە نەدەدا و بەجێی نەهێلاَم تا گەیاندمیە دەست ئێرانیەکان لەسەر سنوور! .
لە کۆتاییدا گەیاندمیە شوێنێکی قەرەباڵغ، هات و هاوارو گریان بوو، دەنگە دەنگی ئۆتۆمبێل دەهات، لەوێدا گوێم لێ بوو پێشمەرگەکە لێیان پاڕایەوەو گوتی پێیان:
( ئەم کوڕە باری تەندروستی زۆر خراپەو کوێر بووەو هەموو جۆرە گازە کیمیاییەکانی بەرکەوتووەو لە ماڵی خۆیان دابڕاوەو ئەگەر نەگەیەنرێتە لای دکتۆرو نەخۆشخانەو فریای نەکەون بێگومان گیان دەسپێرێت! ، ئەوانیش

گوتیان: (برینداره‌كان زۆرن با سه‌ره‌ی بێت به‌سه‌رچاو چی پێویست بكات بۆی ئه‌نجام ده‌ده‌ین .).
له‌وێدا چاوه‌ڕێمان ده‌كرد و لاشه‌م ده‌برژاو ده‌كزایه‌وه‌، داوام كرد كه‌ خۆره‌كه‌ ئازارم ده‌دات بمبه‌نه‌ سێبه‌رێكه‌وه‌ ئه‌وانیش بردمیانه‌ شوێنێكی سێبه‌ره‌وه‌ .
پاشان چاوه‌ڕێمان كرد تاوه‌كو سه‌ره‌م هات، كه‌ سه‌ره‌م هات ئێرانیه‌كان خستمیانه‌ سه‌ر نه‌قاله‌و خستمیانه‌ ناو ئۆتۆمبێلێكه‌وه‌ كه‌ پێده‌چوو ئه‌مبولأنس بێت، بۆ دواجاریش پێشمه‌رگه‌كه‌ كه‌ به‌ڕاستی پێشمه‌رگه‌ بوو خواحافیزی لێ كردم.
ئۆتۆمبێله‌كه‌ ده‌ستی به‌ ڕۆشتن كرد، به‌لأم زۆر خێرا ده‌ڕۆشت و منیش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی لاشه‌م سوتابوو ئازارم هه‌بوو، له‌ تاودا تكام له‌ شۆفێره‌كه‌ كرد كه‌ هێواش بڕوات، به‌لأم ئه‌و گوێی پێ نه‌دام و به‌رده‌وام خێراتریش ده‌ڕۆشت، ناچار به‌ قسه‌ی ناخۆش هاوارم لێ كردو پێمگوت هێواش بڕۆ ئازارم هه‌یه‌ ...هتد!.
ئه‌و ده‌یزانی كه‌ باری ته‌ندروستیم چه‌ند خراپ و مه‌ترسیداره‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌ گوێی به‌ قسه‌ی خۆش و ناخۆش و هات و هاواری من نه‌ده‌دا تاوه‌كو گه‌یاندمیه‌ كرماشان.
له‌ كرماشان له‌ ئۆتۆمبێله‌كه‌ دایان گرتم و ده‌ستیان گرتم و بردمیان بۆ گه‌رماوێك و بردمیانه‌ ژوره‌وه‌و پۆشاكه‌كانیان له‌به‌ر داكه‌ندم و پێیان گوتم: (بڕۆ پێشه‌وه‌ هه‌وڵبده‌ به‌لوعه‌و ته‌شت و جامه‌كه‌ بدۆزیته‌وه‌و ئاو بكه‌ به‌ سه‌رو لاشه‌تدا بۆ ته‌ندروستیت باشه‌!).
زۆر هه‌وڵمدا تاوه‌كو به‌لوعه‌و ته‌شت و جامه‌كه‌م دۆزیه‌وه‌، به‌لأم كه‌ ته‌شته‌كه‌م ئاو تێده‌كردو به‌رزم ده‌كرده‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ئاو بكه‌م به‌خۆمدا(له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هێزم لێ بڕابوو) نه‌مده‌توانی ته‌شته‌كه‌م له‌ ده‌ست ده‌كه‌وته‌ خواره‌وه‌، چه‌ند جارێك ئه‌م هه‌وڵه‌م دووباره‌ كرده‌وه‌ به‌لأم ئه‌فسوس نه‌متوانی و بێ سود بوو!.
ئیتر بێ ئومێد بووم و زۆر بێزار بووم و هه‌ستامه‌ سه‌ر پێ و هاوارم كرد پۆشاكه‌كانم بكه‌نه‌وه‌به‌ر من ئاو ناكه‌م به‌ خۆمدا!، به‌لأم كه‌س نه‌هات به‌لامه‌وه‌و داواكه‌م جێبه‌جێ نه‌كرا.

**له‌هۆش خۆچوونم و ئه‌و هه‌وڵانه‌ی درا بۆ ڕزگاركردنم له‌ مه‌رگ له‌ نه‌خۆشخانه‌كانی تاراندا**

تومـەز لەوێـدا لــە هـۆش خـۆم چـووم و کەوتومەتــە زەوی، دواتــر بــە پەلــە بردومیانەتـە فڕۆکەخانـەی کرماشـان و لەوێشـەوە دەست بـەجێ بـە فڕۆکـە بۆ تاران بە ڕێ خراوم!.
لە تاران سەرەتا بردبومیانە نەخۆشخانەی(بوعلی) و لەوێدا خەواندبومیان بە بێهۆشی و پاش (٢٤) کاتژمێریش لە گەشتنم لەبەر زۆری برینداری کیمیایی هەڵەبجـەیی لــەو نەخۆشـخانەداو سـەختی حاڵەتەکـەم گوازرابوومـەوە بـۆ نەخۆشخانەی (شەهید مودەریس) لە تاران.
لـەو نەخۆشـخانەدا هـەر هۆشـم نـەکردبووەوە تـاوەکو (٥) شـەوو ڕۆژ، لـە گەرماوەکـەی کرماشـانەوە بێهـۆش بـووم تـاوەکو (٦) ڕۆژو شـەوی تـەواو! ( هـەموو ئـەم زانیاریانـەش پـاش ئـەوەی بینینم(چـاوم) بـۆ گەڕایـەوە لـە تۆمـاری نەخۆشیەکەمدا خوێندمەوە لە نەخۆشخانە ) .
بیرم دێ کە هۆشم کردەوە، هەستم دەکرد لە شوێنێکی نامۆدام، چاوەکانم نـەیان دەبینی!، دەستم گێڕا بە لاشەمدا هەستم کرد هەموو لاشەم سوتاوەو زامدارە!، بێجگە لە قوماشێکی ناسك هیچ شتێکی دیکەم بەسـەرەوە نـەبوو، دەستم کـرد بـە جوڵاَن، گەروم زامدار بوو، دەنگم نوسابوو نەمدەتوانی هاوار بکـەم، ئەوانـەی لە چواردەورم بوون بـە زمـانی فارسـی قسـەیان دەکرد، کـە هەسـتیان کـرد بـە جوڵاَنەوەم بە لێشاو هاتنە ڕاسەرم و دەستیان کرد بە پرسیار لێ کردنم و دەیان پرسی:
- بەچەیی کوجایی؟ .(منداڵی چ شوێنێکی؟).
- کوجایی هەستی؟. (خەڵکی کوێیت؟).
- ئیسمیتون چیە؟. (ناوت چییە؟).
- ئیسمی پدەرتون؟.( ناوی باوکت چییە؟.).
- ئیسمی مادەرتون؟. (ناوی دایکت چییە؟.).
منـیش ئـەوکات نەمـدەتواتی و نەمـدەزانی وەڵاَمیـان بدەمـەوەو، لێـوو زمـان و ناودەمم و تەنانەت گەروو بۆری و بۆرێچکە هەواییەکانی سیەکانم سوتا بـوون و دەنگم نەدەهاتە دەرەوە! .
ئیــتر بــەردەوام نــوزەم دەهــات و دەگریـام، ئـەوانیش بــە زمـانی خۆیـان و بــە شـێوازی جـۆراو جـۆر هــەوڵیان دەدا ئاشـتم کەنــەوەو چیتـر نـەگریـەم، بـەڵاَم هەوڵەکانیان بێ سود بوو.
بە ناڵە ناڵدا هەستم دەکرد کـە لـەو شوێنەدا من تـەنها برینداری کیمیایی نـیم و نەخۆش و برینداری کیمیایی دیکەشی لێیە.

لەو نەخۆشخانەدا تاوەکو زیاتر لە دوو هەفتە هیچ خواردنێکیان پێنەدەدام و دەیان گوت: (قەدەغەیە هەر جۆرە خواردنێکت پێ بدرێت!)، وە بەردەوام موغەزییان بۆ هەڵدەواسیم، پاشان هەر چەند کاتژمێر جارێك گەرمایی لەشیان دەپێوام، چەندین جۆر حەب و گولاجیان پێ دەدام و دەرزیان لێ دەدام، هەروەها ڕۆژانە زیاتر لە چوار جار قەترەیان دەکردە هەردوو چاوم و هەرکە قەترەکانیان دەکردە چاوم فرمێسك لە چاوەکانم جۆگەلەی دەبەست و بەسەر کولمەدا دەهاتە خوارەوە، پەرستارەکانیش بە بەردەوامی گۆنایان دەسڕیم، هەروەها هەموو ڕۆژێکیش برینپێچە پیاوەکان دووجار دەیان شۆردم و پاش شۆردنەکەش سوراحیەك گەورە دەرمانی پاکژکەرەوەیان دەهێناو دەیان کرد بە سەرمداو دەیان کرد بە هەموو لاشەمدا، لاشەم کەفی دەکردو برینەکانم دەبرژانەوەو لەتاودا دەلەرزیم و توند هاوارم دەکرد، هاوارم لە هەموو شوێنێکی خەستەخانەکەدا دەبیسترا! ، وە بۆ ئەوەی نەکەومە زەوی دەستیان دەگرتم، پاشان وشکیان دەکردمەوە، لە دواییدا سەرتاپامیان دەگرتە مەرهەمێکی سپی و بەو مەرهەمەش لاشەم کەمێك سڕ دەبوو، وە ئازارەکانم تا چەند کاتژمێرێك کەم دەبوویەوە، لە سەرەتادا نەمدەزانی بە حەبی ئازارو دەرزی ئازار چی دەڵێن و هەرچی داوام دەکردن لێم تێنەدەگەشتن، ناچار گوێم گرت بۆ ئەوانەی کە بریندار بوون و لەو ژورەدا لەگەڵم بوون و فارس بوون کە هاواریان دەکرد داوایان دەکرد: (ئەمپول دەرد! .)، پاش کەمێك هێور دەبوونەوە کەدیار بوو شتێکیان بۆ کردوون، پەیم بەوەبرد کە (ئەمپول دەرد) دەرزی ئازارەکەی لای خۆمانەو دەست بەجێ داوای ئەمپول دەردم کردو ئەوانیش دەرزیەکی ئازاریان بۆ کردم و بەو شێوەش چەند کاتژمێرێك ئازارم کەم بوویەوە، بەلاَم دواتر هەرچی هاوارم دەکرد دەرزی ئازارم لێ بدەن دەرزیان بۆ نەدەکردم کە لێشیان دەپاڕامەوە دەیان گوت: (نەمیشە، سەئات دوازدە!.)، وە لە بیست و چوار کاتژمێردا تەنها دوو دەرزیان بۆ دەکردم و لەبەر ئەوەی ئێجگار ئازارم زۆر بوو ئەو دوو دەرزیە ئازاری نەدەشکاندم .
پێست و لاشەم سوتابوو، وە هەمووی بوو بوو بە بلۆق و دەکزایەوە، ئەو مەرهەمەش کە لێیان دەدام تا دوو سێ کاتژمێر ئازاری کەم دەکردمەوە، بەلاَم کە مەرهەمەکەم پێوە وشك دەبوویەوە و تاوەکو دەیان بردمەوە بۆ شۆرین و دوای شۆرین و پاکژکردنەوە مەرهەمیان لێ دەدامەوە ئازارم لە جاران زۆر زیاتر دەبوو!.
پاش هەموو شۆردنێکیشم گشت ئەو قوماش و شتانەی کە پێمەوە پێچرابوو یاخود لە سەر جێگەکەم بوو دەیان گۆڕین، هەموو ڕۆژێکیش بە سرنج

خوێنیان لێ وەردەگرتم بۆ پشکنین و بە کوێری زوو بە زوو دەیان بردم بۆ پشکنینی جۆراوجۆرو ئەشیعەیان بۆ دەگرتم و ...هتد.
لە سەرەتادا لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی لەسەر قەرەوێرەکەم بێمە خوارەوەو هاتوچۆ بکەم هەموو شتێکم لە سەر قەرەوێرەکە بوو!، وە بە قەرەوێرەکەوە دەیان بردم بۆ پشکنینەکان.
بەردەوام بەدەم ئازارەوە دەگریام و هاوارم دەکردو، بەئەستەم خەوم لێ دەکەوت، ئەگەر کەمێکیش خەوم لێ بکەوتایە یان بە هاواری بریندارەکانی تر بە خەبەر دەهاتم یان خەوی ناخۆشم دەبینی و پێشتر چیم بەسەر هاتبوو بە زیادەوە دەهاتەوە خەوم، وەك چۆنێتی بۆردومانەکەو قیژەو هاواری خەڵکی و دەنگ و گرمەو زرمەی فڕۆکەکان و دابڕانم لە ماڵ خۆمان و گەڕانم بەدوای ماڵ خۆمانداو...هتد.
زۆر برسیم بوو، هەرچەندە داوای خواردنم دەکرد لێیان نەیان دەدا پێم و دەیان گوت خواردنت لێ قەدەغە کراوە لەلایەن دکتۆرەوە.
ڕۆژێکیان زۆر داوای خواردنم کردو پاڕامەوە، لەناکاو ژنێك هاتە لام و بە کوردی و بە دەنگێکی نەخۆش و کزۆڵەوە لێی پرسیم: (کاکە گیان تۆ کوڕی کێیت؟! .)، منیش زۆر بێزار بووم و گوتم وازم لێ بێنە تۆ لەکوێ من دەناسیت؟! ، کەی کاتی ئەو پرسیارەیە؟!، ئەویش گوتی: ( ڕۆڵە بەخوا ڕەحمم بۆت دەجوڵێت و وا هەست دەکەم کە بە خزمایەتی بە یەك دەگەین.)، منیش گوتم: ناوم(کامیل)ەو کوڕی(حاجی عەبدولقادر)ی گوندی (زەمەقی خواروو)م، ئەویش گوتی: (تۆکوڕی(جەیران)یت؟!.).
گوتم: (بەڵێ.)، گوتی: (جەیرانی خوشکی میرزا حەمەئەمین؟! .)، گوتم: ( بەڵێ خۆیەتی! .)، گوتی: ( دەی ڕۆڵە گیان من و تۆ خزمین و من (زەکیە)م خێزانی (فتاح) ی خاڵۆزای دایکت!.).
پاشان کەمێك باسی داماوی خۆی بۆ کردم و چی بەسەر هاتووە و گوتی منیش کیمیاییم بەرکەوتووەو باری تەندروستیم زۆرخراپە، بەلاَم کەم کەم هەڵس و کەوت دەکەم و کەمێکیش دەبینم، پاشان لێی پرسیم: (برسیتە؟! .)، گوتم: (بەڵێ زۆرم برسیەو لە هەڵەبجە دەرچووم هیچم نەخواردووە! .)، ئەویش گوتی: (ڕۆڵە گیان خواردنمان لێ قەدەغە کراوە، بەلاَم هەردەڕۆم شتێکت بۆ پەیدا دەکەم .)، پاش کەمێك گەڕایەوەو کەمپوتێك (ئاو میوەی قوتو)ی بۆ هێنام و سەری هەڵبچڕی و دایە دەستم و خواردم.
لەو قاوشەدا کە چەندین بریندار ی کیمیایی دیکەی لێ بوو، هەمیشە پێکەوە ناڵە ناڵمان بوو، وە بە پێی دەنگەکان تەنها من و زەکیە خان لە نێویاندا کورد بووین

و ئەوانی دیکە هەمویان فارس بوون و پاسدار بوون و لە ناوچەی هەڵەبجە بەر کیمیایی کەوتبوون.
ڕۆژێك زۆر بێ هێز بووم، دڵم دەهات بەیەكداو خەریك بوو لە هۆشی خۆم دەچووم، لەو كاتەدا (ئاغای ئیكرادی)كە كوردیكی دڵسۆزی مەهاباد بوو، لێم نزیك بوویەوەو سەیری پێڵوی چاومی كردو زۆر ترساو خێرا ڕایكردو بتڵێك خوێنی هێناو بۆی هەڵواسیم، كە بوتڵەكە تەواو بوو پێی گوتم باش بووی؟، منیش گوتم نەوەڵاَ!.
بەپەلە ڕۆشت و بتڵێكی تری بۆ هێنام و بۆی هەڵواسیم، پاش تەواو بوونی بتڵەكە لێی پرسیمەوە: (ئێستا چۆنی؟! .)، گوتم: (كەمێك باش بووم .)، ئەویش پێكەنی و بۆ ئەوەی بۆ یەكەمجار زەردەخەنە بخاتە سەر لێوە زامدارەكانم گوتی: (مەگەر هەموو خوێنی بیمارستانەكەت بۆ بێنم؟!.) .
شەوێكیان زۆر بەنارِەحەتی و بە شپرزی پاسدارەكانیان بردە دەرەوە بێجگە لە (ئاغای موسەوی)، دواتر زانیم كە بردبوونیان بۆ ئەوەی فریای نەخۆشخانەكانی ئەوروپایان خەن بەلاَم فریا نەكەوتبوون و لە ڕێگادا مرد بوون.
لەو نەخۆشخانەیەدا زۆر پێویستیم بە فێربوونی زمانی فارسی بوو، چونكە ئەوانەی كە لە نەخۆشخانەكەدا بوون فارس بوون بێجگە لە ( ئاغای ئیكرادی) كە یاریدەدەری پزیشكی بوو، وەلێم تێنەدەگەشتن، هەر لەبەر ئەوەش ناچار بووم كە كەم كەم خۆم فێری زمانی فارسی بكەم، بەتایبەتی ئەو وشانەی كە زۆر پێویستیم پێیان بوو لەو نەخۆشخانەیەدا .
ڕۆژێكیان دوو كارمەندی نەخۆشخانەكە هاتنە لام و پێیان گوتم: نازانی - زەكیە - بۆ كوێ چووە؟! . منیش گوتم: من چۆن دەزانم كەنابینم؟! .
پاش چەند كاتژمێرێك هاتنەوە بۆلام و پێیان گوتم كە زەكیە چاك بۆتەوەو بە پێی خۆشی چووەتەوە بۆ ناو خزمەكانی! .
تومەز زەكیە شەو تەنگە نەفەس بووەو دوای چەندین هەوڵی پزیشكەكان بۆ ڕزگاركردنی لە خنكان خنكاوەو شەهید بووە! ، وە پێ دەچوو ئەوان وا هەستیان كردبێت كە زەكیە كەسێكی زۆر نزیكی من بووبێت وەك ئەوەی دایكم یان خوشكم بوو بێت و هەواڵی مردنی كاریگەری ترسناك لە سەر دەرونم بەجێ بهێڵێت و وەك فێڵێك لە من بۆ ئەوەی نەزانم چی بەسەر هاتووە سەبارەت بە زەكیە ئەو پرسیارەیان لە من كرد! .

سەرئەنجام لە کۆی ئەو( ٨ ) بریندارى کیمیاییەی لەو قاوشەدا بووین تەنها من و( ئاغای موسەوی) کە پاسدارێکی خەڵکی شاری مەشهەد بوو ماینەوەو ئەوانی دیکە بە دوای یەکدا شەهید بوون!.
پاش ئەوەی باری تەندروستیمان باشتر بوو وە لە قۆناغی زۆر مەترسیدار ڕزگارمان بوو، دواتر هەردووکمانیان بردە ژورێکی دوو قەرەوێرەییەوە .
پاش چەندین شەو و ڕۆژ کوێری و داماوی و لە چارەسەرو چاودێری ورد لەلایەن چەندین دکتۆری ئێرانیەوە کەم کەم چاوەکانم کەوتنەوە بینین، بەڵام بەلێڵی دەمبینی، ئەو لێڵیەش ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبوویەوە و تا گەشتم بەو ئاستەی دوای مانگێکی تەواو بە ڕوونی دەمبینی و ئەمەش بووە مایەی دڵخۆشیم و کەمێك دڵی دامەوە.
ڕۆژانە چەندین کەس لە خەڵکی تاران دەهاتنە لام ( هەرچەندە قەدەغە بوو خەڵکی دەرەوەی نەخۆشخانە بێنە لامان بێجگە لە ڕۆژنامەنوسان، وە هەرکەسێکیش ڕێگەی پێ بدرایە بهاتایە ژورەکەمان دەبووا دەم و لوتی خۆی هەڵبپەستێت! ) ، بەلاَم هەر دەهاتنە لامان و هەندێکیان لەبەر ئەوەی هەستی ئێمە بریندار نەبێت گوێیان بەو ڕێنماییانە نەدەداو دەهاتنە لامان و گوێیان لێ دەگرتین و کە دەگریام و هاوارم دەکرد زۆر هەوڵیان دەدا کە ئاشتم کەنەوە، بەلاَم کە هەوڵەکانیان شکستی دەهێنا ئەوانیش دەستیان دەکرد بە گریان و بە دەمی پڕ گریانەوە قسەو جنێویان بە سەددام دەگوت و دوعایان لێ دەکردو دەیان گوت: (خوا هەقتان لە سەدام بسەنێت و نابوتی کات، منداڵی وا چی کردووە تا بەم دەردە ببرێت ؟!).
ڕۆژێکیان پیاوێکی مێزەری ڕەش بەسەری ئێرانی کە خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا بوو هاتە لام و نێوچاوی ماچ کردم و گریا! ، بەلاَم نەمدەزانی کێیەو پاشانیش بەجێی هێشتم.
ڕۆژێکیش کابرایەك خۆی کرد بە ژورەکەمانداو ڕووی لێ کردین و بەکوردی عێراقی گوتی: (هەڵەبجەییتان تیایە؟)، منیش دەستم بەرز کردەوەو بەئەسپایی گوتم: (من هەڵەبجەییم)، نزیکم بوویەوە و گوتی: (کاکە گیان من ـ نەبەرد جاف ـ م چیت دەوێت لە خزمەتتدام؟! .)، زۆر دڵخۆش بووم و داوام لێکرد کە بەجێم نەهێڵێت، ئەویش گوتی: ( ئێستا دەبێت بڕۆم بەلاَم بەڵێنت دەدەمێ کە بە زوویی دێمەوە بۆ لات) ، پاشان ڕۆشت، زۆر چاوەڕێم کرد بێتەوە بۆلام بەلاَم تا ئەمڕۆش هەر نەگەڕاوەتەوە!.
ڕاستیەکی هێندە شەهیدو بریندارى سەختی کیمیایی لە نەخۆشخانەکانی تاران و شارەکانی دیکەی ئێراندا هەبوون ئەوانەی دڵیان بۆیان دەسوتا نەیان دەزانی

بەلای کامیانەوە بچن و فریای کامیان بکەون؟! ، لەبەر ئەو ڕاستیە زۆر گلەییم لەو برادەرە نەکرد کە نەهاتەوە بۆ لام و بەڵێنەکەی خۆی نەبردەسەر .
هەر لەو ماوەیەدا چەندین ڕۆژنامەنووسی ئێرانی و ولآتانی جیهان دەهاتنە لام، ڕۆژێك ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی هاتە لام و بەسەرهاتەکەمی کەم تا زۆر پێ گێڕامەوە و بەتایبەتی باسی چۆنیەتی بریندار بوونم بە چەکی کیمیایی و دابڕانی خۆمم بۆ کرد لەگەڵ باوك و دایك و براو خوشکەکانمداو، تکام لێکرد کەهەواڵیان بزانێت و بەزوویی ئاگادارم بکاتەوە .
ئەویش بەڵێنی پێدام و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو نەخۆشخانەکان و بونیادی شەهیدو پزیشك قانونی تاران گەڕابوو، وە چارەنوسیانی زانیبوو کە هەموویان شەهید بوون و کەسیان نەماون! ، وە بە کارمەندانی نەخۆشخانەکەی گوتبوو کە هەواڵی ماڵەوەمانی زانیوە کە کەسمان نەماوە! ، بەلآم گوتبووی هەرگیز ناتوانم لەو بارودۆخە ناسکەیدا ئەم هەواڵە جەرگ بڕە بەو کوڕە بەستەزمانە بدەم! ، بەلآم تکای لە کارمەندانی نەخۆشخانەکە کردبوو کە گرنگی زیاترم پێ بدەن ئەم هەواڵەشم بۆ نەگێڕنەوە .
ڕۆژێکیش پتر لە(١٥) ڕۆژنامەنوسی ئێرانی و جیهانی هاتنە لام و داوایان لێکردم کە وەلآمی چەند پرسیارێکیان بدەمەوە، منیش ئامادەییم دەربڕی و وەلآمی پرسیارەکانیانم دایەوە، یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان ڕۆژنامەنووسێکی نەرویجی بوو کە دواتر ئەو لێدوانانەی من بۆمدابوون لە گۆڤارێکی نەرویجیدا بلآوی کردبوویەوە، خزمێکیشمان بە برینداری کیمیایی برابووە نەرویج بۆ چارەسەر، لەوێ کە جالیە کوردەکانی نەرویج چووبوونە دیداری یەکێکیان باسی ئەو بەسەرهاتەی منی بۆ خزمەکەمان گێڕابووەوە کە لە گۆڤارە نەرویجیەکەدا خوێندبوویەوە، ئەویش داوای لێ کردبوون کە گۆڤارەکەی پیشان بدەن و پێیانی گوتبوو کە ئەگەر ئەو ناوە بێت کە باسی لێوە دەکەن ئەوا ئەو کوڕە خزمی منە ـ وەك لەم دواییانەدا بۆی گێڕامەوە کە گۆڤارەکەیان بۆ هێنابوو وە تەماشای وێنەکەمی کردبوو گوتبوی: وەلآهی بەناوەکەیدا ئەوە بەلآم بەشێوەیدا ئەو نییە چونکە ئەم منداڵە ڕەشەو ئەویش کوڕێکی سورکەلانەیە ـ ، لە ڕاستیشدا هەر خۆم بووم بەلآم لاشەم وا سوتابوو ڕەنگم گۆڕابوو وە نەدەناسرامەوە! ، دواتریش ئەو دیمانەی ئەو گۆڤارە کە لەگەڵمدا سازی کردبوو بووە تاکە هۆی دۆزینەوەم لە لایەن ئامۆزایەکمەوە .
ڕۆژێکیان دوو پیاوی تارانی بۆ لای نەخۆشی خۆیان هاتبوون، کە منیان بەو شێوەیە بینی زۆر سۆزیان بەرامبەرم نواندو بەڵێنیان پێدام کە هەموو ڕۆژێك

بێنە دیدارم و گوتیان هەرچیەکیشت پێویست بێت بە سەرسەر بۆتی دابین دەکەین.
ئەو دوو پیاوە بەرێزە بەڵێنەکەیان بردەسەرو ڕۆژانە بەیانی و ئێوارە دەهاتنە لام و دڵیان خۆش دەکردم، کە لەبەر ئازارو بێتاقەتیش بگریامایە زۆر هەوڵیان دەدا ئاشتم کەنەوە، بەلاَم کە ئاشت نەدەبوومەوە ئەوانیش دەستیان دەکرد بە گریان! ، ئەم دوو پیاوە ئەمە پیشەیان بوو تاوەکو لە نەخۆشخانە دەرچووم! ، یەکێکیان بۆ دڵخۆش کردنم چەندین جار دەیگوت تازە ئیتر ئەگەر کەس وکاریشت بتدۆزنەوە من ناتدەمەوە کچێکی خۆمت دەدەمێ و دەتکەم بە کوڕی خۆم!.
جارێکیشیان ژنێکی تەمەن چل و پێنج ساڵی تارانی گوێی لە هاوارو گریانم بوو، هاتە ژوورەکەم و هاتە سەر قەرەوێرەکەم و نزیك بوویەوە لێم و دەستی بە گریان کردو، دەستی کرد بە جانتاکەیداو بڕێکی زۆر پارەی ئێرانی تێدا بوو هێنایە دەرەوەو گوتی: (کوڕم تۆ لەوانەیە لە شوێنی خۆتدا بەشی خۆتانتان هەبووبێت و پێویستیتان بە هاوکاری کەس نەبوبێت، بەلاَم لێرەدا لێت قەوماوەو لە هەموو کەس و شتێك بوویت و دەستت بە کەس ناگات و زۆر پێویستیشت بە خەرجی هەیە بە تایبەتی کە لە نەخۆشخانە دەرچوویت، لەبەر ئەمانەی کە باسم کرد ئەم پارەیە لە (دایکی خۆت) وەربگرە!.) .
منیش زۆر سوپاسم کردو بڕە پارەکەم لێ وەرنەگرت، هەرچەندە هەوڵی داو تکای لێکردم یەك تمەنم لێ وەرنەگرت، لە ڕاستیشدا زۆر پێویستم پێی بوو بەلاَم نەفسم ڕێگای پێ نەدام!.
من و ئاغای موسەوی مەشهەدی کەم کەم کەوتینە دوان لەگەڵ یەکتر، موسەوی هەر جارێك ئازاری نەبووایە دڵی دەدامەوەو دەیگوت ترسی مردنت نەبێت و ئیشەلاَ چاك دەبیتەوەو هەرکە لە نەخۆشخانەش دەرچوویت کەس و کارت دەدۆزیەوە .
ئێوارەیەك پیاوێکی تارانی هات بۆ لام و کەمێك دانیشت و پاشان پێی گوتم: (ئەم شەو کاتژمێر ١١بەدواوە سەددام موشەك بارانی تاران دەکات تۆ نەترسیت خوا دەتپارێزێت! .) .
هەر لە ئێوارەوە ترسم لێ نیشت و چاوەڕێم دەکرد کە لە چ کاتێکدا ئەو موشەکبارانە دەست پێ دەکات، کاتژمێر گەشتە١١ی شەوو موشەك بارانی سەددام دەستی پێ کرد، هەموو ئەوانەی لە نەخۆشخانەکەدا بوون، بە کارگوزار و دکتۆرو کارمەندانەوە، تەنانەت ئەو نەخۆشانەش کە توانای هەڵسوکەوت و هەڵهاتنیان هەبوو ڕایان کرد بۆ ژێرزەمینی نەخۆشخانەکە، من

و موسەویش لەبەر ئەوەی توانای ڕاکردنمان نەبوو بەتەنها ماینەوەو کەوتینە بەر ڕەحمەتی موشەکەکانی (حسین)و(عباس)ی سەددام، تەنها کەسێك بەدەم هەڵهاتنەوە هاتە لامان ئاغای ئیکرادی بوو کە پێی گوتم: (نەترسی، هیچ نیەو جار بەجار دێمەوە لات و سەرت لێ دەدەم !).

موشەکەکان بەرێژنە دەیانکێشا بە تاراندا‌و موشەکەکانی (حسین و عباس) ئەو شەوەشی لێکردین بە قیامەت بە تایبەتی بۆ من و ئاغای موسەوی کە توانای ڕاکردنمان نەبوو! .

موشەکێك دەنگی کەم بوو دوور دابووی بە زەویدا لەناکاو موشەکێك لە نزیکمان دەیدا بە زەویداو شوشەی پەنجەرەی ژورەکەمانی دەهاڕی بەسەرمانداو خەریك بوو پاڵەپەستۆکەی لە پەنجەرەکەوە هەڵمانداتە خوارەوە!.

ئەو شەوە تاوەکو بەیانی و ڕاوەستانی مووشەك بارانی تاران بەتەمای مانەوە نەبووین لەژیانداو هەر چرکەیەکمان مەرگێك بوو، ئەمپولانس و ئۆتۆمبیلەکانی فریاکەوتن بە لێشاو خۆیان دەکرد بە نەخۆشخانەکەداو دەنگیان و دەنگی ئۆتۆمبیلەکانی ئاگر کوژاندنەوە هێندەی تر دەیترساندین و تاوەکو بەیانی نەخەوتین، بە کۆمەڵ برینداریان دەهێنایە نەخۆشخانەکە! .

ئەو شەوە هەرچۆنێك بوو بەسەرماندا تێپەڕی و ڕۆژمان لێ بوویەوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك هەستمان کرد کە بە لێشاو پاسداریان بە برینداری دەکرد بە نەخۆشخانەکەدا، کە پرسیارمان کرد:

ئەوە چی ڕویداوە؟! ، گوتیان: سوپای عێراق لە(دورگەی بۆبیان) و لە(فاو)ەوە هێرشیان کردۆتە سەر سوپای ئێران و بە (چەکی کیمیایی و تیشکی لێزەر) داویانە لە سوپای ئێران و ئەوەی تیاچووە تیاچووە و ئەوەشی کە لە مەرگ ڕزگاری بووە بەم شێوە دەرچووە کە دەیبینین، بریندارەکان بارودۆخیان زۆر خراپ و ترسناك بوو کە دەتبینین لێیان دەترسایت!.

پاش ئەوەی باری تەندروستیمان باش بوو سێ ژەمە خواردنی چاکیان بۆ دەهێنایین و خانمێکی بە تەمەنی تارانی کە لە چێشتخانەی نەخۆشخانەکەدا کاری دەکرد ناو بەناو دەهات بۆ لام و دڵی دەدامەوەو دەیگوت هەر کاتێك حەزت لە هەر خواردنێك بوو پێم بڵێ من بۆت دێنم، جاری واش هەبوو لە لام دادەنیشت و بۆ داماویم دەگریا!.

کەسوکاری ئاغای موسەویش کە لە لای بوون و چاودێریان دەکرد زۆر هاوکارم بوون و خزمەتیان دەکردم، بەتایبەتی عەلی برای ئاغای موسەوی کە هاوتەمەنی من بوو زۆر یارمەتی دەدام و بەو کورسیەی کە تایبەتە بە کەم ئەندامان ڕۆژانە دەیگێڕام و بەو شێوەش کەمێك باری دەرونیم سوك دەبوو.

ئێوارەیەك عەلی بەپەلە خۆی کرد بە ژورەکەداو گوتی هەستە با بتخەمە سەر کورسیەکەو بتبەم بۆ لای تەلەفزیۆنەکە لێدوانی یەکێك لەو فڕۆکەوانانە عێراقیانە پێشکەش دەکات کە قسەی بۆ کردوون، خستمیە سەر کورسیەکەو بردمی بۆ بەردەم تەلەفزیۆنەکە، ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی عێراق قسەی دەکردو باسی لەوە دەکرد کە کاتژمێر ئەوەندە لە فڕۆکەخانەی بەسرەوە بە فڕۆکەکەی هەستاوەو بە مەبەستی بۆردومان کردنی شاری هەڵەبجە هاتووەتە ئاسمانی هەڵەبجە بەلاَم لە لایەن دژە ئاسمانیە ئێرانیەکانەوە تەقەی لێ کراوەو فڕۆکەکەیان بەرداوەتە خوارەوە و ئێستا دیلە لای ئێرانیەکان.
دکتۆرەکەم داوای لێکردم کە پێویستە بجولێم و دەست بە دیوارەوە بگرم و بگەڕێم وەگەرنا مەترسی ئەوەم لەسەر دروست دەبێت کە دواتر نەتوانم بە پێوە بوەستم یان بگەڕێم.
ناچار هەرچۆنێك بوو هەستام و دەستم بە دیوارەکەوە دەگرت و بە هێواشی و کەم کەم هەنگاوم دەناو عەلیش لە نزیکما دەوەستاو چاودێری دەکردم نەکەوم، پاش کەمێك ماندو دەبووم و عەلی دەیبردمەوە بۆ سەر جێگاکەم .
پاش چەند هەفتەیەك کەم کەم فێری ئاخاوتن بووم بە زمانی فارسی وە ئێرانیەکانیش لەو زوو فێر بوونەم سەریان سوڕدەما! .
جارێکیان دەستم بە دیواری ڕێڕەوی هاتووچۆکەوە گرتبوو لەو سەرەوە دوو دکتۆرم بەدی کرد کە یەکێکیان پیاو بوو وە ئەوی دیکەیان ژن، سەیری منیان دەکردو پێدەکەنین، لە ڕاستیدا وام دەزانی پێکەنینیان بە چۆنیەتی ڕۆشتنەکەم دێ و زۆر دڵتەنگ بووم، بەرەو ڕووم هاتن و سەلامیان لێکردم و گوتیان: ئێمە دەناسیت؟ ، گوتم: من تاوەکو ئێستا نەم بینیون لە کوێ بتان ناسم؟!، ئەوانیش گوتیان: ڕاست دەکەیت تۆ ئێمەت نەدیوە بەلاَم ئێمە تۆمان بینیوە، ڕۆژێك لە بارودۆخێکی تەندروستی هێجگار مەترسیداردا تۆیان کرد بەم نەخۆشخانەیەداو هەناسەیەکی زۆر کورتت دەداو کوێر بوویت ئێمەو(٥) دکتۆری تر کەوتینە خۆ بۆ ڕزگارکردنت لە مەرگ، پاش چەندین ڕۆژ لە هەوڵی بەردەوامان (٥) دکتۆرەکە بێ ئومێد بوون و گوتیان تازە دەربازبوونی لە مەرگ نییەو هیچ شتێك سودی نیە لەگەڵیداو دەسیان لە مەلەفەکەت کێشایەوە، بەلاَم ئێمە زۆر بەزەییمان پێتدا هاتەوەو گوتمان لەگەڵ ئەو هەناسە کورتەیدا دەڕۆین یان ئەویشی نامێنێت و گیان دەسپێرێت یان ڕزگاری دەکەین، دواتر هەوڵەکەمان سەرکەوتنی بەدەست هێناو لەمەرگ ڕزگارمان کردی، ئێستا کە دەبینین تۆ هەستاویتە سەرپێ و دەگەڕێیت زۆر دڵمان خۆش بوو، وە مایەی شانازییە بۆ ئێمە، منیش گوتم: من ئەو هەولاَنەتان

بەرز دەنرخێنم و بە پیرۆزی دەزانم و قەدرزانی خۆمتان بۆ دەردەبڕم و هەرگیز لە بیرم ناچن، لە بەر ئەوەی لێرەدا هیچم پێناکرێت بۆتانی بکەم، هێندە دەتوانم بڵێم زۆر سوپاستان دەکەم! ، پاشان خوا حافیزیان کردو ڕۆشتن.
بە بۆنەی کەس و کاری ئاغای موسەویەوە کەمێك باری گرانی سەرشانم سوك بوو بوو، لەو تەنیاییەمدا گەلێك باش بوون بۆ من، بەلاَم ڕۆژێکیان کە باوکی هات بۆ دیداری ئاگام لێبوو پێی دەگوت: (کوڕم مەشهەد لە تارانەوە زۆر دوورەو ناتوانین وەك پێویست بە دەمتەوە بین و، لە نەخۆشخانەکانی مەشهەدیشدا هەمان خزمەت دەکرێیت، لەبەر ئەوە پێم باشە بتبەینەوە بۆ ئەوێ و لەوێ چیت پێویست بێ ئەنجامی دەدەن بۆت.)، موسەویش بۆچونەکەی پەسەند کردوو گوتی زۆر باشە .
لە ڕاستیدا زۆر پێم خۆش بوو موسەوی بچێتەوە بۆ شارەکەی خۆی و بۆ ناو کەس و کاری، بەلاَم لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی بە تەنها دەمامەوە هێندەی دیکە خەم باری بەسەرمدا! ، موسەوی و عەلی برای و باوکی هەستیان کرد من بە هەواڵی چوونی ئەوان خەمبار بووم، هاتنە لام و گوتیان: (کامیل تۆش لە گەڵ خۆمان دەبەین بۆ مەشهەد تاوەکو لە نزیکەوە ئاگامان لێت بێت و خزمەتت بکەین! ، بەلاَم من ملم نەداو گوتم لە تاراندابم باشترە بەڵکو کەسوکارم بمدۆزنەوەو زۆر سوپاسیشتان دەکەم کە لەم ماوەی ڕابووردوودا لەم تەنگانەی مندا هەرچیەکتان پێ کرا بۆ من درێغیتان نەکرد، هیوای چاك بوونەوەم خواست بۆ موسەوی و بەختەوەریش بۆ خانەوادەکەی و پێزانینی خۆمم بۆ دەربڕین) .
ڕۆژی دوایی خۆیان پێچایەوەو خواحافیزیان کردو ڕۆشتنەوە بۆ مەشهەد، منیش بەتەنها مامەوە لەو ژوورەدا، چەند ڕۆژێکم بە تەنهایی گوزەراند.
پاش ئەوەی پزیشکەکان گەشتنە ئەو بڕوایەی کە ئاساییە نەخۆشی ئاساییم لەگەڵدا بێت لەو ژوورەمدا زۆری پێ نەچوو نەخۆشێکیان هێناو لە جێگای پێشوی موسەوی دایاننا .
پیاوێکی بەتەمەن بوو، کە کەوتە دوان لە گەڵمدا بۆم دەرکەوت کە نەخۆشی شەکرەی هەیە، ئەم پیاوە بەتەمەنە هەرچەندە نەخۆش بوو بەلاَم تا بڵێی ڕوخۆش و سروشت گەنج بوو! ، وە زۆر کراوە بوو لەگەڵمدا، ئەو پیاوە ناویم لە بیر نەماوە بەلاَم مایەی دڵنەوایی بوو بۆ من ، هەوڵی دەدا خەفەت نەخۆم و زوو زوو قسەی خۆشی بۆ دەکردم .
پاش هەفتەیەك ئەویش کەمێك باش بوویەوەو نەخۆشخانەی بەجێ هێشت و ماڵئاوایی لێکردم، دیسانەوە بە تەنها مامەوە! .

( دکتۆر رِضوانی )کە سەرپەرشتی چارەسەرکردنەکەی دەکردم زۆر دڵسۆزم بوو، جاری وا هەبوو کاتژمێرێ لەگەڵم دادەنیشت و دڵی دەدامەوە، جاری واش هەبوو دەگریا بۆم! ، بە شێوەیەکی گشتی هەموو کارمەندانی نەخۆشخانەکە سۆزێکی لە ڕادە بەدەریان هەبوو بۆم، لە هەمووان زیاتر (ئاغای ئیکرادی مەهاباتی و خانم گولابی و خانم ئەسلانی).

نزیکەی(٥٠) ڕۆژێك دەبوو کە لەو نەخۆشخانەیەدا بووم، نیوەڕۆیەکیان خانمی گولابی هاتە ژورەکەم و گوتی: کامیل خزم و کەسێکت هاتووە بۆ لات!! ، منیش لە خۆشیدا خەریك بوو گەشکە بکەم، گوتم: ناوی چیە؟! ، گوتی: نازانم، بەلاّم هەر ئێستە دەیهێنم بۆ لات.

لە ڕاستیدا وام دانابوو کە باوکم بێت یان جەمیلی برام، بەلاّم کە هاتە ژورەوە بینیم کاك عوسمانی ئامۆزامە و هەرکە هاتە ژورەوەو منی بەو نەخۆشی و داماویە بینی خۆمان پێ ڕانەگیراو دەستمان کرد بە گریان و لەگەڵیشماندا خانمی گولابی تێر گریا!.

کاك عوسمان زۆر خەفەتی خوارد کە منی بەو شێوەیە بینی، زۆر پەلەم بوو کە هەواڵی ماڵەوەمانی لێ بپرسم، لە بەر ئەوە دەست بەجێ دەستم کرد بە پرسیار کردن لێی و لێیم پرسی: هەواڵی باوك و دایکم و ئەوان دەزانی؟! ، گوتی: بەڵێ خەمت نەبێت ئەوان زۆر باشن و ئەوەتان لە ئۆردوگای(کرمان) و تەنها ئەوەندە هەیە بەدوای تۆدا دەگەڕێن و مامم و جەمیل شارەوشار بەشوێنتدا دەگەڕێن و هیچ خەمێکیان نییە جگە لە خەمی تۆ!.

زۆر حەزم دەکرد ئەو هەواڵەی کە پێیدام ڕاست بێت، بەلاّم ئەوەی ڕاست بێت لە ناخمدا باوەڕم پێ نەکرد و بە گومان بووم لە قسەکانی بەتایبەتی لە کاتێکدا تەماشای دەکردم و مات دەبوو، لە ڕووخساریدا هەستم بە نهێنی گەورەو شتی شاراوە دەکردو نەدەچوویە ئەقڵمەوە کە کەسوکارم لە دۆخێکی ئاواهی ئاسایدابن، چونکە کە لەیەك دابڕاین لە کێوی شنروێدا بارودۆخی تەندروستیان زۆر خراپ بوو، وە لە مەرگەوە نزیکتر بوون تا لە ژیان ئیتر چۆن دەگونجێ جگە لە سۆراخ کردنی من هیچ کێشەیەکی دیکەیان نەبێت، مەگەر کاتێك لە یەکتر بزر بووین باری تەندروستی ئەوانیش وەك من نەبوو! .

کاك عوسمان پێی ڕاگەیاندم کە ماڵ ئەوان پێش کیمیابارانەکە بەرەو شارۆچکەی سیدصادق هەڵهاتبوون و لە پردی زەڵمدا خەریك بووە بە بۆردومانی چڕی ڕاجیمەی ئێرانی تیا بچن و بە شێوەیەکی کاتی و بۆ چەند ڕۆژێك لە سیدێادق بوون و دواتر باریان کردووە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی.

هەروەها گوتی بۆ هەواڵ زانینی ئێوە من لە قەندیلەوەو بەنێو ڕەبایەکانی سوپای عێراق و جاشدا خۆم گەیاندوەتە سنوری ئێران و هاتومەتە ناو خاکی ئێرانەوە .
کاك عوسمان ئەوەشی پێ گوتم کە زۆرێك لە نەخۆشخانەکانی شارەکانی ئێران گەڕاوە بۆ دۆزینەوەم بەلاَم هیچ وەلاَمێکی دەست نەکەوتووە.
دواتر چووە بۆ سەردانی (مامە صالح ) کە ئامۆزای باوکمان بوو، وە بە برینداری کیمیایی برابووە نەرویج بۆ چارەسەرو پاش چەند هەفتەیەك گەڕێنرابووە بۆ تاران و ئەویش پێی گوتوە کە کامیل لە نەخۆشخانەیەکی تاراندایەو باری تەندروستی زۆر خراپەو داوای لێ کردبوو کە سەفەر بکات بۆ تاران و سەردانی نەخۆشخانەکانی تاران بکات من بدۆزێتەوە، وە پێشی گوتبوو کە ئەو هەواڵی منی لە نەرویج زانیوە.
بە کاك عوسمانم گوت: با خۆم کۆکەمەوەو دەرچین لە نەخۆشخانەو سەفەرکەین بۆ (کرمان) و بچین بۆ لای باوکم و ئەوان، چونکە زۆر تامەزرۆی بینینیانم، چونکە ئەوە نزیکەی دوو مانگە نەمبینیون، نازانم دوای ئەوەی لە یەك دابڕاین چییان بەسەر هات؟! .
کاك عوسمان هەستم کرد دڵی پڕ بوو، بەلاَم هەر ئەوەندەی گوت کە باری تەندروستیم باش نیەو پێویست دەکات لە نەخۆشخانەدا بمێنمەوە، هێشتا کاتی ئەوەم نەهاتووە لە نەخۆشخانە بێمە دەرەوە، هەروەها گوتی خەمی ماڵت نەبێت من دەگەڕێمەوە بۆ لایان و هەواڵی تۆیان پێ دەدەم و دواتر لەگەڵ خۆم دەیانهێنم بۆ لات، گوتم تەندروستیم باشەو بە چاکیشی دەزانم لە نەخۆشخانە بچینە دەرەوە، گوتی با بڕۆم بۆلای دکتۆرەکەت بزانم ئەو چی دەڵێت .
ڕۆشت و پاش چەند خولەکێك گەڕایەوە بۆ لام و گوتی کاکە دکتۆرەکەت بە هیچ شێوەیەك ڕازی نیە تۆ لەم کاتەدا بەم شێوەیە بڕۆیتە دەرەوە لە نەخۆشخانە، بەلاَم بەڵێنی پێ داوم کەمن بچمەوە پاش ١٠ ڕۆژی دیکە بێمەوە بۆ لات و لەگەڵ خۆم بتبەمەوە .
ئەو ١٠ ڕۆژە بەلای منەوە زۆر دوور و درێژ بوون و هەر تەواو نەدەبوون! ، بەلاَم هەرچۆنێك بوو تێپەڕین، کاك عوسمان هاتەوەو کاك ئیبراهیمی مێردی هەلاَڵەی خوشکمی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، نە باوکم نەهیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەمی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا بوو! ، کە پرسیم بۆ ئەوان نەهاتن لە گەڵتدا گوتی نەیان پەرژاو خەمت نەبێت هەر یەکتری دەبیننەوە!، پاشان هەردوکیان بە منیان گوت لە نەخۆشخانەدا بمێنیتەوە باشترە بۆت و هەر کاتێك بە تەواوی چاك بوویتەوە ئەوجا دێینەوە دەتبەینەوە، منیش گوتم چیتر تاقەتم چووە بیشمرم

هەر لە نەخۆشخانە دەردەچم، گوتیان با بڵێین بە دکتۆر، گوتم پێی بڵێن بەلاَم بەخوا ڕازی بێت و ڕازی نەبێت هەر لە نەخۆشخانە دەردەچم! .
هاتنەوەو گوتیان دکتۆرەکەت دەڵێت ڕازی نابم ئەو کوڕە بەرنەوە چونکە هێشتا زۆر مەترسی مەرگی لەسەرەو تەندروستی باش نیە .
ڕۆشتم بۆ لای دکتۆرەکەم کە ڕێگام پێ بدات و ڕازی بێت کە لە نەخۆشخانە دەربچم، ئەویش گوتی تۆ هێشتا زۆرت ماوە نەخۆشخانە بەجێ بهێڵیت و زۆر پێویستیت بە چاودێری پزیشکی هەیە!، بەلاَم هەر وازم لێ نەهێناو تکای زۆرم لێکردو ئەویش بە کاك عوسمان و کاك ئیبراهیمی گوت: من ئەم کوڕەم لە لێواری مەرگ ڕزگارکردووەو هەروا بە ئاسانی ناهێڵم بیبەنەوەو بمرێت و بەمەرج ڕازی دەبم، مەرجەکەشم ئەمەیە کە ئەم کوڕە خزمەتی باشی بکەن و ئەو دەرمانانەی کە بۆی دەنوسم بە ڕێك و پێکی بیدەنێ و ڕۆژانە دەبێت دوو جار بیشۆرن و پاش هەردوو شۆردنەکەش مەرهەم بە باشی بدەن لە برینەکانی و پاش دوو سێ هەفتەی دیکەش بیهێننەوە بۆ لام تاوەکو بیبینم و بزانم نەخۆشیەکەی بە چ ئاقارێکدا چووە، ئەوانیش گوتیان بەسەر چاو ئەوەی جەنابت فەرمووت بۆی جێ بەجێی دەکەین و فەرمایشتەکانی بەڕێزتان فەراموش ناکەین .
ڕۆژی دوایی لە نەخۆشخانە دەرچووین و چووین بۆ ترمینالی غەرب و پاش ئەوەی بلیتمان بڕی و چەند کاتژمێرێك چاوەڕوانیمان کرد تا کاتی بەڕێکەوتنی پاسەکەمان هات، ئەوجا سواری پاس بووین و بەڕێ کەوتین بۆ شاری(پاوە) و، لەوێشەوە بۆ گوندی (نۆریاو) ی نزیك پاوە کە چەند کیلۆمەترێك دوورە لە سنوری عێراق و گوندی ( تەوێڵە ) .
پاش ئەوەی بە تەواوی شەو بەڕێگەوە بووین و پاش نزیکەی ١١ کاتژمێر مانەوە لە ناو پاسدا دەمەو بەیان گەشتینە شاری پاوەو لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێلێکی تر گەشتینە گوندی (نۆریاو) کە ماڵی ئیبراهیمی زاوام و هەلاَڵەی خوشکم، هەروەها ماڵی خەزورەی هەلاَڵەی خوشکم و چەندین ماڵی خەڵکی گوندەکەمانی (گوندی زەمەقی خواروو) لێ بوو کە لە ساڵی ١٩٨٧داو لەپاش شکست هێنانی ڕاپەڕینی هەڵەبجە دژ بە حکومەتی بەعس لە ترسی گیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان هەڵهاتبوون بۆ وڵاَتی ئێران و لەوێ و لە خانوی کرێدا نیشتەجێ بوو بوون .
کە گەشتینە ماڵی هەلاَڵەی خوشکم هەلاَڵە بە گریانێکی بەکوڵەوە هات و پێشوازی لێ کردم! ، بە گریانەکەیدا بۆم دەرکەوت کە کارەساتێکی گەورەمان لێ قەوماوە، گەرووم وشك بوو، ڕەنگم پێ نەماو گوتم هەلاَڵە چی بووە؟!! ،

خەڵکەکە نەیان هێشت هیچم پێ بڵێت و گوتیان وازی لێ بێنە داماوە جارێکان ماندووەو هیلاکی ڕێگای دەرنەچووەو کاتی قسە گێڕانەوە نیە بۆی! .
ئەو ڕۆژە تەواو بوو، وەشەویش هات بەسەریدا نەیان هێشت هەلاَڵە هیچم پێ بڵێت، کە ڕۆژ بوویەوە هەلاَڵە فرسەتی هێناو لە بێئاگایی ئەواندا لام دانیشت و بە دەمی گریانەوە چەند پرسیارێکی سەیری لێ کردم و دەیپرسی: تۆ تاکەی لەگەڵ باوکم و ئەواندا بووی؟! ، ڕۆژی کیمیاییەکە شەهێن چی لەبەردابوو؟! ، شلێر چی لەبەردا بوو؟! ، لە هەمووی سەیرتر لێی دەپرسیم تۆ هەواڵیان نازانیت؟! ، نازانیت چیان بەسەردا هاتووە؟! ، ئەم پرسیارانە لە ناخەوە هەژاندمی و هێزو توانام لێ بڕاو لاشەم گەرم گەرم بوو، کەوتمە گومان لە هەموو شت و وشەیەك دەست بەجێ چەند پرسیارێکم لێکردو گوتم پێی: مەگەر ئێوە هەواڵیان نازانن؟! ، ئەی ئێوە ناڵێن هەموویان لە ئۆردوگای کرمانن؟!! ، پێم بڵێ کەسیان هیچیان بەسەردا هاتووە؟! ، کەسیان شەهید بوون؟! .
لەوەدا بوو وەلاَمم بداتەوەو هەواڵیانم پێ بدات، بەلاَم لەم کاتەدا هاتنە ژورەوە بۆ لام و نەیان هێشت هەلاَڵە هیچم پێ بڵێت و قسەکانیان پێ بڕی و گوتیان باسی چی لا دەکەیت؟! ، وازی لێ بێنە قوڕبەسەرە، نەخۆشە! .
ڕۆژی دواتر پێش ئەوەی نیوەڕۆ بێت هەموومان دانیشتبووین، وە سەرقاڵی قسەکردن بووین، لەناکاو دەنگی فڕۆکەی جەنگی هات، چرکە بە چرکە دەنگی فڕۆکەکان گەورەتر دەبوو، دەست بەجێ دڵم پێی گوتم کە ئەو فڕۆکانە فڕۆکەی عێراقن و بۆ بۆردومان هاتوون! ، هاوارم کرد هەموو بابچینە دەرەوە بۆ ژێرزەمینێك ئەو فڕۆکانە بۆردومان دەکەن! ، قسەکەمیان پێ سەیر بوو، وە گوێیان پێ نەدا، بەلاَم من چونکە لە هەڵەبجە زۆر ترسابووم لە فڕۆکە خۆمم پێ ڕانەگیراو بە ڕاکردن لەسەرخانەکەوە هاتمە ژێرخانەکەو هەرکە من گەشتمە ئەوێ فڕۆکەکان دەستیان بە بۆردومان کردو هاوکات ئەوانیش خۆیان کرد بە ژێرخانەکەدا، فڕۆکەکان وێڕای تەقە لێ کردنیان لەلایەن دژە هەواییەکانی ئێرانەوە بە ئارەزوی خۆیان بۆردومانیان کردو ئەوجا گەڕانەوە بۆ عێراق .
پاش بۆردومانەکە هاتینەوە ژێرخانەکەو خەڵکەکە کەوتنە هەواڵ پرسین تا بزانن فڕۆکەکان چیان بەسەر خەڵکیدا هێنا؟!، بۆمان دەرکەوت کە فڕۆکەکانی عێراق بۆردومانی شاری پاوەیان کردووە بە تایبەتی بۆردومانی بەندیخانەکەی پاوەیان کردووە و چەندین ماڵ پێوە بووەو چەندەها کەسیش شەهیدو بریندار بووەو فڕۆکەکان بەوەشەوە نەوەستاون و لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا بۆردومانی گوندەکانی سەر ڕێگای گەڕانەوەیانیان کردووە! .

لەدواییدا کە هەموو شتێك ئاسایی بوو بووەوە لێیان پرسیم: ئەری ئەوە تۆ چۆنت زانی ئەو فڕۆکانە بۆردومان دەکەن؟! ، منیش گوتم لە هەڵەبجەدا کاتێك لە ژێرزەمینەکەدا بووین و لەدەشت و کێوو ڕێگاکاندا کە هەڵدەهاتین فڕۆکەکان کەدەهاتن بۆ بۆردومان کردنمان دەنگیان بەو شێوەیە بوو! ...

باسی چوارەم

**تراژیدیای ئێزیدیەکان**

**هێمای خۆشەویستی چیای شنگال، دوای ٤٥ ڕۆژ**

وێنەکە جەرگ هەژێنە ئافرەت و پیاوێك لە تەنیشت یەک لە سەر زەویەکەن، روخساریان هەمووی ڕەش هەڵگەڕاوە و بە هۆی تیشکی خۆرەوە پێستی قاچەکانیان و دەستیان سوتاوە و تەنیا ئێسکەکە و کەمێك گۆشتی پێوە ماوە، روخساری دەم و چاویان ئاڵۆز و شێواوە، بوونەتە هێلانەی ڕەگەزە زیندووەکانی سەر زەوی و کرم ودڕندە و باڵندە گۆشت خۆرەکانی تر هێواش هێواش لاشەی ئەم دوو مرۆڤە ئێزیدیە دەخۆن، ئەوان عەشقێکی پاکیان هەبووە پێکەوە لە شوێنێکی دوورە دەستی سەر چیای شنگال لە تینوویەتی و لە برسان گیانیان لە دەستدا، کەس ئەوانی نەبینیبوو ئەوانیش هێز و توانای رۆیشتنیان نەمابوو، مەزنترین و پیرۆزترین عەشق و سۆزیان تۆمار کرد، یەکتریان بەجێ نەهێشت و بەیەکەوە مردن، مردنێك کە هەرگیز بیریان لێ نەکردووەتەوە رەنگە زۆر جار ئەوان گفتوگۆی ئەوەیان کردبێت کە کێ پێش کێ دەمرێت و دوای مردنی یەکێکیان ئەویتریان چی دەکات، ئەشقی ئەوان وەك ئەشقی مەم و زین و شرین و فرهاد نیە، ئەوانە گەیشتنە یەك و بە یەکەوە بوون و دەست لە ناو دەست، بەڵام مرۆڤە دڕندەکانی داعش ئەوانیان ناچاری مردنێکی بەم جۆرە کرد، بە دەگمەن لەم سەردەمە عەشقێکی وا پاك و بێگەرد ئەبینرێ و بە دەگمەن لەم سەردەمە مردنێکی وا دەبینرێ ... ئەم دوو مرۆڤە هێمای خۆشەویستی چیای شنگالن و دڵنیام لە داهاتوو چەندین شعر و گۆرانی و فلمی دیکۆمێنتەری لە سەر ئەم ئەشقە پاکە ئەکرێت و بەرهەم دەهێنرێت.
چەکدارە ئێزیدیەکانی چیای شنگال تەرمی ئەو پیاوە شەست ساڵییە و خێزانەکەیان دۆزییەوە کە بە هۆی توونیویەتی و برسیەتی و گەرمای تیشکی خۆرەوە مردبوون. نواف خدیدا شنگالی وتی:"هێزە چەکدارە ئێزیدیەکانی چیای شنگال دوو تەرمیان دۆزییەوە کە یەکێکیان هی پیاوێکی شنگالی بوو کە پێ دەچوو تەمەنی شەست ساڵ بێت و لە تەنیشتیشی تەرمی ئافرەتێکی لێبوو کە لە تەمەنیەوە نزیك بوو"، پیاوەکە یەکێك لە ناسنامە فەرمییەکانی لە گیرفانا بوو و بە پێی قسەکانی شنگالی ئەو ژن و مێردە بە هۆی تینوویەتیا و برسیەتیەوە گیانیان لە دەست دابوو چونکە ئەوان هیچ شوێنێکی گوللەیان پێوە نەبوو و وا دیار بوو کە زیاتر لە (٤٥) ڕۆژە ئەمانە لە سەر ئەم حاڵەن و روفاتەکانیان بە بێ خاوەن کەوتوون.

# دەروازەی دووەم

## ئەنفالی ئێزیدیەکان

## ١٩٨٨

# بەشی شەشەم
# ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان لە دوای لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٨٨

## بەشی شەشەم

باسی یەکەم

## ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان لە دوای لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٨٨

بڕیاری ژمارە (٧٣٦) ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە (٦)ی ئەیلول دەرچوو، لە ئاژانسی دەنگوباسی عێراق و لە ڕۆژنامەی (الثورة) بڵاوکرایەوە، پێش ئەم لێبوردنە و بە هۆی دڕندەیی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق لە ئەنفالی هەشت دا بە سەدان هەزار کەس روویان لە چیاکانی کوردستان و وڵاتی تورکیا کردبوو، دوای لێبوردنەکە خەڵکێکی زۆر خۆیان دا بە دستی سوپای عێراقەوە، ئەفسەرانی ئیستخباراتی عێراق کە چاودێری گەڕانەوەیان دەکردن، داوایان لە ئێزیدی و مەسیحیەکان دەکرد کە خۆیان بناسێنن و پاشان فەرمانیان پێدان کە ئەوان بە جیا لە لایەکەوە ریز بن، لەوێ تەنیا ئەوەیان پێ وتن کە پیاوەکانیان دەگەڕینەوە بۆ یەکەکانی خۆیان ئەگەر سەربازی ڕاکردووبن، ژن و منداڵیش رەوانە دەکرێنەوە بۆ ماڵی خۆیان و کوردە موسڵمانەکانیش پارچە پسوڵەیەکیان پێدەدرا کە لە سەری نووسرابوو: (رەوانەی هەولێر بکرێن)، بەڵام مەسیحی و ئێزیدیەکان بە دەستی بەتاڵ مانەوە، دواتر رەوانەی پارێزگای دهۆک کران، شایەتحاڵێک دەڵێت: لە قەڵای نزارکێ کوردە ئێزیدیەکان لە کوردە موسڵمانەکان جیاکرابوونەوە، ئەوانەی لە نهۆمی دووەمی قەڵاکە بوون کوردی ئێزیدی بوون.

لە لایەن پۆلیسەوە ناوەکان خوێندرانەوە و لە گەڵ لیستیکی سەرەکیدا بەراورد کران، شایەدحاڵێک گێڕاویەتیوە کە دواتر پیاوانی ئیستخباراتی عێراقی فەرمانیان داویەتێ ببنە سێ دەستە، مەسیحی و ئەو ئێزیدیانەی لە پارێزگای دهۆک خۆیان داوەتە بەدەستەوە و ئەو ئێزیدیانەی لە ئاکرێ خۆیان داوەتە بەدەستەوە واتە سەر بە پارێزگای موسڵ، ئەم جۆرە جیاکردنەوە خەڵکەکەی خستبووە گومانەوە، پاشان مەسیحیەکان و ئەو ئێزیدیانەی لە پارێزگای دهۆک خۆیان داوەبەدەستەوە بە جیا برانە شوێنێک لە لای دەروازەکە و ئیتر پاسی تایبەت و ئۆتۆمبێلی سەربازی هاتن و ئێزیدیەکانی قەڵای نزارکێ و دهۆکیان گواستەوە، ئەوئێزیدیانەی لە ئاکرێ خۆیان دابوو بە دەستەوە ئیتر ئەوان ئازاد کران بەم شێوەیە ئەو نەخشەی بۆ شاڵاوەکانی ئەنفال دارێژابوو هەر جێ بەجێ کرا و ئەوانەی لە پارێزگای دهۆک بوون پێویست بوو بکوژرێن و مەرگ چاوەرێیان بوو و ئەوانەی سەر بە پارێزگای موسڵن چونکە نەخشە جینۆسایدەکە نایگرێتەوە لە بەرنامەدا نەبوو، ئەوان ئیتر پێویستە بژین، ئەمەش

هەمان ئەو لۆجیکە بوو کە بیروکراسیەتێکی وشکی دەگەیاندوو لە بەزەیی بەدەربوو، ئەمەش بە ئاشکرا لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراقدا دیارە کە مامەڵە و رەفتاریان لە گەڵ گیراوە مەدەنیەکاندا چۆن بووە، بۆ نموونە؛ نووسراوێکی نهێنی لە ئەمنی پارێزگای هەولێرە بە ژمارە (٢ / ش/ ١٢٨٠٩) لە رێکەوتی ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ دا، دەڵێت:"ناوی ئەو دوو کەسەی لە گۆڕەپانی عەمەلیاتی ئەنفالدا گیراون، لە لایەن فەرماندەی مەکتەبی باکوورەوە گەڕاونەتەوە، لە بەر ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە نین کە عەمەلیاتی ئەنفال دەیانگرێتەوە..."[١].

ئەم کوردە ئێزیدیانە هەموویان لە گێژەنی دوای ئەنفال و دوای لێبوردنی گشتی بێ سەروشوێن و کۆمەڵکوژکراون، بە گوتەی شایەتحاڵەکان لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا ئەمانە ئەنفال و جینۆساید کراون واتە مانگێک پاش شاڵاوی ئەنفالی کۆتایی لە بادینان کە لە ١٩٨٨/٨/٢٥ ئەنجام درابوو.

ئەوەی بە سەر ئێزیدی و کلدان و ئاشووری و مەسیحیەکان هاتووە تاوانێکی دڕندانە بوو بە یەکێک لە گەورەترین مەسەلە نادیار و تەم و مژاویەکانی ئەنفال ماوەتەوە و ڕوخسارێکی دیکەی جینۆسایدی کورد و کوردستان بوو.[٢]

"نایف رەشو ئیسیانی"[٣] یەکێکە لە رزگاربووانی کوردی ئێزیدی، دەڵێت:"ئێمە لە قەڵای ئاکرێ ناومان تۆمار کرابوو دوای ئەوەی خانەوادەکەمان خۆیان رادەست کرد پاش چەند ڕۆژێک منیش خۆم رادەست کرد، سوپا و هەواڵگری و ئەمن و حزبی بەعسی عێراقی خێزانە گەڕاوەکانیان کۆ دەکردەوە لە هەموو ناوچەکانی ئاکرێ لە ناحیەی ئەتروش هەتا کۆتایی خاڵی سنووری ئێران، سەنتەری پێشوازی قەڵای ئاکرێ بوو فۆرمی بەڵێندانیان پێمان پڕ دەکردەوە کە هەموو زانیارییەکان بە راست و دروستی بنووسن و بەڵێن بدەن کە جارێکیتر نەچنە پاڵ پێشمەرگەوە، ئەگەر گەڕاوەکە دانیشتووی قەزا و ناوچەکانی پارێزگای موسڵ بووایە، ئەوە فرقەیە حیزبی بەعسی عەفلەقی ناوچەکەی دەهات و لە سوپا وەریانی دەگرتەوە و پیاوێکی بەعسیان لە گەڵ دەنارده هەولێر، بەڵام ئەگەر دانیشتووی پارێزگای دهۆک بوونایە ئەوە بە ئۆتۆمبێلی تایبەت لە ئاکرێوە دەیان گواستەوە بۆ دهۆک و لێپێچینەوەیان لە گەڵیان دەکرد.

١- میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێرانی محەمەد حەمە سالح تۆفیق، ل ٣٩٢
٢- میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێرانی محەمەد حەمە سالح تۆفیق، ل ٣٩٥
٣- چاوپێکەوتن لە گەڵ نایف رەشو ئیسیانی

بە ئیڤا و زیلی سەربازی لە ئاکرێوە گواسترابنەوە بۆ ناحیەی خەبات و لەوێ تۆمارکراین و بردیانین بۆ هەولێر ودواتر بۆ کۆمەڵگاکانی قەسرێ وەک؛ چێژنیکان وگردەچاڵ و بەرحوشتر، هەولمدا بە دوای خێزانەکەما بگەڕێم لەو خێوەتگایانە کە زیاتر لە (١٠)هەزار خێزانی تیا بوو هەتا کەسێکی ناسیاو رێنمایی کردم بۆ شوێنی خێزانەکەم، لە ڕۆژی ٩/١٣ کە خێزانەکەم بینی لەوپەڕی خۆشییا بووم سەرەڕای ئەو وەزعە خراپەی بێ خواردن و خواردنەوە و نیشتەجێ بوون.

ئەوانەی دهۆک لەوێ لێپێچینەوەیان لە گەڵیان دەکردەوە و فۆرمی بەڵێندانیان بە هەمان شێوە پڕ دەکردەوە و پیاوێکی بەعسیان لە گەڵ دەنارد و دەیانگواستنەوە بۆ کۆمەڵگاکان - بەڵام ئێزیدیەکان و مەسیحیەکانیان لە قەڵای دهۆک (نزارکی) دەهێشتەوە.

چەند خێزانێکی ئێزیدی و مەسیحی بە هەڵە لە قەڵای (نزارکی)دەرچوون وەک (خێزانی اسحاق اطوشی وخێزانی مسطو صالح داکی وشاکر محمود) دوای نزیکەی (٢٠) ڕۆژ کۆمەڵێ ئۆتۆمبێلی پیاوانی بەعس هاتن و هەموو خێزانە ئێزیدی و مەسیحیەکانیان ئاگادار کردەوە کە بڕۆن بۆ لێژنەی پێشوازی گەڕاوان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ناوچەکانی نیشتەجێ بوونیان و لە بیرمە بە مسطوی هاوڕێمانیان وت (شارێ) هاوسەرت نابەین چوونکە ناوی لامان نییە بەڵام تکای کرد و وتی من لە گەڵ مێردەکەم دەبم بۆ هەر کوێ بیبەن".

## باسی دووەم
## قەڵا سەربازییەکەی دهۆک زیندانی نزارکێ

شوێنی جیاکردنەوەی مرۆڤەکان و چارەنووسی بەندکراوەکان، هەندێکیان بۆ کەمپ و ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و هەندێکیشیان بۆ سزا و ئەشکەنجەدان و هەندێکیشیان بۆ زیندە بە چاڵ کردن لە گۆڕی بە کۆمەڵدا.

لەم قەڵایەدا پیاوەکان لە بەر چاوی دایک و هاوسەر و خوشک و برا و منداڵ و کەسوکاریان بە دار و سۆندە فەلاقە دەکران، بەر شەق و مستە کۆڵە و زڵلە دەدران، سەربازانی سوپا بۆ گاڵتە و بەزمی خۆیان دنکە شقارتەی داگیرساویان بە ڕیش و سمێڵی بەندکراوەکانەوە دەنا.

بەندکراوەکان بە سەر زیندانە پیس و بۆگەنەکاندا پەرش و بڵاو دەکرانەوە کە بە میز و پیسایی بنیادەم داپۆشرابوون. هەزاران کەس لەم قەڵایەدا بوون، خواردن و خواردنەوە لەم قەڵایە بە دەگمەن دەدرا بە خەڵکەکە و سەرچاوە ئاویەکان پیس بوون، سەربازانی زیندان و پیاوانی سوپا بە خەڵکەکەیان دەوت:"ئێوەی کورد بۆ مردن نێردراونەتە ئێرە"[1]ئەمە گەلێک لە گیراوەکان دەیانگێڕایەوە.

ئەمە بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە نەخشەدارێژەرانی ئەنفال ژیان و مردنی ئەو خەڵکەیان لە لا وەک یەک بوو.

زۆرێک لە منداڵەکان بە هۆی برسیەتی و خراپی کەش و هەوا و تینوویەتی لەم زیندانە گیانیان لە دەستداوە، هەروەها چەندین ئافرەت لەم زیندانە بە بەر چاوی هەموویان منداڵیان بووە، بە بێ هەموو شتێ. گەلێک کەسیان بە تایبەت پیاوان لە حەوشی زیندانەکەدا بە ستوونیک دەبەست و ئینجا بە بلۆکی کۆنکرێت ئەیاندا بە سەر ملیان،

هاوڵاتیەکی ئێزیدی دڵێت: دوای بڕیاری لێبووردن لە لایەن دیکاتۆرەکەیان سەدام حوسین و حزبی بەعس، ئەشکەنجەدانی جەستەیی و شوێن بزرکردن و بە کۆمەڵ کوشتن هەر بەردەوام بوو، لێدانی هاوڵاتیانی ئێزیدی لە پێش چاوی خێزانەکانیان هەتاکو گیانیان لە دەست دەدا لە قەڵای نزاکێ و دواتر زیندەبەچاڵ دەکران لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان تەنانەت منداڵی کەمتر لە ساڵێکیان لە گەڵ بوو.

بێ کەڵکترین شت لای پیاوانی کاربەدەستی زیندانەکانی بەعس و دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی ئەنفالدا مرۆڤی کوردبوون، سوکایەتیکردن بەکەرامەت و

---

١- میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێرانی محەمەد حەمە سالح تۆفیق، ل ٣٧٣

ناموس و بیروباوەڕی مرۆڤی کوردی ئێزیدی لەم زیندانە بەردەوام بوو، بە هەموو جۆر و شێوازێک.
کاتێک مرۆڤەکان بۆ یەکەمجار دەچوونە ناو ئەو قەڵایە خوێنی کەڵلەی سەری مرۆڤ و خوێنی لاشەی ئەشکەنجەدراوی مرۆڤەکان دیوارەکانی نەخشاندبوو، بۆنی خوێن و مەرگ دەوروبەری ئەم قەڵایەی داگیر کردبوو، هەرچی کچی شۆخ و شەنگە بە دەستی جەلادەکانی بەعس ناشرین دەکران و بە دەمە چەپەڵەکانیان گەزەیان لە روومەت و سینگی نازداران دەدا، لەم زینەدا خانەوادە هەڵوەشێندرایەوە، ئافرەتەکان لە پیاو گەنجەکان لەوانی تر جودا کران، مناڵەکان لە سۆزی خۆشەویستانیان بێ بەش کران. سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەر بۆ گاڵتەجاڕی و هەوەسی و پاڵەوانی خۆیان ئەم دیمەنانەیان تۆمار دەکرد.

# بەشی حەوتەم
# ئەنفالکردنی گوند و خانەوادەی ئێزیدیەکان

# بەشی حەوتەم
# ئەنفالکردنی گوند و خانەوادەی ئێزیدیەکان

ئەمانەی خوارەوە ناو و شوێن و تەمەن و ڕەگەزی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدین، هەندێک لە خانەوادەکان گشتیان ئەنفالکراون، باوک و دایک و منداڵەکانیان و تەنانەت کۆرپە ساواکانیشیان، ئیدی لە دوای لێبووردنی گشتیەوە، ژیان بۆ خەڵکی تری کوردستان و ئەنفالکراوانی کوردی موسڵمان دەستی پێ کردەوە بەڵام بۆ کوردانی ئێزیدی لە دوای ئەم لێبووردنە ژیان وەستا، ئەمە بە تەواوی پێشێلکاری هەموو یاسایە سروشتی و مرۆڤایەتیەکانە و پێچەوانەی هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانی مرۆڤایەتیە، بە وردبوونەوە لەم ناوانە و تەمەن و ڕەگەزیان مرۆڤ دووچاری شۆک دەبێت چۆن مرۆڤەکان قڕکران ئەگەر مرۆڤەکانیش ڕێگایان بە خۆیانداوە ئەم تاوانانە ئەنجامبدەن، ئەی چۆن زەوی توانای قوتدانی ئەم هەموو مرۆڤە کوردەی هەبووە، بیابانەکانی ناوەراست و باشووری عێراق پڕا و پڕن لە ئێسکی مرۆڤی کورد، سەگەکانی باشووری عێراق بە گۆشتی منداڵ و ئافرەت و پیاوی کورد گەورە کراون.

## (١-١)
## ئەنفالکردنی کۆمەڵگای خانکێ

ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە کۆمەڵگای خانکێ لە ساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی عیدو حاول بکو</u>**

١- عیدو حاول بکو (١٩٥٠)
٢- کورجي خمو عبدو (١٩٥٣)
٣- جمیل عیدو حاول بکو (١٩٧٣)
٤- فرمان عیدو حاول بکو (١٩٧٦)
٥- صباح عیدو حاول بکو (١٩٧٩)
٦- مدینة عیدو حاول بکو (١٩٨٠)
٧- ماجد عیدو حاول بکو (١٩٨٢)
٨- رشید عیدو حاول بکو (١٩٨٣)

٩- حامد عيدو حاول بكو (١٩٨٥)
١٠- مسعود عيدو حاول بكو (١٩٨٨)
١١- ماجدة عيدو حاول بكو (١٩٨١)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (١١) کەس
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٨) کەس
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٨) منداڵ و منداڵێکیان کەمتر لە ساڵێکە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای دهۆک - قەزای سمێل - کۆمەڵگای خانکێ.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**ئەنفالکراوانی خانەوادەی علي حاول بكو**

١- كوزي خواستي عبدو (١٩١٩)
٢- نفية خدر جندي (١٩٦٠)
٣- جمال علي حاول بكو (١٩٨١)
٤- جلال علي حاول بكو (١٩٨٣)
٥- فهد علي حاول بكو (١٩٨٥)
٦- سهام علي حاول بكو (١٩٨٧)
٧- ازاد علي حاول بكو (١٩٨٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٧) کەس
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٤) کەس
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان
ژمارەی منداڵ: (٥) منداڵ و منداڵێکیان کەمتر لە ساڵێک و منداڵێکیان (١) ساڵانە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای دهۆک - قەزای سمێل - کۆمەڵگای خانکێ
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی خدر حاول بکو

١- کوجر خلف حمي (١٩٥٥)
٢- حلوك خدر حاول بكو (١٩٨٦)
٣- فرهاد خدر حاول بكو (١٩٨٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٣) کەس
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٢) منداڵ و منداڵێکیان کەمتر لەساڵێکە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای دهۆک - قەزای سمێل - کۆمەڵگای خانکێ.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ – دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی خواستی حاول بکو

١- خواستي حاول بكو (١٩٤٢)
٢- بتي حمي عمر (١٩٤٥)
٣- عابد خواستي حاول بكو (١٩٧٥)
٤- سعيد خواستي حاول بكو (١٩٧٦)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٤) کەس
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: نیە و تەنیا میرمنداڵێکیان لە گەڵدایە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای دهۆک - قەزای سمێل - کۆمەڵگای خانکێ.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**<u>ئەنفالكراوانی خانەوادەی یزدین حاول بكو</u>**

١- بیریفان عبو شاشوار (١٩٥٤)
٢- هاجر خدر شلال (١٩٥٥)
٣- جليلة یزدین حاول بكو (١٩٨٧)

كۆی گشتی ئەنفالكراوانی ئەم خانەوادەیە: (٣) كەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (نیە).
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) كەس،بە پێی جۆری ناوەكان.
ژمارەی منداڵ: (١) منداڵ و تەمەنی یەک ساڵانە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای دهۆک - قەزای سمێل - كۆمەڵگای خانكێ.
شوێنی ئەنفال كردن: زیندانی قەڵای نزاركێ - دهۆک.
ڕێكەوتی ئەنفال كردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

كۆی گشتی ئەنفالكراوانی كوردی ئێزیدی لە (كۆمەڵگای خانكێ):(٢٨)كەس.
كۆی گشتی ڕەگەزی نێری كوردی ئێزیدی:(١٦) كەس.
كۆی گشتی ڕەگەزی مێی كوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەكان:(١٢)كەس.
منداڵە ئەنفالكراوەكانی(كۆمەڵگای خانكێ):(١٦) منداڵ.

(٢-١)
**ئەنفالكردنی كۆمەڵگای شاریا**
ژمارەی ئەنفالكراوانی چەند خانەوادەیەكی ئێزیدی لە كۆمەڵگای شاریا لە ساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالكراوانی خانەوادەی عبدال حیدر درویش</u>**

١- عبدال حیدر درویش (١٩٢٩)
٢- موري علي حسن (١٩٣٥)
٣- میرزا عبدال حیدر درویش (١٩٦٧)
٤- حیدر عبدال حیدر درویش (١٩٧٣)
٥- بیبون عبدال حیدر درویش (١٩٧٥)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٥) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای دهۆک - قەزای سمێل - کۆمەڵگای شاریا.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی الیاس عبدال درویش

١- الیاس عبدال درویش (١٩٥٣)
٢- بسی خدیدا مراد (١٩٦١)
٣- عالیة الیاس عبدال درویش (١٩٧٨)
٤- سامان الیاس عبدال درویش (١٩٨١)
٥- صدیق الیاس عبدال درویش (١٩٨٤)
٦- بَیمان الیاس عبدال درویش (١٩٨٦)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٦) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٤) منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای دهۆک - قەزای سمێل - کۆمەڵگای شاریا.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## متفرقەی گۆمەڵگای شاریا

١- اسمر خدر میرزا (١٩٣١)
٢- شمو سلیمان ابراهیم (١٩٦٧)

کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة) کۆمەڵگا شاریا: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای دهۆک - قەزای سمێل - کۆمەڵگای شاریا.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (کۆمەڵگای شاریا):(١٣) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی:(٧) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان: (٦) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(کۆمەڵگای شاریا):(٤) منداڵ.

**(١-٣)**
**ئەنفالکردنی گوندی ئیسیان**
ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی ئیسیان لە ساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی الیاس شرو حسین</u>**

| | |
|---|---|
| ١- الیاس شروحسین | (١٩٢٧) |
| ٢- شمسی عبید درویش | (١٩٣٥) |
| ٣- حجي الیاس شرو | (١٩٦٥) |

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای شێخان- گوندی ئیسیان.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.

ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**<u>متفرقەی گوندی ئیسیان</u>**

١- خدیدا عیدوابراهیم (١٩٧٦)
٢- درویش حیدر حسن (١٩٧٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة) گوندی ئیسیان: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (نیە).
ژمارەی منداڵ: (٢) منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ - قەزای شێخان - گوندی ئیسیان.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی ئیسیان): (٥) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (٤) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان: (١) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(گوندی ئیسیان): (٢) منداڵ.

**(١-٤)**
**ئەنفالکردنی گوندی خەتاری گەورە**
ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی خەتاری گەورە لە ساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی خیري درمان حجي</u>**

١- شيرين ميرزا عرب (١٩٥٤)
٢- لينا خيري درمان حجي (١٩٧٢)
٣- تانيا خيري درمان حجي (١٩٧٤)
٤- فيان خيري درمان حجي (١٩٨٥)
٥- سيبَل خيري درمان حجي (١٩٨٧)

٦- امین درمان حجي (١٩٦٦)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٦) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٥) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان
ژمارەی منداڵ: (٢) منداڵ، منداڵێکیان یەک ساڵانە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی خەتاری گەورە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی خدیدا حسین فلیبوس

١- روزا خدیدا حسین فلیبوس (١٩٧٨)
٢- جیزن خدیدا حسین فلیبوس (١٩٨٤)
٣- زفین خدیدا حسین فلیبوس (١٩٨٥)
٤- زیان خدیدا حسین فلیبوس (١٩٨٦)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (نیە).
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٤) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٤) منداڵ، هەر چواریان منداڵن.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی خەتاری گەورە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی عادل عیسی خلیل حجي

١- سینم الیاس درویش (١٩٦٦)
٢-ألند عادل عیسی حجي (١٩٨٧)

٣- یَلماز عادل عیسی حجي (١٩٨٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٢) منداڵ، منداڵێکیان کەمتر لە ساڵێکە و منداڵێکیشیان یەک ساڵانە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی خەتاری گەورە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتیِ ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی خەتاری گەورە): (١٣) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی:(٣) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان:(١٠)کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(گوندی خەتاری گەورە):(٨) منداڵ.

**(١-٥)**
**ئەنفالکردنی گوندی دوغات**
ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی دوغات لە ساڵی ١٩٨٨

**ئەنفالکراوانی خانەوادەی جوقي سعدون حکیم**

١- شیرین خدر مراد (١٩٥١)
٢- وفاء جوقي سعدون حکیم (١٩٧٨)
٣- سلمان جوقي سعدون حکیم (١٩٧٩)
٤- سوریاز جوقي سعدون حکیم (١٩٨٤)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.

ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٣) منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی دوغات.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی شمو سلیمان سعدون

١- شمو سلیمان سعدون (١٩٥٤)
٢- شیرین شمو سلیمان (١٩٥٦)
٣- برجین شمو سلیمان (١٩٨٤)
٤- بَروَر شمو سلیمان (١٩٨٦)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٢) منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی دوغات.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی عیسی خلیل حجي

١- عیسی خلیل حجي (١٩٢٥)
٢- بَفري مراد سلو (١٩٣٥)
٣- کامل عیسی خلیل (١٩٧٥)
٤- شیرین عیسی خلیل (١٩٧٠)
٥- نبراس عیسی خلیل (١٩٨٠)
٦- خمي عیسی خلیل (١٩٨٠)

٧- خیال عیسی خلیل (١٩٨٢)
٨- کوثر عیسی خلیل (١٩٨٣)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٨) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٥) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٤) منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی دوغات.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی جلال خلیل حجي

١- جلال خلیل حجي (١٩٥٠)
٢- مریم الیاس درویش (١٩٥٦)
٣- شیرزاد جلال خلیل حجي (١٩٨٠)
٤- فهد جلال خلیل حجي (١٩٨٤)
٥- میلاد جلال خلیل حجي (١٩٨٤)
٦- فرهاد جلال خلیل حجي (١٩٨٦)
٧- نارین جلال خلیل حجي (١٩٨٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٧) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٥) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٥) منداڵ، منداڵێکیان کەمتر لەساڵێکە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی دوغات.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی علی خلیل حجی

١- بهار ابراهیم سعدون (١٩١٧)
٢- عمشة الیاس درویش (١٩٤٩)
٣- ئاسی علي خلیل حجي (١٩٦٦)
٤- فائزة علي خلیل حجي (١٩٨٢)
٥- زخاروف علي خلیل حجي (١٩٨٤)
٦- خلیل علي خلیل حجي (١٩٧٦)
٧- دیمتروف علي خلیل حجي (١٩٨٧)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٧) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٥) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٤) منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی دوغات.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی عیدو عبدي ناصر

١- عیدو عبدي ناصر (١٩٣٧)
٢- دزوار عیدو عبدي ناصر (١٩٦٦)
٣- سیسي عیدو عبدي ناصر (١٩٦٧)
٤- فهیمة عیدو عبدي ناصر (١٩٧٥)
٥- مهند عیدو عبدي ناصر (١٩٧٨)
٦- فوزیة عیدو عبدي ناصر (١٩٧٩)
٧- حلمي عیدو عبدي ناصر (١٩٨٠)
٨- هفانا عیدو عبدي ناصر (١٩٨٢)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٨) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس.

ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٥) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٤) منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی دوغات.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**<u>متفرقەی گوندی دوغات</u>**

١- شرين ابراهيم سعدون (١٩٤٧)
٢- ليلى الياس درويش (١٩٥٦)

کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة) گوندی دوغات: (٢) کەس
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (نیە) .
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس.
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی دوغات.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی دوغات): (٤٠) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی:(١٧) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان:(٢٣)کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(گوندی دوغات):(٢٢) منداڵ.

**(١-٦)**

**ئەنفالکردنی گوندی بحزانی**

ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی بحزانی لە ساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی صبحي خدر حجو</u>**

١- آسيا عثمان خدر (١٩٥٤)
٢- سَربَست صبحي خدر (١٩٧١)
٣- سندس صبحي خدر (١٩٧٨)
٤- رَفين صبحي خدر (١٩٨٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٤) کەس
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان
ژمارەی منداڵ: (٢) منداڵ، منداڵێکیان کەمتر لە ساڵێکە
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی بحزانی.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی حسين حجي كنجي

١- غزال علي قوّال (١٩١٧)
٢- مناضل حسين حجي كنجي (١٩٧٤)
٣- بسيم حسين حجي كنجي (١٩٧٥)
٤- لينا حسين حجي كنجي (١٩٧٦)
٥- عاصف حسين حجي كنجي (١٩٧٨)
٦- جمعة حسين حجي كنجي (١٩٨٧)
٧- عاصفة حسين حجي كنجي (١٩٨٨)
٨- باسلة حسين حجي كنجي (١٩٨٥)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٨) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٥) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٥) منداڵ، منداڵێکیان کەمتر لە ساڵێکە.

شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی بحزانی.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی جمعة حجي كنجي

١- ونسة بشار رشو (١٩٣٤)
٢- خيري جمعة كنجي (١٩٦٧)
٣- شامل جمعة كنجي (١٩٦٩)
٤- امين جمعة كنجي (١٩٧٠)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە) منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی بحزانی.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی خليل جمعة حمو

١- نمشة خدر الراعي (١٩٣٥)
٢- ماشو درويش جلو (١٩٦٤)
٣- هوزان خليل جمعة حمو (١٩٨٧)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (نیە) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (١) منداڵ.

شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی بحزانی.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**<u>متفرقەی گوندی بحزانی</u>**

١- بكية حجي كنجي (١٩٥٥)
٢- غالية حجي الياس (١٩٥٢)

کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة) گوندی بحزانی: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (نیە).
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢).
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف-گوندی بحزانی.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی بحزانی): (٢١) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (٦) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان:(١٥)کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(گوندی بحزانی): (٦) منداڵ.

**(١-٧)**
**ئەنفالکردنی شارۆچکەی بەعشیقە**
ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە شارۆچکەی بەعشیقە لە ساڵی ١٩٨٨
**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی دخيل سلو خدر</u>**

١- دخيل سلو خدر (١٩٤٢)
٢- تفاحة خدر جمعة (١٩٤٩)

٣- میدیا دخیل سلو خدر (١٩٨٧)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (١) منداڵ، منداڵێکیان یەک ساڵانە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- بەعشیقە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی حسین خرتو سینو

١- حسین خرتو سینو (١٩٥٧)
٢- لیلی نون برو (١٩٦٢)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، بەعشیقە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی خدیدا طیبان عمر

١- خدیدا طیبان عمر (١٩٤٠)
٢- طیبان خدیدا طیبان (١٩٦٧)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە).

شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، بەعشیقە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (شارۆچکەی بەعشیقە): (٧) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (٣) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان: (٤) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(شارۆچکەی بەعشیقە): (١) منداڵ.

**(١-٨)**
**ئەنفالکردنی گوندی بوزان**

ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی بوزان لە ساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی خلات رشيد عيدو</u>**

| | |
|---|---|
| ١- خلات رشيد عيدو | (١٩٦٢) |
| ٢- عيدي شمو حجى | (١٩٦٦) |
| ٣- ماجد خلات رشيد | (١٩٨٠) |
| ٤- بهجت خلات رشيد | (١٩٨٢) |
| ٥- سَيران خلات رشيد | (١٩٨٦) |
| ٦- آفوك خلات رشيد | (١٩٨٨) |
| ٧- جيهان خلات رشيد | (١٩٨٣) |
| ٨- خبات خلات رشيد | (١٩٨٥) |

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٨) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٤) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٦)، منداڵێکی کەمتر لە ساڵێکیان لە گەڵ دایە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای تلکێف، گوندی بوزان.

شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**<u>متفرقەی گوندی بوزان</u>**

١- هادي علي حسين (١٩٦٦)
٢- جيرو عمر سعدو (١٩٦٩)
٤- باسم شاكر كولاني (١٩٧١)
٥- نجيم خرمش مراد (١٩٦٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة) گوندی بوزان: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (نیە).
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی بوزان.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی بوزان): (١٢) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (٨) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکانیان: (٤) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(گوندی بوزان): (٦) منداڵ.

**(١-٩)**
**ئەنفالکردنی گوندی خورزان**
ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی خورزان لەساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی خدیدا خدر یزدین</u>**

١- خديدا خدر يزدين (١٩٦٠)
٢- بيروز حسن رشو (١٩٦٤)
٣- نسرين خدر يزدين (١٩٨٧)
٤- ئافوك خديدة خدر (١٩٨٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٢)، منداڵێکی کەمتر لە ساڵێکیان لە گەڵ دایە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای تلکێف، گوندی خورزان.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**ئەنفالکراوانی خانەوادەی خورشید عمر سعدو**

١- خورشيد عمر سعدو (١٩٦٨)
٢- مهور شمو سعدو (١٩٧٠)
٣- كولستان خورشيد سعدو (١٩٨٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (١)منداڵ، کەمتر لە ساڵێکە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای تلکێف، گوندی خورزان.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**ئەنفالکراوانی خانەوادەی حيدر سليمان علی زرّاق**

١- حيدر سليمان على زراّق (١٩٥٢)
٢- كني خديدا طفطياني (١٩٥٥)
٣- سربست حيدر سليمان (١٩٨١)
٤- مهدي حيدر سليمان (١٩٨٤)
٥- سَركَفت حيدر سليمان (١٩٨٥)
٦- سردار حيدر سليمان (١٩٨٣)
٧- برزة حيدر سليمان (١٩٨٨)
٨- سيبان حيدر سليمان (١٩٨٦)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٨) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٦) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٦)منداڵ، منداڵێکی کەمتر لەساڵێکیان لە گەڵ دایە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای تلکێف، گوندی خورزان.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**<u>متفرقەی گوندی خورزان</u>**

١- حمزة خلف الياس (١٩٥٧)
٢- الياس وحيد الياس (١٩٧١)
٣- خديدة قوجى رمو (١٩٤٧)

کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة) گوندی خورزان: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (نیە).
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی خورزان.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی خورزان): (١٨) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (١١) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان: (٧) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی (گوندی خورزان): (٩) منداڵ.

**(١-١٠)**
**ئەنفالکردنی گوندی کرساف**
ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی کرساف لە ساڵی ١٩٨٨

**ئەنفالکراوانی خانەوادەی حسین سیسو خدیدة**

١- حسین سیسو خدیدة (١٩٥٧)
٢- لیلی کنی احمد (١٩٥٩)
٣- سردار حسین سیسو (١٩٧٧)
٤- دلوفان حسین سیسو (١٩٨٠)
٥- قیدار حسین سیسو (١٩٧٨)
٦- نازي حسین سیسو (١٩٨٤)
٧- ئیناس حسین سیسو (١٩٨٤)
٨- ....(کچی) حسین سیسو (١٩٨٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٨) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٤) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٦)منداڵ، منداڵێکی کەمتر لە ساڵێکیان لە گەڵ دایە.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای تەلکیف، گوندی کرساف.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**<u>متفرقەی گوندی کرساف</u>**

١- حجی وحید سلیم (١٩٦٩)
٢- بیبو قوجي.... (١٩٣٨)

کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة) گوندی کرساف: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای تلکێف- گوندی کرساف.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی کرساف): (١٠) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (٥) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان:(٥) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(گوندی کرساف): (٦) منداڵ.

**(١-١١)**
**ئەنفالکردنی گوندی داکا**
ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی داکا لە ساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی درویش صالح حسین</u>**

١- درویش صالح حسین (١٩٥٠)
٢- سیفي مشکو شمو (١٩٥١)
٣- حربیة درویش صالح (١٩٧٩)
٤- کردی درویش صالح (١٩٨١)
٥- سمیرة درویش صالح (١٩٧٨)
٦- بیریفان درویش صالح (١٩٨٢)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٦) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٥) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٤)منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای تلکێف، گوندی داکا.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی مصطفى صالح حسين

١- مصطفى صالح حسين (١٩٦٤)
٢- شاري نعمو حسين (١٩٦٥)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (١) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (١) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای تلکێف، گوندی داکا.
شوێنی ئەنفال کردن: ئۆردووگای زۆرەملێ جێژنیکان - هەولێر.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

ئەم خانەوادەیە جیاوازتر لە هەموو خانەوادەکانی تری کوردی ئێزیدی ناویان بە هەڵە لە گەڵ لیستی کوردی موسڵمان تێکەڵ کرابوو، بۆیە دوای لێبوردنی گشتی ئەوان لە قەڵای نزارکێ ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگای جێژنیکان، ئیتر شانسی ئەوەیان هەبوو ئەنفال نەکرێن و وەکو هەموو کوردێکی تر بەر لێبوردنەکە کەوتن، بەڵام ئەم شانسە تەمەنی کورت بوو، تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک بوو، دوای چەند ڕۆژێک لە لایەن لیژنەی پێشوازی کردنی گەڕاوەکان ( لجنة استقبال العائدين) لە ئۆردووگای جێژنیکان ڕاگوێزرانەوە بۆ قەڵای نزارکێ، لە لایەکی تریشەوە دووبارە شانس یاوەری " شاریّ " هاوسەری "مصطفى: بوو، کە ناوی لە گەڵ ئەوانە تۆمار کرابوو کە لە قەڵای

ئاکریێ خۆیان دابوو بە دەستەوە، چونکە بە پێی بریارێک شاڵاوی ئەنفال تەنیا پارێزگـای دهـۆکی دەگـرتەوە، لە گەڵ پارێزگاکـانی تـری کوردسـتان، ئەو شوێنەی "شاریێ" ناوی تۆمار کردبوو سەر بە پارێزگـای موسڵ بوو، بۆیە لیژنەی ئەمنی(اللجنـة الامنيـة)، بە "شـاریێ"یان وت:"تـۆ ئـازادی و ئەتـوانی بڕۆی، بەڵام هاوسـەرەکەت (مصـطفى) پێویستە وەکو ئەوانـی تر لە گەڵمـان بێـت، بەڵام بە هـۆی خۆشەویسـتی (شـاریێ) بـۆ هاوسـەرەکەی ئەمەی ڕەتکردەوە، وتی: من لە گەڵ هاوسەرەکەم دەبم و ئەو بۆ کوێ بچێت منیش هەر لە گەڵ ئەو دەبـم...". بەم شـێوەیە چارەنووسـی "شـاریێ" هەمـان چارەنووسی "مصطفى"ی هاوسەری و ئەوانی تر گۆڕی بە کۆمەڵ بوو، ئیتر "شاریێ"ش نەبینرایەوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی داکا): (٨) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (٢) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان: (٦) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(گوندی داکا): (٤) منداڵ.

**(١-١٢)**
**ئەنفالکردنی کۆمەڵگای جزیرە**

ژمـارەی ئەنفـالکراوانی چەنـد خـانەوادەیەکی ئێزیـدی لە کۆمەڵگـای جزیـرە لە ساڵی ١٩٨٨

<u>**ئەنفالکراوانی خانەوادەی خدر حمد عطو**</u>

١- خدر حمد عطو (١٩٥٣)
٢- نعام خلف كينجو (١٩٦٠)
٣- وضحە خدر حمد (١٩٧٧)
٤- شيرين خدر حمد (١٩٨٠)
٥- دخيل خدر حمد (١٩٨٢)
٦- وحيدة خدر حمد (١٩٨٤)
٧- وحيد خدر حمد (١٩٨٦)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٧) کەس.

ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٤) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٥)منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای شنگال، کۆمەڵگای جزیرە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

## ئەنفالکراوانی خانەوادەی سعید سلو کیجو

١- سعید سلو کیجو (١٩٥٦)
٢- کني کورو جردو (١٩٦٠)
٣- أديبة سعيد سلو (١٩٨١)
٤- عيشان سعيد سلو (١٩٨٥)
٥- سرمد سعيد سلو (١٩٨٧)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٥) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٢) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٣) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٣)منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای شنگال، کۆمەڵگای جزیرە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (کۆمەڵگای جزیرە): (١٢)کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (٥) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان: (٧) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(کۆمەڵگای جزیرە): (٨) منداڵ.

**(١-١٣)**

**ئەنفالکردنی گوندی ملچەپەر**

ژمارەی ئەنفالکراوانی چەند خانەوادەیەکی ئێزیدی لە گوندی ملچەپەر لە ساڵی ١٩٨٨

**<u>ئەنفالکراوانی خانەوادەی خدیدا حسین محمود</u>**

١- خدیدا حسین محمود (١٩٤٠)
٢- باران شمو کریت (١٩٤٥)
٣- میسون خدیدا حسین محمود (١٩٧١)
٤- حبیب خدیدا حسین محمود (١٩٨١)
٥- رزکار خدیدا حسین محمود (١٩٨٤)

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە: (٥) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٣) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (٢) کەس، بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (٢)منداڵ.
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ، قەزای شێخان، گوندی ملچەپەر.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**<u>متفرقەی گوندی ملچەپەر</u>**

١- عارف الياس جيجو (١٩٦٨)
٢- نائف زبلو رشو (١٩٦٩)
3- صبري محمود خدر (١٩٦٥)
4- اسماعيل بابا شيخ (١٩٦٠)
٥- بير بدل.... (١٩٦٤)

کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة) گوندی ملچەپەر: (٥) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٥) کەس.

ژمارەی ڕەگەزی مێ: (نیە) بە پێی جۆری ناوەکان.
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: پارێزگای موسڵ- قەزای شێخان-
گوندی ملچەپەر.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

کۆی گشتی ئەنفالکراوانی کوردی ئێزیدی لە (گوندی ملچەپەر): (١٠) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی نێری کوردی ئێزیدی: (٨) کەس.
کۆی گشتی ڕەگەزی مێی کوردی ئێزیدی، بە پێی جۆری ناوەکان:(٢) کەس.
منداڵە ئەنفالکراوەکانی(گوندی ملچەپەر): (٢) منداڵ.

**(١٤-١)**
**<u>متفرقه</u>**

١- حسين علي حسين
٢- تحسين عيسى حمو
٣- حسين خلف كانون
٤- بدل سليمان عمر
کۆی گشتی ئەنفالکراوان (متفرقة): (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی نێر: (٤) کەس.
ژمارەی ڕەگەزی مێ: (نیە).
ژمارەی منداڵ: (نیە).
شوێنی نیشتەجێبوونیان بەر لە ئەنفال: نەزانراوە.
شوێنی ئەنفال کردن: زیندانی قەڵای نزارکێ - دهۆک.
ڕێکەوتی ئەنفال کردن: دوای لێبوردنی گشتی لە ٦/ ٩ / ١٩٨٨ بە دواوە.

**خشتەی خوارەوە شوێن و ڕەگەز و ژمارەی ئەنفالکراوانی ئێزیدی لە ساڵی ۱۹۸۸ نیشان دەدات**

| شوێن | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| خانکێ | ١٦ | ١٢ | ٢٨ |
| شاریا | ٧ | ٦ | ١٣ |
| ئیسیان | ٤ | ١ | ٥ |
| خەتاری گەورە | ٣ | ١٠ | ١٣ |
| دوغات | ١٧ | ٢٣ | ٤٠ |
| بحزانی | ٦ | ١٥ | ٢١ |
| بعشیقە | ٣ | ٤ | ٧ |
| بوزان | ٨ | ٤ | ١٢ |
| خورزان | ١١ | ٧ | ١٨ |
| کرساف | ٥ | ٥ | ١٠ |
| داکا | ٢ | ٦ | ٨ |
| جزیرە | ٥ | ٧ | ١٢ |
| ملچەپەر | ٨ | ٢ | ١٠ |
| نەزانراو | ٤ | - | ٤ |
| کۆی گشتی | ٩٩ | ١٠٢ | ٢٠١ |

وەک لەم خشتەدا دیارە جیاوازییەکی ئەوتۆ نیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا و بەڵکو ژمارەی ڕەگەزی مێ زیاتریش بووە لە ڕەگەزی نێر، ژمارەیەکی هەرە زۆر لە کچ و ئافرەتی ئێزیدی ئەنفالکراون و چارەنووسیان گۆڕی بەکۆمەڵ بووە، ڕژێمی لە داروخاوی بەعس چەند دڵڕەقانە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، کردەی کۆمەڵکوژی ئەنجام داوە، تاکو ئێستاش گۆڕە بە کۆمەڵەکانیان نەدۆزراونەتەوە، ١٨٢ هەزار کورد و تەنانەت ژمارەیەک لە کەمایەتیەکانی تری وەکو ئاشووری و کلدان و مەسیحی و ٨ هەزار نێرینەی بارزانی و ١٥ هەزار کوردی فەیلی و سەدان کەسی تر لەم لاو لەو لاو بە کۆمەڵ کوژراون و چارەنووسیان گۆڕە بە کۆمەڵەکان بوو، بە سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراقدا هەن، لە عێراقدا و لە سەردەمی دەسەڵاتداری سەدام حوسینی لە ناوچوو لە ساڵی هەشتاکاندا لە جێگای هەر پارک و قوتابخانە و

نەخۆشخانەیەك، گۆڕی بە کۆمەڵ لێدراون و کوردەکان بە زیندوویی ژێر خاک نراون، لە جێگای هەر جوانی و باڵاخانە و کۆشکێک گۆڕێکی بە کۆمەڵ هەیە، دەکرێ عێراق بە وڵاتی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بناسرێت، دۆزینەوەی ئەم هەموو گۆڕە بە کۆمەڵانە و لە بارودۆخێکی وادا دۆزینەوەیان سەخت و ئەستەمە، تاکۆ ئێستا تەنیا روفاتی ٢٦٧٢ ئەنفالی جینۆسایدکراوان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەرهێنراون و هێنراونەتەوە باوەشی نیشتیمان.

**خشتەی خوارەوە ژمارەی منداڵە ئەنفالکراوەکانی ئێزیدی لە شاڵاوی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ دەخاتە روو**

| شوێن | منداڵ |
| --- | --- |
| خانکێ | ١٦ |
| شاریا | ٤ |
| ئیسیان | ٢ |
| خەتاری گەورە | ٨ |
| دوغات | ٢٢ |
| بحزانی | ٦ |
| بعشیقە | ١ |
| بوزان | ٦ |
| خورزان | ٩ |
| کرساف | ٦ |
| داکا | ٤ |
| جزیرە | ٨ |
| ملچەپەر | ٢ |
| کۆی گشتی | ٩٤ |

وەک لە خشتەکەدا دیارە رێژەیەکی زۆر لە منداڵ بە هەردوو ڕەگەز ئەنفالکراون، بە بەراورد لە گەڵ خشتەی سەرەوەدا ژمارەکان زۆر لە یەک نزیکن و بە نزیک لە ژمارە پیاوەکان منداڵانی کوردی ئێزیدیش ئەنفال کراون، لە زۆربەی هەرە زۆری شاڵاوەکان و پرۆسە جینۆسایدەکان وجەنگ و تاوانەکانی تر دژ بە مرۆڤایەتی منداڵان پشکی شێریان بەر دەکەوێت لە

قوربانیـدان و دووچـاری سـەدان تـاوان و زوڵـم و زۆرداری و دەردەسـەری هـاتوون، ئەوان توانـا و هێـز و خـۆراگری و ئاسـتی بیرکردنەوەشـیان وەک گەورەکان نیە، بە هەزاران منداڵ لە زیندانەکاندا لە دایکبوونە و بە هەزاران منداڵ بە زیندوویی خراونەتە گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە، سەدان منداڵ دووچاری ئەشـکەنجەدان و دەسـتدرێژی سێکسـی بـوونە، لەم خشـتەیەی سـەرەوەدا ژمـارەیەکی زۆر منـداڵی سـاوایان لە گەڵدا بـووە بە پشـت بەسـتن بە تەمەنـی ئەنفالکراون منداڵ هەن تەمەنیان زۆر کەمترە لە ساڵێک و ئافرەت هەن دوو گیـان بـوونە و کۆمەڵکوژ کـراون. جەلادەکـانی بەعس دووربـوون لە هەمـوو بەهـایەکی مرۆڤـایەتی و ئەوان زەڕەیەک ویـژدان و کەرامەتـی مرۆڤـایەتی و ئاینیان نەبووە، بە چ ویژدانێک دەستیان چووەتە منداڵە بێ تاوانەکان.

# پاشکۆ

## ڕێککەوتننامەی بەربەرەکانێ و سزادانی تاوانی جینۆساید ١٩٤٨/١٢/٩

کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری ژمارە ٩٦ی ١١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦دا جاڕی دا کە جینۆساید لە ڕوانگەی یاسایی نێودەوڵەتیەوە بە تاوان بە ئەژمار دێ و دژ بە مەبەست و نیاز و مەرامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و جیهانی شارستانیەتی مەحکومی دەکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو کە لە ١٩٤٨/١٢/٩ بە پێی بڕیاری (٢٦٠) پەیماننامەی بەربەندکردنی جینۆساید لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو، ئەم پەیماننامەیە لە پێشەکی و پاشەکی و نۆزدە بەند پێکهاتووە، عێراقیش ئەو ڕێککەوتننامەی لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٥٩ پەسەند کردووە.

**ماددەی یەکەم:**
دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە ئەو کار و کردانەی، چ لە کاتی ئاشتی و چ لە کاتی شەڕدا، جینۆسایدیان بە دواوە بووە، لە دیدی یاسایی نێودەوڵەتیەوە بە تاوان ئەژمار دەکرێن و بەڵێن دەدەن هەموو ڕێ و شوێنێك بۆ ڕێگە لێگرتنیان و سزادان لە سەریان بگرنە بەر.

**ماددەی دووەم:**
لەو ڕێککەوتننامەیەدا جینۆساید هەر کار و کردەیەکە لەو کار و کردانەی خوارەوە، بە مەبەستی لە ناو بردنی تەواوی یان بەش- بەشی گروپێکی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یان ئاینی ئەنجام بدرێ:
١. کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە.
٢. زیان گەیاندنی بەرچاو بە جەستە و دەروونی ئەندامانی گروپەکە.
٣. بە ئەنقەست ئەندامانی ئەو گروپە، بخاتە بارێکی گوزەرانی واوە کە لە ناو چوونی بەشێك یان تەواوی گروپەکەی بە دواوە بێت.
٤. گرتنەبەری ڕێ و شوێنی ئەوتۆ ڕێگر بێ لە زاوزێ (نەزوك)ی گروپەکە بگرێ.
٥. بە زۆر گواستنەوەی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.

**ماددەی سێیەم:**
ئەم کار و کردەوانەی خوارەوە، سزایان لە سەرە:

١. جینۆساید.
٢. پیلان گێران بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.
٣. هاندانی ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرای جینۆساید کردن.
٤. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.
٥. بەشداری کردن لە جینۆساید.

**ماددەی چوارەم:**
هەر کەسێ تاوانی جینۆساید بکا یان هەر کارێکی لەو کار و کردانەی کردبێ کە لە ماددەی سێ دا ناویان هاتووە سزا دەدرێ، جا تاوانکار، حکومڕان بێ یان کارمەند یان هەر تاکێکی دی.

**ماددەی پێنجەم:**
دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن دەدەن، هەر یەکەیان بە گوێرەی باری دەستووری تایبەت بە وڵاتی خۆیان، ڕێ و شوێنی یاسایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی بنەواشەکانی ئەم ڕێککەوتننامە دابنێن، نەمازە لە یاساکانی خۆیاندا سزای تاوانکاری ئەوتۆ بۆ هەر یەکێك ببڕنەوە تاوانی جینۆسایدی کردبێ یان هەر کارێك لەو کارانەی ئەنجام دابێت کە لە ماددەی سێ دا دەقبەند کراون.

**ماددەی شەشەم:**
ئەو کەسانەی بە تاوانی جینۆساید تۆمەتبار دەکرێن، یان بە هەر کارێك لەو کارانە لە مادەی سێ دا دەقبەند کراون، دەدرێنە دادگا گەلی پسپۆڕی ئەو دەوڵەتەی کارەکەی لە سەر خاکی ئەنجامدراوە، یان دەدرێنە دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتی حەل و فەسڵکردنی هەبێ، بۆ ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی کە دەسەڵاتی ئەم دادگایان پێ پەسەندە.

**ماددەی حەوتەم:**
تاوانی جینۆساید و ئەو کردەوانەی لە مادەی سێیەم دا دەقبەند کراون، سەبارەت بە تەحویلدانەوەی تاوانکاران، بە تاوان گەلی سیاسی دادەنرێن.
دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن دەدەن لەم بارەدا، بە گوێرەی یاساگەل و پەیماننامەی تایبەت، ڕێ و شوێنی تەحویلدانەوە بگرنە بەر.

**ماددەی هەشتەم:**

هەر دەوڵەتێکی ئەندام، ئەم پرسە بۆ دەستەی پسپۆڕی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەگەیەنێ و بە پێی بنەواشەکانی پەیمانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێ و شوێنی لە بار و گونجاو بۆ خۆ پاراستن، یان سزادانی کار و کردەوەکانی جینۆساید یان هەر کارێکی کە لە مادەی سێیەمدا دەقبەند کراوە، بگرێتە بەر.

**ماددەی نۆیەم:**

هەر کێشەیەك لە نێو دەوڵەتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە بێتە گۆڕێ لە سەر لێکدانەوە، یان بەکارهێنان و جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە کێشەی تایبەت بە بەرپرسیارەتی دەوڵەتیشەوە لە کار و کردەوەکانی جینۆساید یان هەر کارێك لە مادەی سێ یەمدا دەقبەند کراون، لە سەر داوای هەر یەکێك لە لایەنە تاکەکان بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی دەخرێتە ڕوو.

**ماددەی دەیەم:**

دەقی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، چینی، ئیسپانی و ڕووسی نووسراوەتەوە و هەموویان وەك یەك جێگەی بڕوان و مێژووەکەی ٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨.

**ماددەی یازدەهەم:**

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر دەوڵەتێکی نا ئەندام کە کۆمەڵەی گشتی داوای لێ بکا، دەکارێ تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٩، ئەم ڕێککەوتننامەیە واژوو بکا.

ئەم پەیماننامەیە پەسەند دەکرێ و دیکۆمێنتەکانی بە ڕاستگەراندن لە لای سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەمانەت دادەنرێ و دەشێ لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٠ ەوە هەر ئەندامێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەردەوڵەتێکی نا ئەندام، داخوازینامەیەکی لەم بارەوە پێ گەشتبێ، بەم ڕێککەوتننامەیە پەیوەست بێ.

دیکۆمێنتەکانی پەیوەست بوون بەو ڕێککەوتننامەیە لە لای سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەپارێزرێن.

**ماددەی دوازدەهەم:**

دەکرێ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەرکات بیەوێ، ئاگاداری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکاتەوە کە ئەحکامەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە سەر تەواوی، یان هەندێ لەو هەرێمانەی کاروباری دەرەکییان بۆ هەڵدەسوڕێنێ، جێبەجێ دەبن.

**ماددەی سێزدەهەم:**
لەو ڕۆژەی بیستەمین دیکۆمێنتی پەسەند کردن یان پەیوەست بوون بەم ڕێککەوتننامەیە (لە لای سکرتێری گشتی) بە ئەمانەت دادەنرێ، ئەوا سکرتێری گشتی ڕاپۆرتێك دەنووسێ و وێنەیەکی لێ دەنێرێ بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە نا ئەندامەکان کە لە ماددەی ١١ دا بە دەق ئاماژەیان بۆ کراوە.

**ماددەی چواردەم:**
لە مێژووی بەڕێوە بردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بۆ ماوەی ١٠ ساڵان کاری پێ دەکرێت و دواتر بۆ ماوەی ٥ ساڵی تریش بەڕێوە دەبردرێ و بەم شێوەیە، تا ئەو دەمەی دەوڵەتانی ئەندام لایەنی کەم شەش مانگ پێش تەواو بوونی ئەم ماوەیە، ئارەزووی خۆیان بۆ بەڕێوە بردنی دەرنابڕنەوە.

**ماددەی پازدەهەم:**
بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێ ئاگاداری نامە ئاڕاستەی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ.

**ماددەی شانزدەهەم:**
هەر دەوڵەتێکی ئەندام هەر کاتێك بیەوێ بە نووسراو بۆ سکرتێری گشتی داوای چاوگێڕانەوە بەم ڕێککەوتننامەیە بکا. لەم بارەیەوە کۆمەڵەی گشتی ڕێ و شوێنی پێویست دەگرێتە بەر.

**ماددەی حەڤدەم:**
سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو دەوڵەتانەش کە ئەندام نین لەم ڕێکخراوەدا لە ماددەی ١١ دا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئاگادار دەکاتەوە:

١. مـــۆرکردن- واژووکـــردن-، پەســـەندکردن و پەیوەســـت بـــوون بەو ڕێککەوتننامەیە بە پێی ماددەی ١١.
٢. ئەو ڕاگەیاندراوانەی ئاڕاستەی دەکرێن بە گوێرەی ماددەی ١٢.
٣. مێـژووی بەرکـاربوونی ئەم ڕێککەوتننـامەیە بە پێـی بنەواشـەکانی مـاددەی ١٣.
٤. ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە گوێرەی ماددەی ١٤.
٥. هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە پێی ماددەی ١٥.
٦. ئەو ئاگادارکردنەوانەی ئاڕاستەی دەکرێن بە پێی ماددەی ١٦.

**ماددەی هەژدەم:**
وێـــنەی ئەســـڵی ئەم ڕێککەوتننـــامەیە لە ئەرشـــیفی ڕێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەگیرێ وێنەی دەقا و دەقـی پەسـەندکراوی ئەم پەیمـانە بـۆ هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان و دەوڵەتـانی نـا ئەندام لە ماددەی ١١ دا ئاماژەی بۆ کراوە، دەنێردرێن.

**ماددەی نۆزدەم:**
ســکرتێری گشــتی نەتەوە یەکگرتووەکــان ئەم ڕێککەوتننــامەیە لە بەرواری بەکاربوونیەوە تۆمار دەکا.

# جینۆساید
# لە چاوی وێنەکانی
# دوێنێ و ئەمڕۆدا

"فەرماندەکانمان وتیان بیانکوژن. فیشەک گرانە، نەچن بە فیشەک بیانکوژن! بە قسەمان کردن، ئێمەش لە منالْی شەش حەوت سالأنەوە بگرە تا پیرە پیاوی شێست حەفتا سالأنمان بە قۆنداخە تفەنگەکان دەکوشت".

"ئەمەی سەرەوە قسەی سەربازێکی بەشداری بووی شالاوی جینۆسایدی دێرسیم بوو"



"کاتێ دەمویست خۆم لە ژێر بەردێکدا حەشار دەم، سەربازێک منی بینی و تەقەی لێ کردم بۆ لام هات و بە سەرم دا گوڕاندی وە پێش خۆی دام و بە پاڵ پێوە نان بردمی بۆ ئەو شوێنەی کە منالْەکان و ژنەکانیان لێ کۆ کردبۆوە".

جینۆسایدی دێرسیم



"هەموو شتێک لە مانگەکانی هاوینێ دەستی پێ کرد، ڕۆژێک بابم چوو حەیوانەکان بلەوەڕێنێ، زۆر درەنگ بوو بەڵام هەر نەهاتەوە، زۆر ترسابووم لە بەر دەرگای ماڵەوە دادەنیشتین، کاتێک براکەم گوتی دەڕۆم لە بابم بگەڕێم، گوێمان لە دەنگی تەقەی چەکان بوو، هەموو خەڵکی دێ بە ترس و دڵەڕاوکێ هاتنە دەر، سەربازەکان چەک بە دەست تەقەیان دەکردە سەر دێهاتەکەمان و بەرەو ڕوومان دەهاتن ". جینۆسایدی دێرسیم



"لە پڕ لەو دیوی تەپەیەکەوە سەربازەکان تەقەیان لێ کردین هەموومان بۆ ئەوەی خۆمان بشارینەوە بە دۆڵێکدا چووینە خوار. هەر لە وێ پووریشم کوژرا". جینۆسایدی دێرسیم



ئەو کاتەی لەسەر سنووری ئێران هەڵڕێژران مێرد منداڵ بوو، بەڵام ئێستا ئیتر لە پیربوونەوە نزیکە دەڵێ "زۆر ئازارمان چەشت هەر نەمانزانی ئێمە کوێیین باوکم وتی لە عێراق وتیان ئێوە ئێرانین و لێرە مەمێنن، کەچی لە ئێرانیش هەر پێیان دەوتین عێراقییەکان سەرمان لێشێوا". جینۆسایدی فەیلیەکان



"لە بنکەی پۆلیسەکە بینیم تەواوی خانەوادەکەم بە دایکم و باوکم و خوشکو براکانمەوە گیراون و هەر ئەو ڕۆژە سوار سەیارەیەکیان کردین و لە نزیك سنوری ئێران فڕێیان داین". جینۆسایدی فەیلیەکان



"لە ڕۆژی یەکەم براکانم و خاڵم کە لاو بوون هەموویان بردن بۆ گرتووخانەی (ئەبوغرێب) لەوانە زیاتر لە (٧٠٠٠)حەوت هەزار کوڕی گەنج بوون تاکو ئێستا چارەنوسیان دیار نییە... ئەم ژمارەیە لە قۆناغی یەکەمدابوو... بەڵام لە ساڵی١٩٨٠ هەموو گەنجە نێرینەکانی تر گیراون و ڕەوانەی گرتووخانەکانی دیکە کران...". جینۆسایدی فەیلیەکان



" گەڕانەوە چ سوودێکی هەیە ئێمە ئەوەی هەمان بوو لەدەستماندان تازە بە ئاسانی ناتوانین بەدەستیان بێنینەوە". جینۆسایدی فەیلیەکان



"بەشێکی زۆری ژیانمان لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلە سەربازیەکاندا بوو"

جینۆسایدی بارزانیەکان



"ڕۆژانە لە ئۆردووگایە بیابانەکانی باشووری عێراق چەندین هەواڵی مردنمان پێ دەگەیشت تا وای لێهات پیاوان فریای ناشتنی مردووەکان نەدەکەوتن".

جینۆسایدی بارزانیەکان



"من کەل و پەلەکانم بینی جامانەی سور هێشتان ئەو گرێیەی پێوەیە کە چاوی مرۆڤێکی بارزانی پێگرێدراوە بەپشتێنەکانیان دەستیان لە پشتەوە گرێدراوە، کۆلاوەکانی سەریان هەمووی جێگای گوڵلەیە". جینۆسایدی بارزانیەکان



"بینیم هەندێکیان خوێن بە لاشەیانەوەبوو و هەندێکی ترم بینی بە جل و بەرگی شەوەوە و هەندێکیانم بینی تەنیا تاکە پێڵاوێکیان لە پێ بوو. سەربازەکان بە ئارەزوی خۆیان بە نێو پیاوەکان دەکەوتن و لێیان دەدان و بێ ڕێزیان پێیان دەکرد هەر لە پێش چاوی ئێمەوە". جینۆسایدی بارزانیەکان



"نوگرەسەلمان هەمووی هەر مردن و رەزالەت بوو، بەڵام ئەوەی لە بیرم ناچێتەوە، ئەوە بوو کە ژنێك لە حەوشەی نوگرەسەلمان هەرکە لە سەیارەکە دابەزی کەوت و منداڵی بوو، هەندێك ژن دەورەیاندابوو بۆ ئەوەی لە چاوی خەڵك بیپارێزن". ئەنفالی کورد و کوردستان



"شەوێك سەعات ١٢ی شەو بوو حەجاج هات بەدەم جنێودانەوە گووتی وەرنە دەرەوە وامدەزانی ئێوەش وەك بارزانیەکان ئێرە دەبێتە قەبرتان بەڵام بەداخەوە ئێوە بەردەبن". ئەنفالی کورد و کوردستان



"حەجاج لە سەر نوێژ و ڕۆژو گرتن خەڵکی فەلاقە دەکرد ودەیگووت نابێ کەس لێرە نوێژ بکات و( مەمنوعە سوجدە بۆ خوا بەرن دەبێ هەمووتان سوجدە بۆ من بەرن)". ئەنفالی کورد و کوردستان



"بوتڵە شوشەیەکی ئارەق یان بیرەیان لە نیوەڕا دەشکاند ئیتر ئەوەی دەمایەوە وەکو پەنجەی دەست تیژ بوون، بەندییەکانیان ناچار دەکرد لە سەری دابنیشن و زۆر بە توندیش دەستیان دەنا بەسەر شانیان بۆ ئەوەی ئەو شوشە شکاوە بچێتە ناوگیانیان". ئەنفالی کورد و کوردستان



"زەمزەم تا ڕۆژی ۱۹۸۸/۳/۱۹ لە باوەشی دایکیدا ماوەتەوە و لەو ۳ ڕۆژەدا، شیری دایکی خواردووە و بەو شیرە ژیاوە.:"دوای ۳ ڕۆژ، پیاوێکی خزممان هاتووەتە سەر تەرمەکانی خێزانەکەمان، بەڵام لەو کاتەدا بینیویەتی کە من شەهید نەبووم و لە ژیاندا ماوم، ئیتر هەڵیگرتووم و لەگەڵ خۆی بۆ ئێران بردوومی، لەوێش لە نەخۆشخانەدا بۆ ماوەی ۱۲ ڕۆژ خەوێنراوم".

کیمیابارانی هەڵەبجە



"کۆڵانەکەمان چووبوو بەیەکد، بە لاشەی شەهیدو کەرەستەی خانو ڕێگەو کۆڵانەکان گیرابوون، چەندین خێزان پێکەوە لە بەردەرك و نێو ماڵەکانی خۆیاندا شەهید بووبوون!"

کیمیابارانی هەڵەبجە



"لەو ژێر زەمینەدا هەمووومان دەترساین و لە ترساندا زەرد هەڵگەڕابووین بەردەوام لە خوا دەپاڕاینەوە کە بمانپارێزێت، بەڵام ژن و منداڵەکان هێجگار دەترسان و توانای بەرگەگرتنی ئەو هەموو ترس و بیمەیان نەبوو!. کیمیابارانی هەڵەبجە



"لە ناو ئەم هەموو ترس و بیم و ناڕەحەتیەدا (بەهرە) ی خوشکەزام کە تەمەنی یەك ساڵ و چەند مانگێك دەبوو، جار بە جار دەهات و باوەشی بە مندا دەکرد و پێدەکەنی بۆم، وەك ئەوەی حەزکات دواساتی تەمەنی بە یاریکردن لەگەڵ خاڵیدا بەسەر بەرێت!." کیمیابارانی هەڵەبجە



"لەم قەڵایەدا پیاوەکان لە بەر چاوی دایک و هاوسەر و خوشک و برا و منداڵ و کەسوکاریان بە دار و سۆندە فەلاقە دەکران، بەر شەق و مستە کۆڵە و زڵلە دەدران، سەربازانی سوپا بۆ گاڵتە و بەزمی خۆیان دنکە شقارتەی داگیرساویان بە ڕیش و سمێڵی بەندکراوەکانەوە دەنا". ئەنفالی ئێزیدیەکان



"کاتێک مرۆڤەکان بۆ یەکەمجار دەچوونە ناو ئەو قەڵایە خوێنی کەڵلەی سەری مرۆڤ و خوێنی لاشەی ئەشکەنجەدراوی مرۆڤەکان دیوارەکانی نەخشاندبوو، بۆنی خوێن و مەرگ دەوروبەری ئەم قەڵایەی داگیر کردبوو، هەرچی کچی شۆخ و شەنگە بە دەستی جەلادەکانی بەعس ناشرین دەکران و بە دەمە چەپەڵەکانیان گەزەیان لە روومەت و سینگی نازداران دەدا" ئەنفالی ئێزیدیەکان



"لە قەڵای نزارکـێ کـوردە ئێزیـدیەکان لە کـوردە موسـڵمانەکان جیـاکرابوونەوە، ئەوانەی لە نهـۆمی دووەمـی قەڵاکە بـوون کـوردی ئێزیـدی بوون". ئەنفالی ئێزیدیەکان



"دوای بڕیاری لێبووردن لە لایەن دیکاتۆرەکەیان سەدام حوسین و حزبی بەعس، ئەشکەنجەدانی جەستەیی و شوێن بزرکردن و بە کۆمەڵ کوشتن هەر بەردەوام بوو، لێدانی هاوڵاتیانی ئێزیدی لە پێش چاوی خێزانەکانیان هەتاکو گیانیان لە دەست دەدا لە قەڵای نزاکێ و دواتر زیندەبەچاڵ دەکران لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان تەنانەت منداڵی کەمتر لە ساڵێکیان لە گەڵ بوو". ئەنفالی ئێزیدیەکان



" ئاو و نانمان پێ نەبوو لە رەوشێکی زۆر سەختدا بووین بۆ شکاندنی تینوویەتی ئاوی کۆکراوەی باران کە لە چاڵەکان کۆبوبویەوە دەمانخواردەوە پڕ بوو لە مێرو دەماندا بە منداڵەکانمان". جینۆسایدی ئێزیدیەکان



"برسیمان بوو هێز و توانای راکردنیشمان نەمابوو". جینۆسایدی ئێزیدیەکان



"باوکمیان لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و کوشتیان، کاتێك هەردوو مامەکەم دابەزین، تا فریای باوکم بکەون، ئەوانیشیان دایە بەر گوللە و هەموو گیانیان خوێناوی بوو، هەڕەشەیان لە براکانیشم کرد و پێیان وتن: ئەگەر لێرە نەڕۆن، ئێوەش دەکوژین". جینۆسایدی ئێزیدیەکان




"کوا دایك و باوکم؟" جینۆسایدی ئێزیدیەکان



"خێزانەکانمان لێك هەڵوەشێنران پیاوەکان بەکومەڵ زیندەبەچالکران و ئافرەتەکانیشمان کڕین و فروشتینیان پێوە کرا". جینۆسایدی ئێزیدیەکان



" زۆر تێنومان بوو". جینۆسایدی ئێزیدیەکان



"٥٧ ئافرەت بووین بەرەو سوریا ڕەوانەیان کردین، بە زۆر و توندوتیژی زەواجیان لە گەڵ ئافرەتەکان دەکرد، لە کاتژمێری "٩ ی بەیانیەوە تا خۆرئاوابوون" مامەڵە و سەوداکردن بە ئافرەتەکانەوە بەردەوام بوو، داعشەکان دەهاتن و بەناومانا جەولەیان دەکرد و دەسوڕانەوە، بە هەوەسی خۆیان هەڵبژاردنیان دەکرد، دەیانوت ئەمەیان جوانە". جینۆسایدی ئێزیدیەکان



"هەر چەند ڕۆژێك کچەکان لەلای ئەمیرەکان دەمانەوە دواتر دووبارە دەفروشرانەوە" جینۆسایدی ئێزیدیەکان





**نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**

## نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).
•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.
•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان.

•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزکاربوانی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: رێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- رێکەوتی لە دایکبوون: ١٩٨٢/٧/٢٤**

**٣- شوێنی لە دایکبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.

**٤- بڕوانامە :** بەکالۆریۆس

**٥- دەرچووی:** کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).

**٦- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا :**

- **بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).**
- **سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)**
- **نووسەر**
- **توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).**

**٧- باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەل خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.

**٨- موبایل : ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١**

**٩- بواری داهێنان و پسپۆری و کارە خۆبەخشییەکان :**

- شارەزاو چالاكوان لە بواری جینۆسایدی گەلی كورد و كوردستان بە گشتی و بارزانیەكان بە تایبەتی و ئەنفال و كۆمەڵكوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەكانی مافەكانی مروڤ و كاركردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفكردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەكانی جینۆساید و تاوانەكانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەكان و كەیسە نەتەوەییەكان و نیشتمانیەكان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیكومێنتكردن و بەئەرشیفكردن.
- خاوەن ( ١٦ ) شازدە كتێبی چاپكراوم، كە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و كۆمەڵكوژی و تاوانە دژ بەمروڤایەتیەكان بەگشتی. هەروەها (٩) نۆ كتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەكادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەكان سودیان لێ بینراوە و بلاوكراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.
- دوو كتێب لەم شازدە كتێبە چاپكراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەكارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەكانی خوێندن ( لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەكان) دەخوێندرێت.
- خاوەنی زیاتر لە (٤٥٠٠) بەڵگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمروڤایەتیەكان و ئەنفال و جینۆسایدی كورد و كوردستان كە بەشێوازی نهێنی و ئاشكرا لە لایەن حكومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون.
- خاوەنی زیاتر لە (٦٠٠٠) وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی كوردو كوردستاندا هاتوون.
- خاوەنی زیاتر لە (١٨٠٠) چاوپێكەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و كەسوكاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مروڤایەتیەكان.
- سودێكی زۆر لە بەڵگە و وێنە و كتێبەكانم بینراوە (لە داگادی باڵای تاوانەكانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە كەیسی جینۆسایدی بارزانیەكان) هەروەها ئەندام بووم لە كەیسی جینۆسایدی بارزانیەكان و كاری سەرپەرشتیكردن و رێكخستن و دەستنیشانكردنی گەواهیدەران و شایەدحال مان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوكاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری كوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)كردووە بەمەبەستی( دەسنیشانكردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی

بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قوناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب، هاندانیان.

- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و راڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی رۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پروژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هولاًنەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی رۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.
- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی رێگای نیشتمانەوە) کە پیکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پرۆژە و کارانەی کەباسمان کردن.

**١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەلآیەتی.
- وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

بە دەیان سوپاسنامە و ڕێزلێنانن، خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و رێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).

- هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایەکانی کوردستان و رێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو و جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین رێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.

## پەرتووکە چاپکراوەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩

توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروو‌بەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆڕەتوو و قوشتەپە ـقدس و قادسیە ـ)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.

لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.

لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

### کتێبی دووەم

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠

توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەلایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو.
لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد روونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە روو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.
هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

## کتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو تاوان و رووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە روو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام وە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان داڕێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...
لە بەشێکی یەکێك لە پێشەکییەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کۆشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، وێرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی

خۆیان دەکرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

## کتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/ ٢٠١١

توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆڕشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالکریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتوێ ئەم کتێبەدا...

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەیەدا کەسایەتی و ڕۆڵ و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەکەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیکی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتکردنیان لە بوارەکانی تری ژیاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەکانی جەنگدا، کە چون بە پێنوسەکەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، خۆشی و ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەداریکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتۆگویەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢

توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ

ناوەڕۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە

کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خۆدای گەورە بە کورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.
بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵێك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران بە روحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...
خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبدالله) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆڵێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەرێز (م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆڵەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمینتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمینتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش هاوکاتە بە ساڵڕۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکومەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرێنەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.

جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژووره ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوه تا ئێواره لە خزمەت و پێشوازی میواناندابن بە ڕۆژە پشووه و هەینیەکانیشەوه.

ئەوەی من دڵخۆش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووه ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کوره شەهیدێك جێگای شانازییە.

## کتێبی شەشەم

٦- شەهیده بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.

جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣

توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەرە پێکهاتووه

ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوه.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووه:

تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە سالێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەرەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەرێن...

ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەره زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی وڵاتانی دراوسێ نێژروان..

ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمرۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...

لەم توێژینەوەیەدا ئەوه خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوه یاخۆد نەمانزانیووه یاخۆد نەمان توانیووه.

ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگیکردن لە خاك و وڵات هەرگیز بیریان لەوه نەکردووەتەوه رۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیەکیان هەبێت.

کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکاره شەهیدەکانیان، وای لێهاتووه تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.

هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە لە دووتوێ دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەڕە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژوویە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەرندە و دەست دەکەن بە خوێن مژینی خەڵکی بێ گوناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆاری مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:
١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.
٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.
٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.
٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

## کتێبی دەیەم

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ
ناوەروکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی ڕفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر ڕزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی ڕزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.
ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە ڕزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە ڕاستیەکان گوێزراونەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.
ڕەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەلاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.

داعش بە ڕاکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

## کتێبی یازدەهەم

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦

توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ

ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( باڕۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکارییەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

## کتێبی دووازدەهەم

١٢- لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٧

توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی یە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٥٢ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (١٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوەتێ.

ئەم کتێبە باس لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی ١٨ پێشمەرگەی شەهید دەکات، کە دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاك و سنورەکانی کوردستان ئەم پێشمەرگانە سنگی خۆیان کردە قەلغان تا دوا دڵۆپی خوێن مەردانە دژ بە دۆژمن جەنگان.

دوا سات و دوا دیدار و دواقسە و دوا پەیوەندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هەواڵ و دوا یادگاری ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەن.
ئەم کتێبەش وەك کتێبەکانی تر تەنیا بەرهەمەکەی نووسین نەبوو بۆ خوێنەران بەڵکو بەرهەمێکی تری یادگاریەکانی شەهیدان بوون کە لە دوو موزەخانەدا جێگیرکران و نمایشکراوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنای خەبات و قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگەکان بێت. کەل و پەلەکان بەشێکیان لە موزەخانەی ( لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دانراون و بەربەردەوامی هاوڵاتیان سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن، بەشێکی تریان پێشکەش بە موزەخانەی تایبەتی کتێب کراون بەناوی (مۆزخانەی ماڵەوەم)، کە لە ماڵەکەمدا لە کتێخانەکەمدا ئەرشیف و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستانیان هەیە، بەبەردەوامی قوتابیان و توێژەران و ئازیزان سودی لێ دەبینن.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
لەم توێژینەوەماندا هەوڵمانداوە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.
کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کور لە باوك و کور لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەڵگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.
ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەڵام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەمووومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خۆێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکوژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.
جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.
دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کلێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەووروبەری روویدا، رزگاربوان لە زاری خویانەوە چیرۆکەکانیان گێراوەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان روو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەورووبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و ڕفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر ڕزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە: کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی ڕادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تاڵاندەکرێن. ئەو جوگرافییایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و دڕندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکڕای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.
لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلدانیە ئاسوری و ئەرمەنیەکان دەسووتێنرێن. ئەو مرۆڤانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش کرستیانیبوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤانە، لە مێژەوە وەکو قوربانی هەڵبژێردراون. لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەریکا و ئەورووپا، ئەمڕۆیش لە بەرامبەر ئەم کۆکوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.
چەتەکانی داعش، ئێستاش بەڕێگای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بۆ ئەو کەسانەی کە تەرکی موسڵ ناکەن فەتوای سەربڕینیان بۆ دەرکراوە. دوای ئەو فەتواو فەرمانە قێزەوەنە، ئاسووری-

سریانی- کلدانیەکان خاك و جێگای خۆیان بەجێهێشت. لە دوا خاڵی کۆنترۆڵ پێشیان لێگیرا و هەموو پێداویستی ژیان و زێڕ و دراو " پارە " و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیان غەنیمەکران و ئینجا ئازادیان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریان دەکرێ. باوەڕیەکان هێزیان لەبەر نەماوە، نرخ و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێی

**ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە.**


④
ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی
سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان
بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللا
٢٠٠٩


خانەوادەکەی لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ لە بناری
چیای شیرین گوندی بازێ سەر بەدەڤەری بارزان
ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی
باشووری عێراق.
باوکی لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی
جینۆسایدکراوە، ئەوکات تەمەنی توێژەر کەمتر
لە ساڵێک بووە لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئۆردوگای زۆرەملێی
قودس (قوشتەپە) لە دایکبووە تەمەنی منداڵی
بێ باوک وەک گورە تاقانەی ماڵەوە بەسەر بردووە،
تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەڕۆژە سەختەکانی ژیان بەردەوام بووە لەخوێندن،
لە زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئەدەبیات- بەشی کۆمەڵناسی بڕوانامەی
بەکالۆریوسی لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ بەدەست هێناوە، ئەندامە لە کۆمەڵەی
کۆمەڵناسانی کوردستان. ئێستاش بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و
ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی
حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی تری لە ژێر چاپە سەبارەت
بە جینۆسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا.
بەرهەمێکی تری دەستنووسی لە ژێر دەستدایە بەناوی(ونبوونی یادگارییەکان لە بیاباندا).


-Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya
(quds-quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama
bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê
(Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê sallêda bûye rîveberê
rêveberayetîya karubarê şehîdan û
enfalkiryêt barzan
-Rehendên civakîyên sîyaseta
veguhastina barzanîyan bo başûrê êraqê
li serdemê be'syan da yêke ji berhemên bilavkiryêt wî.
Barova jinavbirina barzanîyan
Vekolîneka tîyorî û piraktîkî û dîrokî û sosyolojîye
Rêbwar remezan ebdulla
2010 Çapa yêkê


بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانییەکان
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللا
چاپی یەکەم
2010


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda


جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
Vekolîneka
dîrukî û sosyolujî û
Berawirdkarî û
dîkomêntariye
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
Rêbwar remezan ebdulla
چاپی یەکەم
Çapa yêkê


جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە
چەند بەڵگەیەکدا
بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی- ئینگلیزی
توێژینەوەیەکی
دیکۆمینتارییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2012


لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار نەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
هەولێر – ٢٠١١


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەرلایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێک مرۆڤ،
ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون... بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە
بێ ناسنامەبوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت،
وەک هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە...
زۆربەیان لاشەکانیان تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، لە ئەشکەوتەکان لە دایکبوونە و لە ئەشکەوتەکان
نێژراون، تەنانەت قوماشی کفنیان نەبووە... گۆرستانیان نەبووە، چونکە بەردەوام لە خەبات و
ڕاکواستن و ئاوارەبووندا بوونە... هەندێکیان بە جل و بەرگەوە، بە خوێن و گوللە و گوللەی توپ و
ساچمەی بۆردوومانی فرۆکەکانەوە نێژراون. هەندێکیان ون بوونە و تاکو ئێستاش لاشەیان
نەدۆزراوەتەوە. هەندێکیانیش چەند ئەندامێکی لاشەیان نێژراوە...
شەهید هەن لاشەیان بەتەواوی شێوێندراوە، یاخۆد قوربانیانی جینۆساید لاشەیان تێکەڵکراوە، دەستی
جینۆسایدکراوێکی تر، پێی جینۆسایدکراوێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا بە تێکەڵاوی دۆزراونەتەوە.
ئایا ئەم مرۆڤانە گوناهیان چیبوو؟!
لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەر دوشەکێك و لە ژێر سێبەری خانووی بەقوڕ دروستکراوی
خۆیان پشوویان نەدا، کەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بڵێن ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتە نین.
دایك هەیە بووەتە دووگیان وکور و کچەکانیان بوونەتە چوار پێنج ساڵان باوکی خۆیان نەبینیووە،
چونکە باوکیان لە سەنگەری خەباتدا بووە، هەشە لە دایکبووە تاکو ئەمڕۆ نازانێ کوا باوکی؟
برا هەن یەکتریان نەناسیوە، کچ هەیە دایکی نەبینیوە، منداڵ هەن لە دایکبوون لە ئاوارەیی و
لە ئەشکەوتەکان لە سەرماو سۆڵەی زستاندا و لە سەربەفر و لە ژێر بۆردوومانی فرۆکەکان...
ئایا ئەمانە بە ئازادی و یەکسانی لە دایکبوون!!
ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت،
بەڵێ ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردوونەوە یاخۆد نەمانزانیووە
یاخۆد نەمان توانیووە. ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە...
لە پێشەکی ئەم کتێبەدا
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2013
بەرگی دووەم
چاپی یەکەم
Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha
zoremilêya (Quds-Quştepe)
li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama
bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê
(Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê
rêveberayetîya karubarên
şehîdan û enfalkiryêt barzan
2


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الاباده الجماعيه للبارزانيين
في القرن العشرين
2013
چاپی یەکەم


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدى عقاب بلند پرواز بارزان من
خوش امدى عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين
3
III
2015
چاپی یەکەم


جینۆسایدی
باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی بارزانییەکان
جینۆسایدی باوکان
2016
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی
باوکان
چاپی یەکەم
2016


له شه‌هیدانی ڕێگای نیشتمانه‌وه
18 هه‌ژده پێشمه‌رگه‌ی قاره‌مان
ڕێبوار ڕه‌مه‌زان بارزانی
چاپی یه‌كه‌م
2017
كتێبی 12


جینۆسایدی دوێنێ و ئه‌مڕۆ
ڕێبوار ڕه‌مه‌زان بارزانی
2018
چاپی یه‌كه‌م


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم


لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018